


کۆمەڵە چیرۆک

# بیرەوەرییەکانی مردوویەک

## نووسینی: عەزیز نەسین

وەرگێڕان لە فارسییەوە: سمایل خزری

(هامبورگاوێ)

**پێشکەشە بە**

**ژیوار، کچە تاقانەکەم**

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ




**کتێبخانەی ( PDF )**

Public group · **100K** Members

# پێڕست


پێشەکی .................................................. i

بیرەوەرییەکانی مردوویەک .................................... ١

چۆن کودەتامان کرد........................................... ٧

دونیای هەژارەکان............................................ ١٦

کالان بێ چەقۆ نابێ.......................................... ٢٩

شێتە هەڵاتووەکە ........................................... ٣٧

بارگین کە دەڵێن، ئەمەیە؟.................................... ٤٢

چما لە تاقیکاریی سەگە سەرنەکەوتم .......................... ٤٧

کوێخا دەبێ بگۆڕدرێت......................................... ٥٣

تاپۆی حوکمەتە .............................................. ٦٣

ئەو پیاوەی هۆگری شیعر بوو .................................. ٦٩

مەنجەڵی بەکڵۆک.............................................. ٨١

ئەم شڕوشۆڵە، کەی لە نووسەر دەچێ؟............................ ٨٩

## پێشەکی

کاتێک مۆتەی پەتای کۆرۆنا خۆی خستە سەر سینگی دنیا و هەموو ئیش و پیشەیەک بە ناچاری بۆ ماوەیەک داخرا؛ ئیشی منیش بۆ ماوەی شەش حەوتوو پەکخرا و لە ماڵەوە دایانکردین. ئەی باوکەڕۆ جا من چ بکەم؟! خۆ ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نەبوو. هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای قەرەنتینەدا، لەبەر بێکاری سەرم لێ ئەستوور بوو. هەستام و چاوێکم بە کتێبەکانم داخشاند. دەمێک بوو لام لێ نەکردبوونەوە. «ئەرێ ئەمە بخوێنمەوە؟ نا ئەمەیتر باشترە! باشە کتێبی ئەڵمانی بخوێنمەوە؟ نا فارسی، کوڕە کوردی بخوێنەوە!» بژاردەکان زۆر بوون. لێی قووڵ نەبوومەوە، کتێبم لە دەوری خۆم ڕیز کردن و هەر کەمێک لەمە و کەمێک لەویی، دەستم پێکرد. سەر لە هەوەڵەوە زوو ماندوو دەبووم، دواتر وردە وردە شانم لێ خۆش بوو و بینم بە کتێب دەخواردەوە.

ڕۆژێک بە هەڵکەوت لە فەیسبووکدا تووشی کورتە چیرۆکێکی عەزیز نەسین بووم. فارسی بوو. «ما چگونه کودتا کردیم». سی ساڵ لەمەوبەر «گێلەپیاو»م بە کوردی لەم نووسەرە بەناوبانگە خوێندبووەوە. تامەکەی هەر لە بنی ددانمدا مابوو. چێژی تایبەتی «گێلەپیاو» لە لایەک و کۆدەتای سەربازی ئەوساڵانەی دوایی ترکیا، ختووکەی دەدام ئەم چیرۆکە بکەم بە کوردی. چەند جارێکم خوێندەوە. هەر جارە تامەزرۆتر دەبووم. لەبەر خۆمەوە دەمگوت بریا عەزیز نەسین مابا و بێشەرەفی و بێویژدانی ئەردۆغانیشی لەقاو دابا.

بە ماتەماتە دەستم کرد بە وەرگێڕانی کورتە چیرۆکەکە. کاتێک تەواو بووم چەند جارێکم خوێندەوە. «ئەرێ بابم ئەمە تووتنی خۆنە!»

ماوەیەک تێپەڕی. ڕۆژێک لەبەر خۆمەوە گوتم «ئەرێ با بزانم ئەم چیرۆکە هی کام کتێبی عەزیز نەسینە». هەر بۆیە دەستم کرد بە گەڕان لە ناو ئەنتەرنێتدا تا پی‌دی‌ئێفی کتێبەکەم دۆزییەوە. کۆمەڵە چیرۆکی «خاطرات یک مرده» وەرگێڕانی بۆ فارسی ڕەزا هەمراه. خوێندمەوە. لە دواییدا بیرم کردەوە «ئەرێ خۆ چیرۆکێکم لەم کۆمەڵە چیرۆکە کردووە بە کوردی، ئێستا کە ماوەی قەرەنتینە هەر دێت و درێژ دەبێتەوە بۆ قۆڵ لەوانیتریش هەڵنەکەم؟!» ئاغایەکی بە من و بە تۆ بێ، خۆم لێ گیف دا و ملم لێنا. لە سەرەتادا دەترسام، بەڵام پێشینیان گوتویانە «کار پێش ئەوەی دەستی بۆ ببەی، شێرە؛ کە دەستت دایە دەبێ بە ڕێوی». وابوو پاش ماوەیەک تەقەم لێ هێنا. بۆ کوڕێکی خزممان بە ناوی کاکە سیروانم نارد تا لەگەڵ سەرچاوەکە بەراوردێکی بکات و ئەگەر هەڵەوپەڵەیەکی تێدایە بۆم ڕاست کاتەوە. ماڵی ئاوەدان بێ لەگەڵ خاتوو ژیانی هاوسەری، بۆیان هەڵپەرداوتم و دواتریش لەسەر پێشنیاری خۆی دای بە مامۆستا هێمن کە هاوڕێی خۆی بوو و لە بوواری ڕێنووسەوە ئەویش هەڵەی بۆ ڕاست کردوومەوە.

لە بەر خۆمەوە خۆزیام دەخواست ئێمەی کوردیش «عەزیز نەسین»ێکمان هەبا، تا ئاکار و ڕەوشتە ناشیرن و کۆمەڵایەتییەکانمان بە زمانی گاڵتەوگەپ پێ نیشان داتەوە؛ بەشکم وریاتر بینەوە.

با بێینەوە سەر کتێبەکە. کاک ڕەزا هەمراه، وەرگێڕە فارسەکەی ئەم کتێبە لە پێشەکی وەرگێڕانەکەیدا دەڵێت «ئەم چیرۆکانەی لە ناو چیرۆکی ساڵەکانی ١٩٥٦ تا ١٩٥٩ گوڵبژێری کردوون و لە دوو تویّی کتێبێکدا و لە ژێر ناوی «خاطرات یک مرده» لە چاپی داوە». کەواتە عەزیز نەسین کتێبێکی بەم ناوە نەبووە. منیش هەر لە ژێر ئەم ناوە کتێبەکەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هەوڵم داوە وەرگێڕێکی بە ئەمانەت بم و تا ئەو شوێنەی ڕێگام بووە لە خەتم لانەداوە، جگە لەوەی ناوی کەسایەتییەکانم کوردانووە. ئەویش لەبەر یەک هۆکار کە زۆربەی ناوەکان لە زمانی کوردیدا نەک خۆش نەبوون بگرە هەر ناشیرنیش بوون. بەس هەوڵم داوە ناوێکی کوردی نزیک بە ناوە سەرەکییەکە بێت و لێی دوور نەبمەوە. ئیتر نازانم کاک ڕەزا هەمڕاە، خۆی چەندی گۆڕیوە یا نەیگۆڕیوە کە هیوادارم ئەمین بووبێت. ئەوەی گرینگە هەوێنی چیرۆکەکانە کە کاک عەزە زۆر باشی تێکهەڵکێش کردووە. شێست حەفتا ساڵ لەمەوبەر چیرۆکی وەهای نووسیوە بەکەڵکی ئێستای خەڵکی وڵاتی ئێمە دێت. پێشموایە قەت کۆن نابن.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم بەرهەمە جێی ڕەزامەندی خوێنەری کورد بێت و کەلێنێکی هەر چەند چووک لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە.

**بە سپاسەوە**

**سمایل خزری (هامبورگاوێ)**

**١٣٩٩ی کۆچی هەتاویی**

## ١
# بیرەوەرییەکانی مردوویەک

خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێ کە ژیان ڕووت لێ وەرگێڕێ! من کە برم نەکرد و زوو داهاتم و دڵنیاشم کەس ناتوانێ لە حاند کوێرەوەری و چەرمەسەری ژیاندا بەربەرەکانی بکات و پێی فل دەبێت. من بوێر بووم و توانیم خۆم بکوژم و لە دەست کۆی گرێوگۆڵەکان و نەهامەتییەکان قوتار بم. بەڵام دەزانم زۆرن ئەوانەی ڕۆژێ هەزار جار دەمرن و دەژینەوە و هێشتاش خۆشی خۆشیانە کە زیندوون. بیرەوەرییەکانی من بۆ ئەم تاقمەیەیە و ڕووی قسەم لە وانە.

دوو شەو و ڕۆژ خۆم و ژن و منداڵم برسی بووین و زگمان بە پشتەوە نووسابوو. حاشیام وەگیر نەکەوتبوو ئاهی زگمانی پێ بشکێنم. هەر چۆنێک با، من خۆم بۆ ڕادەگیرا بەڵام نەمدەزانی بۆ ماڵ و منداڵ قوڕی کوێ بەسەر خۆم کەم، هەر ڕۆچنەیەکم شک بردبا بۆی چووبووم، بەڵام هیوابڕاو گەڕابوومەوە.

هەموو دەرگاکان بەرەوڕووم گاڵە درابوون. تاقە ڕێگایەک بەر چاوم دەهات، خۆکوشتن بوو. لەو بابەتەش بێئاگا بووم کە خۆکوشتن گەلێک لەم ژیانە ئاستەمتر و سەغڵەتترە.

خۆخنکاندن لە ئاودا لە گشتیان هەرزانتر بوو. هەموو لێوار و دەم چەمەکەی ئەستەمبووڵم سەنگ و سووژن دا، بەڵام شوێنێکی بەلاوەم نەدۆزییەوە لەوێوە خۆ لە دەریا هاوێم. دەوڵەمەند و ملهوڕەکان سەرانسەری کەنارە ئاوەکەیان داگیرکردبوو و باغ و باغات و کۆشکی تەرز و بەرز و بەشکۆیان لێ ڕاکێشابوو.

ڕۆژێک بە هەزار فڕوفێڵ توانیم بە خۆڕایی سواری کەشتییەک بم. بەنیازبووم کە کەشتییەکە گەیشتە نێوبەندی دەریا، خۆم هەڵدەمە ناو ئاوەکە، بەڵام کەشتییەکە وەها ئاخنرابوو کە ڕێ وەبەر ڕێدار نەدەکەوت. بەس توانیم بە لینگەفرتە و پەلەقاژە خۆم بگەیەنمە تەنیشت پەنجەرەی کەشتییەکە.

ئەمجار ساغ بوومەوە بە تیغێک دەمارم ببڕم. ئەویش سەرینەگرت. لەبەر ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا بە جۆرێ تیغەکان کول و هیچ و پوچن کە بە حاڵەحاڵ و بە زۆری ڕدێنی پیاو دەتاشن، ئیتر کەی دەمار دەبڕن! لەبەر خۆمەوە گوتم:

ڕەنگە وادەی مەرگم نەهاتبێ با چەند ڕۆژێکیتر خۆم ڕاگرم، بەڵکوو ژیانم بە لایەکدا کەوێت.

ئێحسان، برادەری قوتابخانەم، لە سۆنگەسەری باوکییەوە کە پارەی زۆری لێرولەوێ پاشقول دابوو، هەر زوو وازی لە قوتابخانە هێنا و ملی لە کەسابەت نا. دەمزانی چاک هەڵچووە. بڕیارم دا ئێش و ژانی ژیانم بۆ لای ئەو ببەم، بەشکم گرێپووچکەی ژیانم بکاتەوە. دوو سێ شەقامم بە پێ بڕی تا گەیشتمە ماڵی ئێحسان. خۆم بە ئەو خزمەتکارە ناساند کە دەرگای لێ کردمەوە. پاشان گوتم:

- تکایە بە کاک ئێحسان بڵێن چەند خولەکێک ئیشی خۆم پێیە.

خزمەتکارەکە پاش تاوێک گەڕایەوە و گوتی:

- بەڕێزیان میوانیان هەیە، فەرموویان با بێتە ژوورەوە.

نەمدەویست بچمە لای میوانەکانی. گەدوگیپاڵ و سەروڕووم بۆ میوانی نەدەبوو. بەڵام خزمەتکارەکە پێداگربوو و منی بردە ژووری میوانەکان. میوانەکان بە هەراوهوریاوە خەریکی خواردن و خواردنەوە بوون. هەروا لە پێشەوە لە لای دەرکەی ژوورەکە ڕۆنیشتم تا لە هەلێکی گونجاودا بەسەرهاتەکەم بۆ ئێحسان بگێڕمەوە. ئێحسان لە سەرەوە، لە تەنیشت برادەرەکانی دانیشتبوو. داوای کرد قسەکەم بکەم. سەر لە هەوەڵەوە تۆزێک دڵەڕاوکەم بوو. نەمدەویست ئەوانیتر گوێیان لە باسەکە بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کات بە فیڕۆ نەچێ و ئێحسانیش سووربوو لە سەری، چیرۆکی ژیان و کێشەکانی سەر ڕێگای خۆکوشتنم بۆ باس کرد.

میوانەکان بە تامەزرۆییەوە گوێیان بۆ شل کردبووم. کوڵی گریانم هەستابوو، تینم بۆ خۆم دێنا فرمێسکم نەیەنە خوار. بەڵام میوانەکان بەپێچەوانەوە قاقا پێدەکەنین. بە جۆرێک کە خانمێک کە لیوانی شەرابی بە دەستەوە بوو لەبەر پێکەنینی زۆر، خۆی بۆ نەگیرا و بە سەر پیاوێکدا کەوت! یەکێ لە میوانەکانیش بە جۆرێ پێدەکەنی کە چاوی پڕ بوون لە ئاو. لە کاتی ماڵاواییدا، ئێحسان پێنج لیرەی خستە مستمەوە و گوتی:

- هەر ئیشێکت بوو دیسان وەرە ئێرە بۆ لام.

لە ماڵی ئێحسان هاتمە دەرەوە. پێنج لیرەکەم هێشتا بە دەستەوە بوو. نەمدەزانی چ لەو پارەیە بکەم. بەو پێنج لیرە نەمدەتوانی نانی وشکیش بۆ ژن و منداڵم بکڕم. لەناکاو بە سەرم داهات پێنج لیرەکە بدەم بە تۆزێک دەرمانەمشک و بۆ هەتاهەتایە خۆم لە چنگ ئەم ژینە نەگبەتە دەرباز بکەم. دەرمانم کڕی و چوومە ناو پارکێکەوە. لە پەنا شێرە ئاوێک، دەرمانم بە گەروودا کرد و چەند قومە ئاوێکیشم بە سەریدا هەڵقووڕاند و بێخەم لە سەر کورسی پارکەکە، تەخت بۆی ڕاکشام. هێندەی پێنەچوو چاوم گران بوون و بێهێزییەک هەموو جەستەمی داگرت. خەوی هەتا هەتاییم بوو و ئیدی مردم.

پاش ماوەیەک کارگێڕی ئیش و کاری پارک هاتە سەرم و بە گوومانی ئەوەی نووستبم، دوو سێ جاری ڕاتڵەکاندم. دواتر داهاتەوە و گوێی بە سینگمەوە نا و تێگەیی کە هەناسە نادەم و مردووم. ڕەنگێکی هێناوبرد و وەک مێژۆکە دەستی بە لەرزین کرد و وەپرتەپرت کەوت. ویستی هاوار بکات، بەڵام دەنگی نووسا. هێندەی نەمابوو بپڕمێنم. هەر چۆنێک بوو پێش پێکەنینەکەم گرت. دەترسام زیندوو ببمەوە و دیسان کێشە و چارەڕەشی و کۆست و کڵۆڵی جارانم بێتەوەڕێ.

کارگێڕی پارک بە هەڵەداوە چووە دەرەوە و لەگەڵ دوو سێ کرێکاری شارەوانی گەڕایەوە. لە سەتڵێکی زبڵیان هاویشتم و بە نەقەنەق منیان برد بۆ پزشکیی دادوەری. لەوێش وەک لێفە شڕێک، فڕێیان دامە ناو ساردخانە و دەرگایان داخست. پیرێژنێک کە لە تەنیشتم ڕاکشابوو، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:

- بەخێرێی ڕۆڵە گیان. ئەوە بۆ بەو تەمەنە کەمەوە مردووی؟

وڵامم داوە :

- نەمردووم. خۆم کوشتووە!

بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

- ئەیاڕۆ بۆجا خۆت کوشتووە؟

- لە دنیایە زۆر خۆشم ڕادەبوارد، بۆیە. ئیتر ماندوو ببووم!

پیرێژنەکە تێگەیی پێی ڕادەبوێرم و گاڵتە دەکەم. نێوچاوانی تێکنا و گوتی:

- قسەی قۆڕ مەکە. لەم ڕۆژگارەدا لەم کاولە دنیایە، کەس خۆشی بەرەوڕوو نایات!

وڵامم داوە:

- وێدەچێ تۆ لە مێژە مردبی و ئاگات لە دنیا نەمابێ.

پیرێژن گوتی:

- نزیکەی دوو مانگێک دەبێ.

ئەمجارە نۆرەی من بوو سەرسام بم. بە حەپەساوی گوتم:

- دوومانگە مردووی و هێشتا لە پزشکیی دادوەریی؟!

- پێت سەیر نەبێ، هێشتا سەرەم نەهاتووە.

هەر دووکمان چەند چرکەیەک بێدەنگ بووین. پیرێژن گوتی:

- تۆ کەی مردی؟

گوتم:

- دوو کاتژمێر دەبێ.

پیرێژن بێبڕوایانە گوتی:

- هەر ئاوا زوو ئیشەکانت جێبەجێ بوون و هاتیە پزشکیی دادوەری؟

- ئیشێکم نەبوو!

- بەڕاستی مردوویەکی خواپێداو و بە شانس و بەختی.

لێم پرسی:

- چما مردووش نێوچاوانی دەوێت؟!

- ئەی چۆن! دە پازدە ڕۆژ لێرە بمێنییەوە تێدەگەی.

- باشە بۆ چی ئەوەندەیان دەستاودەست پێ کردوون و ڕاگیراون؟

- بەشێکی سوچی منداڵەکانمە. حەز ناکەن بەرپرسانی حوکمەت لە مردنی من ئاگادار ببنەوە.

- بۆچی؟

- بە هوێ ئەوە کە کۆپینی نەوت بە ناوی من تۆمارکراوە. ئەگەر حوکمەت بزانێت من مردووم، کۆپینەکەش بەتاڵ دەبێتەوە. منداڵەکان واز لە میراتی من دێنن، بەڵام دەستهەڵگری ئەم کۆپینە نەوتە نابن!

بە پیرێژنەم گوت:

- دەیجا ڕەنگە ئەو تەرمانەی‌تر، وەها کێشەیەکیان نەبێت؟

- ئەرێ بە سەری تۆ. کوڕە هێندێکیان دۆخەکەیان لە منیش خەراپترە. ئەو ژنۆکەی لە تەنیشت دیوار فڕێدراوە، تا ئێستاکە شەش حەوت جار مردووە و زیندوو بووەتەوە. هەر جارەی دەیبەن بینێژن، ڕاست دەبێتەوە. هەر کە دەیبەنەوە ماڵێش، تەنگ وچەڵەمەکانی ژیان دەبینێت، هەمیسان بە لادا دێتەوە.

لەو قسانەدا بووین دەنگی بۆڕی پیاوێکم بیست:

- لە چنگ دکتۆران وایلێهاتووە.

وەرسووڕامەوە لە تەنیشتی چەپم مردوویەک ڕاکشابوو. لێم پرسی:

- جەنابیشت مردووی؟

بە دەنگێکی ئەستوور وڵامی داوە:

- نەمردووم! کۆچی دواییم کردووە. چما ڕۆژنامەکانت نەدەخوێندەوە؟! گشت ڕۆژنامەکان بابەتیان لە سەر کۆچی دوایی من نووسیبوو!

پرسیم:

- وتاریان بۆ نووسیوی؟

- نەخێر. ئاگاداریی پرسەوسەرەخۆشیان بڵاو کردبووەوە. بنەماڵەی خۆم و هەموو خزم و کەس وکار و هاوبەشی نووسینگە و دامەزراوەکانم، ئاگاداریی پرسەوسەرەخۆشی دوور و درێژیان دابووە ڕۆژنامەکان. کەڕ و کوێر و نەخوێندەوارەکانیش ئەم ئاگادارییەیان دیتبوو. تۆ چۆن نەتبینیوە؟!

- بەداخەوە نەمبینیوە.

- ئاگادارییەکان وەها جوان و شایانە بوون کە بە مردنی خۆم، گەشامەوە. یەکێ نووسیبووی «کارەساتێکی دڵتەزێن»، یەکیتر نووسیبووی «لە دەستدانێکی بەژان»، ئەوەی دی نووسیبووی «باوکمان... هاوسەرم... خەزوورم... کوڕەکەم... زاواکەم، سەرۆکی فڵانە کۆمپانیا... یەکێ لە کەسایەتییەکانی بە ناوبانگی وڵاتمان... کوڕی سەرۆکوەزیرانی سێمان پاشا، نەوەی قاسم و زاوای بارام پاشا...».

مردووە بەناوبانگەکە بەردەوام سەبارەت بە ئاگادارییە لە چاپدراوەکانی پرسەوسەرەخۆشی خۆی دەدوا. قسەکانم پێبڕین و گوتم:

- ئاها منیش بەڕێزتانم ناسییەوە. خۆتان ماندوو مەکەن. ئێستا تێدەگەم جەنابتان چەندە کەسایەتییەکی گرینگ و پایەبەرزن. بەس بفەرموو بەوهەموو لایەنگر و خزم و کەسوکارەوە بۆچی لێرە ماونەوە؟!

مردووە بەناوبانگەکە وڵامی داوە:

- گۆڕستان دەست ناکەوێ. بنەماڵەکەم ناخوازن من لە گۆڕستانی گشتی بنێژن. دەیانهەوێ گۆڕێکی شایانە و بەشکۆم بۆ بدۆزنەوە. بەڵام لەم ڕۆژگارەدا تەنانەت کڕین و فرۆشتنی گۆڕەکانیش چۆتە نێو ڕەشەبازاڕەوە. بیندنەوەی گۆڕێکی شاز و بەشکۆ، تاقەت پڕووکێنە!

گوتم:

- جا بۆ مردوویەک چ جیاوازییەکی هەیە لە چ گۆڕێکدا بنێژرێت؟!

وڵامی داوە:

- بۆ مردوو ڕەنگە جیاوازی نەبێت، بەڵام بۆ زیندووەکان گەلێک جیاوازە. بە تایبەت بۆ بنەماڵە و بنەچەی ئێمە کە گەلێک بە ئابڕوو و بە حورمەتن. هەروەها لەبەر چاولێکەرییەک کە لە نێوان دامەزراوە و کۆمپانیا بازەرگانییەکان لە ئارا دایە، دەبێت و دەشێت بە جۆرێ لە جۆرەکان گۆڕی من لە گۆڕی باوکی سەرۆکی کۆمپانیای دژبەرمان، کە ئەمیش دوو سێ حەوتوو لەمەوبەر مرد، شازتر و بەشکۆتر بێت.

گوتم:

- دەی ئەگەر پارەکەی هەیە، چما دەست بەکار نابن؟

مردووە بەناوبانگەکە بە کەسەرەوە وڵامی داوە:

- هۆکاری سەرەکی ئەمەیە کە کۆمپانیای ئێمە هەموو زەوییەکانی گۆڕستانی کڕیوە و ئێستا بنەماڵەکەم چاوەڕوانن نرخی ئەم زەویانە بەرز بێتەوە تا گۆڕەکەی من، پارەیەکی زۆرتر ببرێت.

بە جۆرێ لە قسەوباسی مردووە بەناوبانگەکە بە ڕقدا چووم  کە دەرەتانم نەما و بە هەموو هێزی خۆم یەکم لە بن گوێی قایم کرد. هەر ئەو ڕاتڵەکانە، مچووڕکێکی بە لەشدا هێنام. چاوەکانم بە شل و کوتی هەڵێنا. دوو سێ کەس بە سەرمەوە هەڵوێستابوون. وەمزانی مەلاییکە و پەری و مەرین و هاتوون گۆڕەوشارم دەن. بەڵام هەر زوو بۆم دەرکەوت یەکیان پاسەوانە و دوو سێ کەسەکەی‌تر، کرێکار و خزمەتکاری پارکن. پاسەوان کە زانی دەجووڵێم و نەمردووم، نووکە پێیەکی لە شانی کوتام و گوتی:

- هەستە بڕۆ کاکە، دەیانهەوێ دەرگاکانی پارک داخەن.

لە جێگای خۆم هەستام. هێشتا گێژوو وڕ بووم. پرسیم:

- بۆ من نەمردووم؟!

هەموو دایان لە پڕمەی پێکەنین. پاسەوان گوتی:

- بۆ مردن هەروا بە حاسانە؟

دڵقی دەرمانەمشکەکەم نیشان دان و گوتم:

- ئەم هەموو ژەهرەم خواردووە، هەر زیندووم؟!

وێکڕا تریقانەوە. پاسەوانەکە گوتی:

- گەوجە چما نازانی لە ڕۆژگاری ئێستادا، دەرمانەکانیش هەموو ساختە و ساختەکارین؟! هەستە ئەم داشقە تووره بپێچەوە!

دواتر بن هەنگڵیان گرتم و بە ڕاکێش ڕاکێش وەپشت دەرگای پارکیان نام. لە سایە سەری دەرمانفرۆشی ساختەچی، یا لەوە دەچوو هێشتا پێکی تەمەنم پڕ نەبووبێ، نەمردم و لە دنیادا مام، تا ماوەیەکی‌تر جەزرەبە بدرێم و دیسان تویخێکم لێوەبێت. دوای ئەو خۆکوشتنە بێ‌ئاکامەم، کێشەیەکی‌تر خرایە سەر کۆی گرێوگۆڵەکانی ژیانم. ئەویش ئەمەیە، دەرمانەمشک کرمەکانی گەدەی پێ دانابووم و گەدەم خاوێن بووەتەوە و ئیشتیا و ئارەزووی خواردنم چەند قات بووە!

## ٢

# چۆن کودەتامان کرد

ئەگەر نێوچاوانمان بووبا، ئەورۆ دەبووو شا باین و لە سەر تەختی. هەڵبەت هەمووش هی نێوچاوانی ڕەشمان نەبوو. بۆ خۆشمان تا ڕادەیەک تاوانبار بووین. هەموو ئیشەکان وەک ئاوخواردنەوە چوونە پێش. دەستی شکاوم نەمانتوانی هەواڵی ئەم سەرکەوتنە بگەیێنینە هاووڵاتیان. هەر بەو هۆیەشەوە ڕیسەکەمان لێ بووەوە خوری و هێندەی نەمابوو سەروماڵیشمان تێداچێت.

هەر ئەمەی کە شوشەی ژیانمان لە بەرد نەدرا و لەو نەگبەتییە دەرچووین و تێدانەچووین، سەد هەزار جار شوکرانە بژێرین. بەڵام دەستکەوتێکی گەورەشمان هەبوو: تێگەیشتین تاکوو نەتەوەیەک خۆی لە ناخی دڵەوە حەز بە گۆڕان نەکات و بۆ تێکچوونی حوکمەت نێنەڕەدایە، «کوودەتا»ش بەکەڵک نایە و تا هەر کوێش چووبێتە پێش، هەر کە لە شتێک هەڵنگووت، خێرا بە لارێدا دەچێت. ئەگەریش دەڵێن وانییە گوێبیستی بەسەرهاتی ئێمە بن، تا چاو بە مۆلەق بمێنن.

ئێمە تاقمێک هاوڕێی خۆشەویست و برادەری گیانی‌گیانیی یەکتر بووین کە لە بەرخۆشی و ئاسوودەیی دەتلاینەوە. هەر چەند خاوەن دەسەڵات بووین و لە زۆر و زەوەندی ماڵوحاڵ و پووڵ و پارە، سەرە دەرمان دەر نەدەکرد، بەڵام جاڕز و وەڕەز بووین. هەر بۆیەش ڕێککەوتین شۆڕش بکەین و دەسەڵات وەئەستۆ گرین و بۆ خۆمان چاری خۆمان بکەین. هەموو کەلێن و کەلەبەری ئیشەکەمان تاووتوێ کرد و پلانی تەواومان بۆ شۆڕش لە گەڵاڵەدا. ڕێوشوێنی پێویستمان بۆ هەر جۆرە ئاستەنگێک، لە سەر قاقەز نووسی. ئەرک و کاری هەموو هاوڕێیان دیاری کرا. تێڕوانینمان بۆ بچووکترین بابەتەکان کرد. بە دڵنیاییەوە دەڵێم لە هەموو مێژوودا و لە ناو هەموو ئەو گەلانەی شۆڕشیان کردووە، هیچیان وەک ئێمە بە وردی بۆی نەچوون و بێ‌هەڵە و پەڵە، بە دەرئەنجامیان نەگەیاندووە.

ئێمە بەس هەڵەیەکی گچکەمان بوو. ئەویش دەستنیشان کردنی ڕۆژی ڕاپەڕین بوو. ئەگەر چاوێکمان بە ڕۆژژمێرا خشاندبا، یا گوێمان لە هەواڵی کەش‌وهەوای ڕادوێ بگرتبا، یەکەم ڕۆژی زستان، کە ئەگەری بەفر و باران هەبوو، وەک ڕۆژی شۆڕشەکەمان هەڵنەدەبژارد و ئەم کەتنەمان نەدەناوە. کوڕەکان بە جۆرێ لە خەشدابوون کە تەنانەت لە بیرمان نەبوو نووکەیەکیش بۆ بەڕێوەبەری کەشناسی بکەین تا لە بارودۆخی کەش‌وهەوا ئاگادار بین. نازانم بیستووتانە یاخود نا، لە شاری ئێمە هەر کە چەند خولەکێک شڵێوە بکات، ئیتر هەموو ئیش و کارەکان دەوەستێ و هاتووچۆ پەک دەکەوێ و ئاو و کارەبا قەپات دەبێت. سەیارە و شەمەندەفەر ڕادەگیرێن و هەواڵی ڕادوێ و پەیوەندی تەلەفۆنەکانیش زۆربەی جار دەپچڕێن. بەداخەوە ڕۆژی ڕاپەڕینی ئێمەش لە وەها ڕۆژێک ئاڵقابوو! ئەگەر ئێمەش لە ڕاپەڕیندا خاوەن ئەزموون باین و چەند جارێک پڕۆڤە و ڕاهێنانمان بۆ کردبا، لە جیاتی هەوەڵ ڕۆژی زستان، چلەی هاوینمان هەڵدەبژارد.

شـاری ئـێمه لـه جەنـگەی قرچەقرچـی هـاوین، پەپـووی تێـدا دەخوێنێـت. زۆربەی خەڵـک دەچـنە جێ‌هەوار و نێوباخان. تەنیا هێندێک فەرمانبەر و کارمەندی پلەخوار و هێنـدێک کاسـبکاری بێئەنـوای تاک و تەرا کە بژێوی ڕۆژانەیان بە چنگەفرتە وەچنـگ دەخەن، لە شـاردا دەمێنـنەوە. لە ڕاستیشـدا ئەم جـۆرە کەسـانە بە ئیشـی خۆیـانەوە سـەرقاڵن و کاریـان بە کـاری کەس نییـە. هەر بۆیـە دەسـت بەسەرداگرتنی دایرە و دەم و دەزگا حوکمییەکان سـووک و ئاسـانا. لەو هەلـومەرجەدا هەمـوو کەس بـۆ کات ڕابواردنیش بێ، دەتوانێت ڕاپەڕین بکـات. ئێسـتا تێـدەگەن چـۆن هەمـوو شـتێکمان زۆر بە وردی شـی کردبووەوە! بەس ئەگەری باران بـارین لە بیرکرابـوو. هێشـتاش هەر کـات وەبیـرم دێـتەوە کـزەم لە جەرگ و هەناو دێت. لەبەر خۆمەوە بە ورتەورت دەڵـێم: «ئێمەمانـان چەنـد گێـل و نەزان بـووین هەلـی وەها باشمان لە کیس چوو!»

بەندە سوتوان «حاجۆ دەنگ‌خۆش» بە هۆی دەنگ خۆشییەوە، لەگەڵ سـەرهەنگ «وەلـی کەڕ» و لە ژێر فەرمانی بەڕێزیانەوە، دەبوو دەست بەسەر ڕادوێدا بگرین. «نەویدی حوسێنە داڵ»و ژەنەڕاڵ «زەکـی ئەڵمانی»یش بە هاوکـاری سـێ چەکداریتر، دەبـوو بە سـەر چێشـتخانەی «حوسـنی بەتـام» دادەن. سەرگورد «مەڕەوان» و چوار هاوڕێی‌تریش، دەبوو پۆستەخانە داگیرکەن. داگیرکردەنـی دایـرەی گۆشـت دابەشین، لە ئەستۆی تاقمی ژەنەڕاڵ «خەییام»دا بوو.

زۆری لە سەر نەڕۆم، بە کوردی و بە کورتی ئێمە بەر لە شۆڕش هەمـوو شـوێنێکی بـاش و بە حاسـەڵاتمان لە ناو خۆماندا دابەش کردبوو. «حەمە کوێر» کە پێشتر ئەفسەری سـتوونی چـوارەم بـوو و دوو سـاڵ لەمەوبەر خانەنشین کرا، دەبوو بەندیخانە داگیر کات، تا ئەگەر شۆڕش سەرینەگرت و دەستبەسـەر کـراین، لە پێشـدا نـوێن و بـانی باشـمان لە گرتووخـانە بـۆ دابـین کـات. لەو کەیـن و بەینـەدا، بە دوای چەنـد هـاوڕێ و برادەری‌ترەوە بووین تا دایرەکانی‌تر داگیر کەن. جەنابی سەرگورد «شەهاب» گوتی:

- دایرەیەک کە کەڵکـی نییـە بـۆچ لە خـۆڕا دەسـتی بە سـەرداگرین؟ دایـرەی دارایـی و شـارەوانی سوودێکیان لۆ مە نییە! وا هەیە بە دوو سێ مانگ مووچەی فەرمانبەرەکانیان پاش دەکەوێت، هەروا لـە گۆترە ئێمەش بچین و کات بە فیڕۆ بدەین و ئارەقی ڕەش و شین بڕێژین و داگیریان کەین؟! بۆ چـی؟! دایرەی سەرژمێری کە هەر باسی مەکەن، ناوەکەیان بسڕنەوە.

هەمووما‌ن هاوڕا بووین، بەس ژەنەڕاڵ «زەکی ئەڵمانی» گوتی:

- ئێوە کە هەروا بە سووک و ئاسانی ڕوو لەم دایرانە وەردەگێڕن چما شۆڕش دەکەن؟!

بەڵام کەس سـەرنجی نەدا قسـەکانی و پێشـنیارەکەی جەنـابی سـەرگورد «شـەهاب»، بە زۆریـنەی دەنگ پەسند کرا.

بەر لە هەمـوو شـتێک پێویسـت بـوو کاربەدەسـتانی ئەمریکـی لە بەڕێوەچـوونی شـۆڕش ئاگـادار کەینەوە. لێمان سوور و عەین بوو ئەگەر ئەمریکییەکان قایل نەبـن، دەم لە پـووش دەمێنیـنەوە و هەزار

بریا ناگاتە فریا. هەر بۆیە وەڤدێک خۆمان سازدا بچینە لای باڵوێزی ئەمریکا و هاوەدەنگی ئەویش بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین.

بڕیار درا وەڤدێکی چوار کەسی بچینە لای سەرۆک باڵوێز. بەهۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزیم دەزانی، وەڤدەکە منیان دەستنیشان کرد تا وەک نوێنەر و وتەبێژی برادەران لەگەڵ بەڕێز باڵوێز دانووستان بکەم.

کاتێ وەژوور باڵوێزخانە کەوتین، دەرکەوت پێنج شەش کەسیتریش وەخۆ کەوتوون وەک ئێمە شۆڕش بکەن. جەنابی باڵوێز بە سەرورووی خۆش و دەم بە بزەوە بە خێرهاتنی کردین. دەستم بە قسان کرد. دوای پێشکەش کردنی پێشەکییەک، ویستم باس و خواسی سەرەکیمان دامەزرێنم کە ئەخت و چارم کرد وشەی شۆڕشم بە ئینگلیزی بیر نەهاتەوە و نەهاتەوە. «ئەی هاوار و داد و بێداد، قەت ئەمە قسەیە!»

باڵوێز، گوێ قووڵاغ، چاوەڕوان بوو بزانێ هۆکاری ئەم سەردان و چاوپێکەوتنە چییە و چمان دەوێت. منی داماو و قوڕبەسەریش مێشکم هەڵدەگووشی و دەمکێڵا بەڵکوو وشەی شۆڕشم بێتەوە بیر. هەرچی خۆم هێنا و برد و تینم بۆ خۆم هێنا، وشەی شۆڕش نەهاتە سەر زارم. لە کوڕەکانم پرسی. ئەوان نەک هەر وشەی شۆڕش، بەڵکوو هاڕەیان لە برەی زمانی ئینگلیزی نەدەکرد. بە پەلەقاژە و مستەکۆڵە و سەر و گوێ بادان، دەمویست کاکی باڵوێز تێبگەیێنم ئەمشەو بەتەماین شۆڕشێک هەڵایسێنین. لە سەرەتاوە جەنابی باڵوێز بە هەڵە تێگەیشت و وەیزانی گاڵتەی پێدەکەم. هەر بۆیە زۆر تووڕە بوو. هەر چۆنێک بێ بە هەزار جرتەوفرتە لە ڕازی مەبەستم تێگەیاند و حاڵیم کرد بۆ چ هاتووین و چمان دەوێت و داوای بیر و بۆ چوونی ئەومان کرد.

باڵوێز گوتی:

- ئەگەر سەرکەوتن یاریدەرتانین و پشتگیریتان دەکەین. ئەگەریش پلانەکەتان تێکشکا، ئێمە چارمان نییە و بەردەوام دەبین لە پاڵپشتی دەسەڵاتی ئێستاکە.

دوای ئەم قەرار و مەدارە، لە باڵوێزخانە هاتینەدەر و دەستبەجێ وەخۆ کەوتین. زەردەپەڕی ئێوارە تاقمەکەی ئێمە بێ دەستکردنەوە، ستۆدیۆی ڕادوێی داگیرکرد. بڕیار وابوو دوای دەست بە سەرداگرتنی رادوێ، بە دەستەوە بین تا کوڕەکانیتر ئەرکی سپێردراویان تێپەڕێنن و بە ئێمە ڕابگەیێنن و ئێمەش هەواڵی بەپەلەی دەسپێکی شۆڕش لە ڕادوێ بڵاوکەینەوە. چارەگە سەعاتێک تێپەڕی، هیچ هەواڵێک لە هیچ کام لە هاوڕێکانەوە نەهات. نیو سەعات تێپەڕی، هەر نەهات. بوو بە سەعاتێک، بوو بە دوو سەعات، سۆراخیان هەر نەبوو.

پەشۆکاین. بە بەڕێز سەرهەنگ «وەلی کەر»م گوت:

- لەوانەیە کوڕەکان دەستبەسەر کرابن و ئێستاش دێنە زگ ئێمە.

سەرهەنگ کە وەک مێژۆکە دەلەرزی گوتی:

- ئەگەر هێزی حوکمەت هەڵیانکوتایە ئێرە و لێیان پرسین، لۆ لێرەن؟ بڵێین چی؟!

- بەڵێ گەورەم ڕێک وایە، بیرمان لەو بابەتە نەکردبووەوە.

جەناب سەرهەنگ گوتی:

- چارەسەرێکم دۆزییەوە!

- چی گەورەم؟

- ئەگەر کەسێک هاتە ژوورەوە، دەست دەکەین بە لێدانی مۆسیقای نیشتمانی و خۆی لێ گێل دەکەین.

- ئاخە گەورەم خۆ من چ مۆسیقایەک نازانم!

سەرهەنگ دای لە پرمەی پێکەنین گوتی:

- چما من دەزانم؟! ئەگەر کەسێک هات دەبێ وابنوێنین کە خەریکی پرۆڤەی مۆسیقاین. تەواو.

هەموو دیوەکانمان پشکنی. زوورنایەک و ویۆلۆنێک و جازێک و هێندێک ئامێری‌تری مۆسیقامان دۆزییەوە کە هەر ناوەکانیشمان نەدەزانی. چەکدارێکی هاوڕێمان زوورناژەنی چاک بوو و فێری ئەوانی دیشی دەکرد.

بە سەرهەنگم وت:

- گەورەم بۆ ناچن بزانن هاوڕێیانی‌تر خەریکی چن و بۆ چی سۆراخیان نییە؟

جەناب سەرهەنگ لەوەدەچوو دەمێک بێ چاوەڕوانی پێشنیارێکی وا بووبێ، وەک فیشەکە شێتە دەرپەڕییە دەرەوە و ئیتر بێ‌سەروشوێن بوو. هەر ئەو چوونە بوو، بۆی دەرچوو.

دوای دوو کاتژمێر کە دڵنیا بووم سەرهەنگ هەر نایاتەوە، چەکدارێکم نارد بچێ هەواڵی کوڕەکان بێنێت. ئەویش بۆی دەرچوو. ئەو جار ئیتر کەوتمە دڵەڕاوکێ.

لە بەر خۆمە گوتم: ماڵی وێرانم ئیشەکەمان لێ نەبووبێتە گووکاری! ئێمە لێرە لە گوێی گادا خۆش‌خۆش بۆی نووستوین، ناکا بەلاش بەلاش سەرمان تێداچێ! واباشترە بێ سێ و دوو بچم بە حوکمەت رابگەیێنم، تاقمێک دەیانهەوێ شۆڕش بکەن و خۆم دەرباز کەم.

لەم خەیاڵ و پڵاوانەدا بووم، سەرگرووبانێک کە لەوێ لەگەڵمان بوو، هاتە لام و گوتی:

- جەناب سەروان ئەوانەی ڕۆیشتوون و نەهاتوونەوە، ئەمە دەسەلمێنێت کە شۆڕش سەرکەوتووە. وا بە باش دەزانم بانگەوازێک لە ڕادوێ بڵاوبکەنەوە و بە خەڵک ڕابگەیێنن شۆڕش کراوە و هێزەکانی حوکمەت چەک دابنێن و بەرەنگارمان نەبنەوە.

وڵامم داوە:

- سەرگرووبان گوتنی قسەی زەلام زەلام ئاسانە. بەڵام بیری لێ بکەوە ئەگەر هاوڕێیەکانمان دەستبەسەر کرابن، ئاگادارییەکی وەها لە ڕادوێوە چەندە گاڵتەجاڕانەیە.

سەرگرووبان سەلماندی و بە نووزەیەکەوە گوتی:

- راستە، قسەی ئێوەیە!

پێمگوت:

- تاوێک با دان بە جەرگی خۆمان داگرین. ئەگەر هەروا سۆراخیان نەبوو، هەر چۆنێک بێ پەیوەندیان پێوە دەگرین. لەو قسانەدا بووین کارەباش پچرا. بە لینگەفرتێ خۆم هەڵدایە شەقام. تاریکەسەلاتێک سەرتانسەری شاری داگرتبوو، چاو چاوی نەدەدی. تاقە سەیارەیەک بە دەرەوە نەبوو. بە پێ شۆڕ بوومەوە بەرەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی شۆڕش. سەرهەنگ «فەتە خوول» لەوێ بوو. پرسیارم لێ کرد:

- گەورەم باس و خواس چییە؟

لە وڵام دا کوتی:

- خۆ بمزانیبا شۆڕشکردن وەها سووک و ئاسانە، بە سەری کاکی هەر کە سەروان بووم شۆڕشم دەکرد و دەستبەجێ دەبوومە ژەنەڕاڵ!

پرسیم:

- باشە ئەمشەو چیتان کرد؟

وڵامی داوە:

- هەموومان دەستبەسەر کردن.

- کێتان دەستبەسەر کردووە؟!

- هەیهووووو چۆن نازانی تاقمێکیتر ئەمشەو خەریکی شۆڕش بوون؟! ئەیچۆن ماڵێ کاکی. بەڵام پێش ئاگاداربوونی حوکمەت، کوتوپڕ هەڵمانکووتایە سەریان و هەموویانمان ڕەپێچەک دان. هێندەی نەخایاند پێیان ڕاگەیاندین چوار وەجبەیتریش ویستوویانە شۆڕش بکەن.

بە سەرهەنگم گوت:

- باشە ئێوە کە هەموو ئیشەکانتان ڕاپەڕاندووە، چما ئێمەتان ئاگادار نەکردەوە لە ڕادوێوە بە جەماوەر ڕابگەیێنین!

سەرهەنگ وڵامی دامەوە:

- جا چۆنتان ئاگادار کەین ماڵێ کاکی؟

- چۆن بە تەلەفۆن!

- تەلەفۆنومەلەفۆنی چی! هەموو هێڵەکان پچڕاون.

- باشە ئێوە نەدەبوو هێڵی تەلەفۆن ببڕن.

- ماڵێ کاکی خۆ ئێمە قووتمان نەکردووە. ئێوارێ باران باری. ئیتر هەموو هێڵەکان تێکەڵپێکەڵ بوون.

- بێقەزابی! دەی کەسێکت ناردبا بە سەیارە و ئاگاداری کردباین.

- ئەوەنییە باران دایداوە و شەقامەکان هەموو قوڕاو و چڵپاوە. سەیارە بە ناو ئەم قوڕ و لیتەدا چلۆن ڕێ دەردەکات ماڵێ کاکی؟!

لێم پرسی:

- ئێستا چ بکەین؟ چۆن بە هاووڵاتیان ڕابگەیێنین شۆڕشمان کردووە؟

سەرهەنگ شانی هەڵتەکاند و لیچی خوار کرد و گوتی:

- جا من چووزانم؟ تۆ بەرپرسی ڕاگەیاندنی، لە من دەپرسی؟! هەر یەکەو بەرپرسی بەشی خۆیەتی و دەبێ ئیشی خۆی بکات.

بەرەو ستۆدیۆ وەڕێ کەوتم؛ بەڵکوو لە ڕادوێوە بابەتەکە بە جەماوەر ڕابگەیێنین. لە ڕێگادا تووشم بە تووشی سەرگورد «لاوەخێل»ـەوە کەوت. ئەو داماوە لە ترسی ئەوەی لەم قوڕ و قاڵە نەچەقێت، پۆتینی لە بن هەنگل نابوو و بە هانکەهانک بەرەوڕووم دەهات.

تێیڕوانیم و گوتی:

- توو سەری باوکت بڕوانە حاڵ و باڵی من! کەی ئەمە لە پلانەکەماندا بوو؟!

پرسیم:

- تۆ بەرپرسی کام بەشی؟

دای لە پڕمەی پێکەنین و گوتی:

- من بەرپرسی داگیرکردنی بانک بووم. بەڵام کاتێ گەیشتمە وێندەرێ، هەیهووو بانکی چی بانک! هەموو بە تاڵان چووە و خەزنەی پووڵ و پارە «چۆڵ و بیابانە وەک لەپی دەست». چ پارەیەک لە گۆڕێدا نەبوو. گوتم مانەوەم لێرە بێسوودە. بەرەو دایرەی دارایی چووم کە دەستی بەسەردا گرم. لە وێندەرێش حاشیای لێ نەبوو. ئێستاش دەچمە مەقەڕڕی سکرتارییەت بزانم چ باسە.

سەرگورد بە نەقەنەق ڕۆیشت و منیش بە دەم گووتنەوەی سەوزەڵێ، شۆڕبوومەوە بەرەو ئیزگەی ڕادوێ. سەرگرووبانی پارێزەری رادوێ، نازانم وەڕەز ببوو یا خەو بردبوویەوە، بێ ئەوەی دەرگا گاڵە دات، هەروا دەرگای ئیزگەکەی لە سەر پشت بەجێهێشتبوو و ڕۆیشتبوو. ئامێرەکانم هەڵکرد و مایکم بە دەستەوە گرت. بە دەنگێکی نێرانە و بە کەیفسازییەوە کە هێندێکیشم دەنگدانەوە پێوە زیاد کردبوو، دەستم کرد بە وتار خوێندنەوە:

«هاووڵاتیانی خۆشەویست و هێژا! نەتەوەی قارەمان! هەر ئێستاکە بە هەوڵـی بێوچـانی تاقمێـک لە ئەفسەرانی ئازا و چـاونەترس و خەڵکـی ڕونـاکبیر و پێشـڕەووی خـاک و وڵات، دایکـی نیشـتمان لە ژێـر دەسەڵاتی نگرێسی هێندێک چەتە و جەردەی بێبەزەیی کە سەروەت و سامانی وڵاتیان بە فیـڕۆ دەبـرد، ڕزگاااااااار کرا».

بـە گـوڕ و تینێکـی حەماسـی و بـوێرانەوە، سـەر قـاڵی بـانگەواز و دروشـمی شۆڕشـگێڕانە بـووم کـە سەرگورد لاوەخێل وەژوور کەوت و گوتی:

- لەخۆوە خۆت ماندوو مەکە! چما نابینی بـاران بـە لێزمـە دەبـارێ و هەمـوو ئامێرەکـان تێکەڵیـان کردووە. دەنگت لەم ژوورە بەولاوە ناچێ!

- ئەدی تەگبیر چییە؟ چلـۆن بە خەڵکـی ڕابگەیێنـین شۆڕشـمان کـردووە؟! خـۆ نـاتوانین بـۆ یەکە یەکەی هاووڵاتیان نامە بنووسین و ئاگاداریان کەینەوە.

سەرگورد لاوەخێل وڵامی داوە:

- تەلەفـۆن شـتێک باشـترە. دادەی بزانـە ئەگەر تەلەفـۆنەکەت ئـیش دەکـات، تەلەفۆنێـک بـۆ هاوڕێکانت بکە. پێیان بڵێ ئەوانیش بە خزم و کەسوکار و دەرودراوسێکانیان ڕابگەیێنن.

لەسەر قسەی ئەو، تەلەفۆنم تاو دایە و ڕەقەمی هاوڕێیەکم گرت. پاش تاوێک کەسێک بە دەنگێکـی خەواڵوو گوتی:

- ئەلۆۆۆۆ!

گوتم:

- ئێرە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی شۆڕشە!

کابرا گوتی:

- چۆن؟ ئەنجوومەنی چی؟

گوتم:

- ئێمە شۆڕشمان کردووە.

کابرا بە خەواڵوویی وڵامی داوە و گوتی:

- خـوا خێرتـان بنووسـێ. تەمەن درێـژ بـن. دەمێـک بـوو تـامەزرۆی هەواڵـی وەهـا دڵخـۆش بـووم. بەڕێزتان نێوتان چییە؟

گوتم:

- سوتوان حاجۆ دەنگ‌خۆشم. شۆڕش بە خۆشییەوە سەرکەوتووە. تکایە بە هەموو لایەک ڕابگەیێنە.

کابرا خەواڵووەکە پرسی:

- لە کوێوە تەلەفۆن دەکەی؟

گوتم:

- ئێرە ئیزگەی ڕادوێیە. بەڕێزتان کێن؟

کابرا کوتی:

- من سەرۆکی پۆلیسم. دۆخینەکەت لە ملی کە، هەر ئێستا دێمە زگت. جوان لێت حاڵی دەکەم «کوودەتا» چییە و بۆن و بەرامەی چۆنە!

حەپەسام و بەجۆرێک واقمام کە تەلەفۆنەکە لە دەستم کەوتەخوارەوە. سەرگورد لاوەخێل دەستی نەگرتبام دەبوورامەوە.

سەرگورد پرسی:

- چ قەوماوە؟

گوتم:

- خێراکە ڕاکەین. هەر ئێستا دەگەنە سەرمان و دەستبەسەرمان دەکەن.

- قەت ئەمە قسەیە؟ باشە دە پێم بڵێ بزانم کێ بوو؟ چی گوت؟

گوتم:

- تەلەفۆنەکان تێکەڵپێکەڵ بوون. لە جیاتی هاوڕێیەکەم، تەلەفۆنی ماڵێ سەرۆک پۆلیسم گرتبوو!

سەرگوردیش بە بیستنی ئەم قسەیە لینگە لەرزەی گرت. خۆم وەبن هەنگڵی داو بۆی دەرچووین. تا مەلابانگدانی بەیانی لە ژێر پردێکی نزیک ئیزگەکە خۆمان مەڵاس دا. تاوهەڵاتی بەیانیش وەک ڕۆژانی رابردوو، چووینەوە سەر ئیشی خۆمان. پاش تاوێک سەرۆکی دایرە بانگی کردمە ژووری خۆی و گوتی:

- بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە سەرچاوە سیخوڕییەکانی وڵات پارێزمان، ئەگەر دوێشەو باران نەباری با، کۆمەڵێک لە هەوڵی شۆڕش دابوون و ویستوویانە خۆیان ببنە کارگێڕی وڵات.

گوتم:

- گەورەم ئیزن بدە بە خێرای هەموویان دەستبەسەر کەین.

سەرۆک گوتی:

- نا. پێویست ناکات. هەر لاشیان لێناکەینەوە. خۆ مت دەکەین با شۆڕش بکەن. بەشکم ئێمەش لەو نەگبەتی و سەخڵەتییەی بێینە دەرەوە. بەس لە بیرمان بێ فرۆکەمان بە دەستەوە بێ، پەساپۆڕت لە باخەڵ و پارەی تەواویش لە تەنگی گیرفان بێ. هەر کات شۆڕشێک کرا، بە خێرایی بۆی دەردەچین.

لەو کاتەوە پێنج ساڵ تێپەڕیوە. خەڵکی ئێمە ئێستا و ئێستاش نەیانزانیوە پێنج ساڵ لەمەوبەر بڕیار بوو حوکمەت وەرگەڕێت. دەستی شکاوم باران باری و کارەکە درزی تێکەوت و دەسرەوشەدەمان لێ هەڵوەشا. بەڵام ئێمە هێشتاش دەستمان لێ هەڵنەگرتووە. دیسانەوە لە کات و شوێنی گونجاودا شۆڕش هەڵدەگیرسێنین. بەس وەعد بێ ئەمجارەیان هەڵەکانی پێشوو دووپات نەکەینەوە. پێش هەموو شتێک لە هاویندا «کوودەتا» دەکەین، پاشان لە بەرگوێی سەرۆک و کاربەدەستانی پایەبەرزیش هەڵدەخوێنین، تا دەرفەتە کەلوپەلی پێویست بۆ دەربازبوون، دابین بکەن!

٣

## دونیای هەژارەکان

### جیهانی برسییەکان گەلێک فشوفۆڵ و گەورە و گرانە!!!

جیهان بۆ هێندێک کەس بچووکە، هێندە گچکەیە، دەتوانن گۆی زەوی بە دوو قامک حەوا دەن و تووڕی دەنە ئەوپەڕ بۆشایی ئاسمان. بۆ خەڵکی ڕەش و ڕووت و ڕەجاڵ کە زەوی، ڕاخەر و ئاسمان پێخەفیانە، جیهان بەڕادەیەک مەزنە کە لە هیچ خەریتەیەک جێی نابێتەوە. لە دووهەم ڕۆژی برسییەتیمدا جیهانم زۆر بە گەورەیی دەهاتە بەر چاو. بە جۆرێک مەزن کە نەمدەوێرا بیر لە سەروبنی بکەمەوە. هەروا هەڵوەدا و دەربەدەر لە ناو کۆڵانەکان دەگەڕام کە لە پڕدا کەماڵ لەبن دەمم هەڵقوڵی. بینینی ئەو وەک بریسکەی شەوێکی ئەنگووستەچاوی زستان، هیوای خستە دڵ و دەروونمەوە.

لێم پرسی:

- کەماڵ چۆنی؟ باشی؟ بۆ کوێ دەچی؟

- هەیهووووو هەر لێمگەڕێ.

هەر کە درێژیدادڕی و وڵامەکەی لێککێشاوە تێگەیشتم، جیهان بۆ ئەمیش فرت و فراوانە. بە پێکەنینێک کە هەزار تەڵەزمی لێدەبووەوە، پێمگوت:

- لەم جیهانە گەورە و گرانە، بۆ کەسێ بێئەنوا و بەستەزمانە، بێنوێن و جێگەوبانە، جێگا زۆرە لەم سەربانە!

نازانم لە پللارەکەم تێگەیشت یان نا. لە وڵاممدا گوتی:

- جیهان زۆر تەرز و جوانە ئەگەر چاوکراوە و لێزان بی.

هەروا بە دەم پێکەنینەوە دواندم و گوتم:

- کاتێ مرۆڤ لە برسان، بڕستی لێبڕابێ، چۆن دەرەتانی ئەوەی دەبێت ڕێگا و شوێنی خۆی ببینێتەوە؟!

بەزەردە خەنێکەوە گوتی:

- ئەگەر بە کیک و چاییەک زگت تێر دەبێ، با بڕۆین.

کوڕە ئەم دۆستەی من زۆر بڵیندی دەڕوانی. کیک و چایی چی؟ ئەگەر وەعدی ژەمە نانێکی وشک و ڕەقوتەقی لەو پەڕی دنیایە، پێدابام، بێدڕدۆنگی لەگەڵی دەچووم.

پێمگوت:

- لەوەتی هەم، ڕێزم هەبووە بۆ بیروبۆچوونەکانت. ئێستاش بە ئەوپەڕی کەیفەوە، جڵەوم لە دەستت دایە.

شـان بە شـان وەڕێکەوتـین. ڕوومـان لە کـۆڵانی پشـتەبانی پۆسـتخانە کـرد. لەوێنـدەرێ کلـووپێکی گەورەی لێبوو. دیوی دەرەوەی بینایەکە بـە سـام و بە شـکۆ بـوو. چووینـە ژوورەوە. لە پلیکانەکـان سـەر کەوتین. چووینە قاتی دووهەم. ساڵۆنێک بوو، هەر دەتگوت مـاڵی شـایە. لـە دەرگـای سـاڵۆنەکەوە کـە پەردە ئەستوور و مەخمەرییەکانی هەڵدرابوونەوە چەنـد ژن و پیاوێـک دیـار بـوون. لە هـۆدەکە چـووینە ژوور و لەسـەر کورسـییەکی مەخـمەری گـران و عەنتیکـە ڕۆنیشـتین. خەڵکـی نـاو ژوورەکە بە جۆرێـک سەرقاڵی قسەوباسی خۆیان بوون، هەر ئاوڕێکیشـیان لێنەدایـنەوە. ڕەنگـە چاووگوێیـان لە کـزی دابـێ. گشتیان بەساڵاچوو و سەروی هەشتا ساڵ بوون. بەتایبەت دوو پیرێـژن لەڕیـزی پێشـەوە دانیشـتبوون، تەنانەت قسەشیان بۆ نەدەکرا.

کەماڵ هەر وەک کەسێک لە ماڵی خۆی دانیشتبێ، ئارام و ئەرخەیان لە نـاو کورسـییەکدا پـاڵی دایەوە و لاقی لەسەر لاق دانا. بەڵام من نیگەران بووم! دەترسام خانەخوێ، بمـانبینـێ و بێـتە پـێش و پرسـیارمان لـێ بکا؛ ئێمە کێین و چ کەسەین؟ بە بێبانگهێشت لێرە چ دەکەین؟ هەر چاوە چاویشم بوو بـزانم کەی کیـک و چایی دێنن. کەماڵ لە قوتـووی سـەر مێـزەکە، جگەرەیەکـی دەرهێنـا و دایگیرسـاند. جگەرەیەکیشـی دا بـە من. چونکە لە سیوادی بەیانییەوە سیغارم نەکێشابوو، هەر مژێکم لێدا سەرم وەگێژ کەوت!

دواتــر چەنــد کەســێکیتر هــاتن. گشــتیان بەســاڵاچوو بــوون بەڵام پۆشــتە و پەرداخ بــوون. تەڕپۆشـییەکەیان وای دەنوانـد خـاوەن سـەروەت و سـامان و کـارگێڕی پـایەبەرزی حـوکمەت بـن. لە کەماڵم پرسی:

- ئەمانە کێن؟

کەماڵ بەئەسپایی گوتی:

- ئەمانە داوێنپیسترین خەڵکی ئەو وڵاتەن.

- لێرە چ باسە؟

- دان بە جەرگت داگرە لە دواییدا تێدەگەی.

ناوی هێندێک لەو بەشداربووانەم بیستبوو بەس یەکەمجار بـوو چـاوم پێـدەکەوتن. ئەم پیـاوانە لەوە دەچـوو خەریکـی کێبەرکێـی پێهەڵگـوتن و زمانلووسـی بـن. دەنگـی لەرزۆک و زڕاویـان کـە جارجـارە دەتگـوت بزمارێـک لە شووشـە دەخشـێنن، قێـزەون و نـاخۆش بـوو. باسـی چـاکەی یەکتریـان دەکـرد. درۆیان بۆ یەک ڕیز دەکرد. فریو دەدران و فریو دەخوران.

دوای ئەمەی لەم کارە ماندوو بوون، پیاوێک کە چەڵەمەی بەر ملی داچۆڕابوو، چاوێکی لە کاتژمێری دەستی کرد و ئیزنی لە بەشداربووان خواست و هەستا و بە لەرزەلەرز چوو بۆ لای مێزێک کە لە سەرووی هۆڵەکە بوو. بەڕادەیەک پیر و کەنەفت بوو لە سەر لاق خـۆی بـۆ ڕانەدەگیـرا، لـە پشـت مێـزەکە لەسـەر کورسییەک دانیشت. تفی زاری قووت دا و چەند وردە کۆخەی بە دوودا و دەستی کرد بە قسە:

«بەشـداربووانی هێـژا، میوانـانی بەڕێـز، هەر وەک ئاگـادارن، پێشـووتریش لە چاپەمەنییەکانـدا بـڵاو بـووەتەوە، هـۆی کۆبـوونەوەی ئەمـڕۆی ئـێمە، بەڕێـوەبردنی خزمەتێکـی کـۆمەڵایەتییە. ئەمڕۆکـە پیشـەی گەشتیاری یەکێک لە سەرچاوە هەرە گرینگەکانە بۆ داهاتی نەتەوەکـان. هەر وەک دەزانـن وڵاتـی ئـێمە لەم بارەوە گەلێک خاوەن بەهرەیە. بەڵام مەخابن ئەو جۆرەی پێویستە لەم بەرەکەتە پڕپیتە کەڵک وەرنەگیراوە.

هەر بەم بـۆنەوە بڕیـار دراوە دامەزراوەیەک بەنـاوی «پشـتیوانی لە پیشـەی گەشـتیاری» لە وڵات دابمەزرێت تا بە هەموو هێز و تواناوە بۆ پەرەپێـدانی ئەم پیشـەیە و وەرگرتنـی هەرە زۆرتـری توریسـت و گەشـتیار، پـلان دارێـژین و بەرژەوەنـدی وڵات دابـین کەیـن. چووکەتـان لەم بـارەوە هـاتوومە پـێش و بانگهێشـتی ئێـوەی بەڕێزمـان کـردووە کە هەر کامتـان لە چینـی خۆتـان، بەرچـاوترین و لێوەشـاوترین کەسـەکانن تـا بـێن و داواتـان لێـبکەین بـۆ دامەزرانـدنی دەسـتەی دامەزرێـنەر، هاوکـاریمان بـکەن. جارێکیتر سپاسی ئێوە دەکەم کە بە پیرمانەوە هـاتوون و بانگهێشـتی ئێمەتـان قەبـووڵ کـرد. لە سـەر ئیزنتان بە خێرایی ئیشەکەمان تێپەڕێنین و لیژنەی بەڕێوەبەر هەڵبژێرین».

دانیشتووان لە هەر لایەکەوە بەڵێ بەڵێیان بۆ دەگوت.پیرەپیاوەکە بەدەم بزەیەکی ساردەوە، سـەری بۆ ئەملاولا لەقاند و سپاسی کردن و گوتی:

- کە وایە ناوی ئامادەبووان دەنووسین.

هەر لە پێشەوە، ملی نا لە ناونووس کردنی بەشـداربووان. هەمـووی دەناسـین. پێویسـت بـە پرسـیار نەبوو. ناوەکانی بە دەنگێکی بەرز دەگووتن و لە سەر قاقەز دەینووسین:

پرۆفیسۆر عەلی سەواددار.

سەناتۆر جەماڵ خدر.

دکتۆر جەواد هۆشیار.

ئیلهام رووناکبیر، نوێنەری پەرلەمان.

پارێزەر شەریف زیندەوەر.

دکتۆر جەماڵ زامدار.

کاتێ سەرەی ئێمە هات، پیرەپیاوەکە لە کەماڵی پرسی:

- ناوتان بەخێر؟ کەماڵ بە پۆزێکی تایبەتەوە دووکەڵی جغارەکەی دەردا و گوتی:

- کەماڵ تیژباڵ.

لە منی پرسی:

- ناوی بەڕێزتان؟

گوتم:

- حەسەن بزۆک.

بەم شێوەیە ئێمەش بووین بە بەشێک لە دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی پشتیوانی لە پیشەی گەشتیاری تا خزمەتی دایکی نیشتمان بکەین.

وتەبێژە پیرەکە گەڕایەوە پشت مێزەکە و دانیشت. بە حاستەم دوو سێ هەناسەی قووڵی هەڵکێشا و دوو سێ جار چاویلکەکەی ئاڵوگۆڕ کرد و گوتی:

- لیژنەی دامەزرێنەر بە زۆری دەنگ دەستنیشان کرا. سبەی ناوی هەموو خاتوونەکان و پیاوەکان لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرێتەوە. داوا دەکەم دەستەی سەرۆکایەتیش هەڵبژێرن.

چەند خولەکێک بێدەنگی داکەوت. پاشان بەشداربووان کردیان بە سرتە و خورتە. وادیار بوو هەموویان حەزیان دەکرد ببنە سەرۆک. هەڵبەت جگە لە من کە تەنیا لە بیری زگم دابووم و دەمویست تێری کەم. لە برسان زگم دێشا و قۆڕەقۆڕی دەکرد.

لە کەماڵم پرسی:

- کەی کیک و چایی دێنن؟

- پەلەت نەبێ، دوای تەواو بوونی ئەم شانۆیە دەخۆین.

پیرەپیاوی وتەبێژ یەک دوو وردە کۆخەی کرد و گوتی:

- ئەگەر ئیزنتان لەسەر بێ بە یارمەتیتان جەنابی پرۆفیسۆر عەلی سەوادداری، وەک سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێرین. زۆر بەجێ و ڕەوایە. لەو کاتەدا هەموو بەشداربووان بە تووڕەییەکەوە ڕوانیانە سەروسەکوتی پیرەپیاوی وتەبێژ. دیار بوو مافی هەموویان خورابوو، بەڵام کەس نەیدەوێرا قسەیەک بدرکێنێت. دوای کەمێک بێدەنگی، بوو بە چەپڵەڕێزان. پرۆفیسۆر عەلی سەوادداری کە لە خۆشیان شاگەشکە ببوو، لێکدا لێکدا لە سەرجێی خۆی بەرز دەبووەوە و دادەنیشتەوە و سپاسی ئامادەبووانی دەکرد.

کەماڵ لەناکاو هەستا سەرپێ و دەستی ڕاستی بەرزکردەوە و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- بەڕێزان ساتێک لە سەر ئیزنتان.

لە دڵی خۆمدا گوتم:

«حەک ملت شکێ کەماڵ. وازبێنە، بۆ خۆت لە ئیشی خەڵک هەڵدەقوتێنی!»

گشتیان ڕوویان وەرگێڕا سەر کەماڵ. کەماڵ لە سەرەخۆ و بە دەنگێکی زۆر ئەرخەیان و شێلگیر گوتی:

«هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە جەنابی پرۆفیسۆر عەلی سەوادار بۆ سەرۆکی دەستە زۆر لێهاتوویە و هەڵبژاردنی بەڕێزیان بۆ هەمووما‌ن شانازی و بەختەوەرییە».

لە ژێرەوە چاوێکم لە پرۆفیسۆر کرد. لە خۆشیان دەتگوت ڕۆنی سەگی لە قالبی دەدەن. لیکاو لە دەمولەوسی دەچۆڕایەوە.

کەماڵ پاش وچانێکی کورت، چاوێکی بە بەشداربوواندا گێڕا و درێژەی بە قسەکانی دا.

«وەک هەمووتان ئاگادارن ئەم جەنابی پرۆفیسۆرە یەکەمین کەڵەپرۆفیسۆری بەشی مافناسی زانکۆی ئێمەیە و بە سەدان قوتابی ڕۆژانە لە پۆلەکانی خوێندنی بەڕێزیان دەبووژێنەوە و فێری زانست دەبن. هەر بۆیە لە ڕاستیدا بەم هەڵبژاردنە بەشێک خوێندکاری ڕاستەقینەی عیلم و زانست لەم بەهرە و کامەرانییە بێبەش دەکەن».

پرۆفیسۆر بەم قسانە زۆر تێکچوو و حەز و کەیف و خۆشی چەند خولەک لەمەوبەری لە سەر چرچولۆچی ڕوومەتی تارا. وەک منداڵێک کە لیستۆکەی کایەکردنی لێ ئەستێندرابێ، دەمولیچی خوارکردن و خەریک بوو بگری. بە زۆری زاری کردەوە تا وڵامم بداتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ددانە دەسکردەکانی لە ڕقوقین لە ناو زاریدا وەتەقەتەق کەوتبوون، نەیتوانی هیچ بڵێت.

کەماڵیش وا داگریسابوو دەرفەتی بە بەرامبەرەکەی نەدەدا. لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

«جگە لەوە، جەنابی پرۆفیسۆر سەرۆکی لیژنەی داهێنەریشە کە چالاکی و کۆڵنەدەری بەڕێزیان بۆتە هۆی ئەمەی زانایان و بیرمەندانی وڵاتەکەمان هەموو ڕۆژێک ببنە خاوەنی بەرهەمێکی نوێ لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا. جا چۆن دەبێ ئێمە بەرپرسیارەتی زیاتر بخەینە ئەستۆی بەڕێزیان و ببینە هۆی لە برست خستنی ئیشی داهێنان و بەدیهێنان لە وڵاتدا!»

پرۆفیسۆر لەبەر تەوژمی تووڕەیی ڕەنگوڕووی ڕەش داگریسابوو. بە پێچەوانەوە ڕەنگوڕووی میوانەکانیتر گەشابووەوە و قسەکانی کەماڵیان زۆر بە دڵ بوو و بە سەر لەقاندن قسەکانیان پشتڕاست دەکردەوە و هانیان دەدا درێژە بە قسەکانی بدات. کەماڵ بێ‌لاکردنەوە درێژەی بە قسەکانی دا:

«جگە لەمەش جەنابی پرۆفیسۆر ئەندامی بەردەوامی مافناسانی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتییە کە زۆربەی کات و ساتی ژیانیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە گرنگە تەرخان کردووە».

پرۆفیسۆر سەوادار وەک قسڵی ئاوتێکراو لە کورسییەکەیدا ڕۆچووبوو و کزوداماو، هەستوخوستی لە خۆی بڕیبوو. بەو حاڵەشەوە کەماڵ کۆڵی نەدەدا و بە گڕوتینەوە لە سەر قسەکردن بەردەوام بوو.

«هەروەها بەڕێزیان سەرۆکی ئەنجوومەنی خۆجێیی ناوچەی خۆیانە کە وەک ئاگادارین ئیشەکانی گەلێک زۆرە. ئەمەشمان لەبیر نەچێ کە جەنابی پرۆفیسۆر سەرۆکی دەستەی ڕێکخراوەی پاراستن و ڕاهێنانی منداڵانی هەتیویشە».

پڕۆفیسۆر پەیتاپەیتا بچووک دەبـووەوە و بە کورسـییەکەیدا رۆدەچـوو و ئەوانی‌تـر بە حەزوتاسـەوە کە ڕکابەرێکی بەهێز، پێگەی پێ چۆل کراوە، باڵایان دەکرد و ملیان قەپ و خۆیان قوت دەکردەوە.

کەماڵ ناوی دوو سێ ڕێکخراوە و کۆمەڵەی‌تریشی هێنا و لە دواییدا گوتی:

«بەم شـێوەی بینیتـان جەنـابی پڕۆفیسـۆر یەکـێکە لە نـاودارترین زانایـانی جیهـان و چـالاکترین خزمەتکـاری گەل و وڵاتـە کـە بەهـۆی نیشـتمانپەروەرییەوە گەلێـک زیـاتر لە هێـز و توانـای مرۆڤێـک بەرپرسیارەتی جۆراجۆری بە سەردا سەپاوە، بە شێوەیەک کە سـەری خۆشـی بـۆ ناخورێـت. بەڵام ئەگەر ئەم شانازییەمان بداتێ و سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە وەئەستۆ گرێت، ئەوپەڕی بەختەوەریمانە».

بەشێک لە میوانەکان بە بۆنەی ئەوە کە ڕکابەرێکی مەزن لادەدرێـت وەهـا بـە گـڕوتینەوە چەپڵەیـان لێدەدا دەتگوت لە تالاری ئۆپێرا چەپڵەڕێزانی گەورە هونەرمەندان دەکەن.

پڕۆفیسۆر عەلی سەوادار کە لە ماوەی ئەو چەند خولەکەدا بیست سی ساڵ پیرتـر ببـوو، بە دژواری لە شوێنی خۆی هەستا سپاسی ئامادەبووانی کرد و گوتی:

«هەر ئەو جۆرەی ئەم بەڕێزە فەرمووی، من ئیشێکی زۆرم بـە ملەوەیـە و نـاتوانم ئەم بەرپرسـیاریەتییە وەئەستۆ گرم. لەم بابەتەوە داوای لێبوردن دەکەم و هیوادارم لێم خۆش بن».

دوای گوتنی ئەم ڕستانە بەجۆرێ لە کورسییەکەی ڕۆنیشت، پێمان وابوو جەڵتەی لێدا و تەواو بوو.

پێرەپیاوی وتەبێژ کە دەنگی بەرز و پاراوتر ببوو گوتی:

- زۆر بەداخەوە کە جەنابی پڕۆفیسـۆر ئـێمەی لەم شـانازییە بێـبەش کـرد. لەسـەر ئیزنتـان جەنـابی بەڕێز سەناتۆر جەماڵ خدر دەستنیشان دەکەین!

دیسان دەنگی چەپڵەڕێزان بەرز بووەوە.

سەناتۆر جەماڵ خدر لە خۆشیان کەڵپـی گـڕ کردبـوون، گـورج و گـۆڵ هەسـتا سـەر پـێ و سپاسـی بەشداربووانی کرد. بەڵام دۆخەکە درێژەی نەخایاند و هەمیسان کەماڵ ڕاستبووەوە و گوتی:

- ئەگەر ئیزنم بدەن بیروڕای خۆم دەربڕم.

دیسـان جەمـاوەر بـۆ لای کەمـاڵ ئاوڕیـان دایەوە و لە خۆشـیان گەشـانەوە. کەمـاڵ لـە سـەرەخۆو بێخۆتێکنان قسەکانی دەسپێکرد:

«لەمەی کە بەڕێز سەناتۆر جەماڵ خدر بۆ سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە هەڵبژێردرێت، بۆ ئێمە سەربەرزی و شانازییە».

سەناتۆر جەماڵ بە حەزوتاسەوە گوتی:

- ئەمە ئەرکی سەر شانی بەندەیە.

کەماڵ بێ‌ئەوەی وەسەرخۆی بێنێت، درێژەی بە قسەکانی دا:

«لەوانەیە هێندێک کەس قسەکانی من بە زمانلووسی و ماستاوچییەتی لێکداتەوە. بەڵام من سوێند دەخۆم بێ هیچ مەبەست و غەرەزێک، تەنیا بە دەنگی ویژدان ئەم قسانە دەدرکێنم. جەنابی بەڕێز پرۆفیسۆر جەماڵ یەکێ لە ئەندامە چالاکەکانی پەرلەمانە و زۆربەی گێرەوکێشە و قەیرانەکانی وڵات بە هۆی مشوورخۆری و لێزانی بەڕێزیان چارەسەر دەکرێت».

جەنابی سەناتۆر جەماڵ خدر قسەکانی کەماڵی بڕین و گوتی:

- ئێستا کاتی پشووی پەرلەمانە.

کەماڵ کە لە جەنابی سەناتۆر جەحێڵتر و زرینگ و زۆلتر بوو، بە دەنگێکی بەرز و نێرانە وڵامی دایەوە گوتی:

«بەڵێ بەڵێ. ڕاستە کاتی پشووی پەرلەمانە بەڵام خۆ لە ژوورپەردەوە هەڵسووکەوت و کەین‌وبەینی سیاسی لە ئارادایە. لەگەڵ ئەوەشدا جەنابی سەناتۆر سەرۆکی دەستەی یانەی حاجەت پاشایە. هەروەها سەرۆکی لیژنەی چاککردنی ڕەگەزی ئەسپ و بارگینە. تێگەیشتن چ بەرپرسیاریەتییەکی گەورە و گرانی لە ئەستۆیە؟!»

هەموو گوێیان لە دەنگی جیرەجیرِی دەدانەکانی جەنابی سەناتۆر بوو. لرفەی تووڕەیی و هەڵچوون لە چاوەکانی سەناتۆر بە جۆرێ بڵێسەی دەدا کە وادەردەکەوت ئەگەر دەستی بگاتە کەماڵ، هەر بە نەکوڵیوی هەڵیدەلووشێت.

بەڵام ئەم برادەرەی ئێمە، هەر مێشی میوان نەبوو. دوای ئەمەی کە زۆرێک لە ئیش و کارەکانی جەنابی سەناتۆری هێنایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، گەیشتە ئەم دەرئەنجامە و گوتی:

«سەیر دەکەن کە بەڕێزیان سەری خۆشیان بۆ ناخورێت. ئەگەر ئێمەش بمانهەوێ سەرۆکی لیژنەی ئەم کۆمەڵەی بخەینە ئەستۆ، پێموایە دوورە لە مرۆڤایەتی. تکا دەکەم ئاگاداری بارودۆخی یەکتر بین و نەبینە بارگرانی».

سەناتۆر جەماڵ خدر بەم حاڵەش هەروا هیواداربوو هەڵبژێردرێت. بەڵام ئەوانیتر دەیانزانی کە تەنیا بە هەڵپەساردنی سەناتۆر لەم کێبەرکێیەدا دەتوانن سەرکەون، یەک دەنگ و یەک بڕیار لە قاویاندا:

- بەڵێ بەڵێ قسەکەی جوانە. ئێمە پێمانخۆش نییە جەنابی سەناتۆر لە گۆلیژە کەوێت! زۆر لە مرۆڤایەتی بە دوورە ئەم هەموو ئیشەی وەسەرگەڕێت. بەڵێ ڕاست وایە. پێشنیارێکی جوانە و پێداگریمان نەشیاوە!

سەناتۆر هیوابڕاو بوو. بە ناقایلی هەستا سەر پێ و سپاسی ئامادەبووانی کرد و گوتی:

«هاوڕێیان هەر وەک دەبینن زۆر سەرقاڵم و وەسەر ئەم هەموو ئیشە ناپەڕم. سپاستان دەکەم و لێم ببورن لەم ئەرکە واز دێنم».

لـه دواییـدا هەر وەک ئەوەی هەمـوو هێـز و وەزە بـە یەک جـاری لێبڕابێـت، وەهـا کەوتـە سـەر کورسییەکەی کە وێدەچوو دوایین ساتەکانی ژیانی بێت.

پیرەپیاوی وتەبێژ گەشتر و وریاتر لە جاران گوتی:

- کە وای لێهات جەنابی ڕێزدار جەماڵ زامدار بۆ سەرۆکی لیژنە پێشنیار دەکەم.

دوکتۆر جەماڵ زامدار گەشکە بوو. گورج لە سەر جێگای خۆی هەسـتا و لـە نێـوان چەپڵەڕێزانـی لـە ڕادەبەدەری ئامادەبووان کە زیاتر لە خۆشی و شادی لادانی دوو ڕکابەری بەهێزی پێشوو بـوو، سپاسـی جەماوەری کرد. ویستی شتێک بڵێت کە دیسان کەماڵ لە جێگای خۆی دەرپەڕی و گوتی:

- بە یارمەتیتان!

ئامــادەبووان کە لە فیتـــی خۆیـــان گەیبـــوون، بـــۆ ئەمەی جێگـــە بە دوکتـــۆر جەمـــاڵیش لێـــژ بکەن، گشتیان پێکەوە گوتیان:

- فەرموو کاکە فەرموو. گوێمان لێتە.

کەماڵ لەسەرەخۆ و پشوودرێژ دەستی بە قسە کرد:

«بەڕێز دکتۆر جەماڵ زامدار مۆرەیەکی گەلێک شیاو و لێهاتووی وڵاتمانە و مـن بەش بە حـاڵی خـۆم بەوپەڕی حەز و خۆشەویسـتییەوە دەنگـی خـۆم دەدەم بـە بەڕێزیـان، چـوون هەڵبژاردنـی بەڕێزیـان بـۆ سەرۆکی ئەم لیژنەیە دەبێتە هۆی شانازی و سەربڵیندی هەموو لایەک».

دکتۆر جەماڵ زامدار بە جۆرێک بەم پێهەڵگوتنە لە خۆبایی و شاگەشکە بوو، هۆشـی لەخـۆی بڕابـوو و بە دەنگـــی بەرز هەر دەیگـــوت بەڵـــێ وایە، ڕاســـت دەفەرمووێـــت. هەر ئەوەش بـــوو بە هـــۆی سەیروسوحبەت و پێڕابواردنی ئامادەبووان و لەبەر خۆوە پێکەنینیان پێدەهات.

کەماڵ بێ لاکردنەوە بەم گاڵتەجاڕی و قسەلۆکانە درێژەی بە قسەکانی دا:

«ئەگەر دکتۆر جەماڵ ئەم شانازییەمان داتێ و سەرۆکی لیژنە وەئەستۆ گرێت، بۆ ئێمە مایەی دڵخۆشییە».

دوکتۆر زامدار هەر لەو شوێنەوە کە دانیشتبوو وڵامی دایەوە:

«سپاسی ئەم پشتیوانی و متمانەتان دەکەم و بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم خزمەت بە ئێوە بکەم».

کۆبوونەوەکە لە جۆش‌وخرۆشی تاوێک لەمەوبەر کەوت. وا تێگەیشتن کە کار لە کار تـرازاوە و کەیـف و حەزوخۆشی کەماڵ بۆ دکتۆر مسۆگەر بووە و هەڵبژاردنـی دکتـۆر یەکـلا بـووەتەوە. هەر بۆیـە هیـوابڕاو بوون. بەڵام کەماڵ دەرفەتی بە کەس نەدا و گوتی:

«بەس لە بیرمان نەچێ دکتۆر جەماڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی گرینگی وڵاتە».

دکتۆر جەماڵ نەڕاندی:

- دەی با واش بێ، کێشە چییە؟! من ئامادەی هاوکاریم.

کەماڵ بە دەنگێکی بەرزتر وڵامی داوە و گوتی:

- بەڕێزم ئیزنم بدە قسەکانم تەواو کەم! هەر وەک دەزانن بەڕێوەبردنی وەها ڕۆژنامەیەک بە تایبەت کە ئەرکی نووسینی سەروتار بە ئەستۆی جەنابتانە، پێویستی بە کاتێکی زۆر و مێشکێکی حەساوە و ئاسوودەیە. سەرنووسەری چاپەمەنییەکی گرینگ، ئیشێکی قورس و گرانە و ناکرێ بۆ ڕۆژێک و حەتوویەک بڵاوکردنەوەی دوا کەوێت.

دووکتۆر زامدار وڵامی دایەوە و گوتی:

- من بەو ئیشانە خووم گرتووە و لەگەڵی ڕاهاتووم، سەروتار نووسین بۆ من زۆر ئاسانە.

بەڵام کەماڵ بێدەنگ نەبوو و درێژەی پێدا و گوتی:

«جگە لە بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە، جەنابی دکتۆر جەماڵ لە نووسینگەکانی ڕێکخراوەی گاز و ڕێکخراوەی ئاو یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتییە و لە چەندین شوێنیتریش بەرپرسە».

دکتۆر جەماڵ وەها ڕقی هەستابوو کە دەستی دەلەرزین و لە سەر دەسکی کورسییەکەی دمبەکی لێدەدا و بە لاقیش ترۆمپێتی دەژەنی.

کەماڵ بە بێ گوێپێدان بە هەڵچوونی دکتۆر جەماڵ و کەیفوخۆشی بەشداربووان درێژەی بە قسەکانی دا:

«بەڕێز جەماڵ زامدار لە یەکییەتی نووسەران و ڕێکخراوە چاپەمەنییەکان بەرپرسیارییەتی زۆری لە ئەستۆیە. ئەگەر سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیەشی بە سەردا سەپێنین ئەوە دوورە لە مرۆڤایەتی. خۆشەویستان، ئێمە مافی ئەوەمان نییە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشی خۆمان، پێش بە گەشەی کاروباری کلتووری وڵاتمان بگرین. بەڕێز دکتۆر جەماڵیش بێگومان نایهەوێ بە وەرگرتنی سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە، دەسبەرداری ئەرک و خزمەتە گرینگەکانی کلتووری خۆی بێت و دەستیان لێهەڵگرێت. دیسانیش بڕیاری کۆتایی بە خۆیانە».

دوکتۆر جەماڵ زامدار بە ناقایلی هەستا سەر پێ و گوتی:

- بە داخەوە ناتوانم ئەم ئەرکە وەئەستۆ گرم.

هێشتا دکتۆر جەماڵ لەسەر جێگاکەی دانەنیشتبوو، پیرەپیاوی بەڕێوەبەر، وەخۆ کەوت و دەنگی هەڵبڕی:

- کە وایلێهات بەڕێزان ئەگەر بە باشی دەزانن جەنابی شەریف زیندەوەر، نوێنەری دیار و بەرچاوی وەزارەتی داد، بۆ سەرۆکی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی دەستنیشان کەین؟

کەماڵ نقورچکێکی توندی لە کەلەکە کوتام و گوتی:

- ئەمجار نۆرەتە. هەستە کابرای بە خۆ داشکێنەوە.

وڵامم داوە:

- من خۆ کابرای ناناسم.

- هەستە قسێکی هەڵەتوپڵێت هەڵدە، زوو کە تا کار لە کار نەترازاوە.

بەڵام من هەست و خوستم نەهاتێ. نەمدەزانی چ بڵێم. کەماڵ دەستی بەرز کردەوە و گوتی:

- ئەم بەڕێزە دەیهەوێ قسە بکات.

دواتر دەستی بن هەنگڵ دام و بە زۆری هەڵیستاندم. لە بەر ئەمەی هەموو جەماوەرەکە ڕوویان تێکردبووم و لێیان دەڕوانیم، چارەم نەما و بە ناعیلاجی دەبوو قسە بکەم.

ماوەیەک لەمەوبەر لە ڕۆژنامەیەک خوێندبوومەوە کە شەریف زیندەوەر، پارێزەری بەناوبانگ، لە جیاتی ئەوە کە لە مافی خەڵک پارێزگاری بکات، بە حەفتا ساڵ تەمەنەوە لەگەڵ کچێکی تەمەن بیست ساڵە هاوسەرگیری کردووە. هەر کە ئەو باس و خواسەم بیر کەوتەوە، بە گڕوتینێکی زۆرەوە دەستم کرد بە قسە کردن:

«بەڕێزان بە بۆچوونی من جەنابی شەریف زیندەوەر بە تەمەن‌ترین ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرە، هەر بۆیە بۆ سەرۆکایەتی لیژنە زۆر شیاوە. بەس کێشەیەک هەیە. بەڕێزیان لەم دواییانەدا لەگەڵ خاتوونێکی گەنج هاوسەرگیری کردووە و لە مانگی هەنگوین دایە، وێڕای پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کە هێشتا لەم تەمەنەدا دەتوانن شەقڵی شەوان بشکێنن، بەدڵنیاییەوە ئێمە مافی ئەوەمان نییە لەمپەر و بەربەستێک بۆ ژیانی نوێ و بەتامی بەڕێزیان دروست بکەین. من دڵنیام هەر ئێستا کە کاک شەریف لێرە دانیشتووە، بیری لە لای بووکەخانە».

شەریف زیندەوەر کە کوڵی گریانی لە ئەوکێدا بوو، بەدەنگێکی لەرزۆکەوە هاتە ناو قسەکانمەوە و گوتی:

- من سەرۆکایەتیم ناوێ کاکە، وازم لێ بێنن!

بەو شەڕە پیشلەیە، هەر کەسێ پیرەپیاوی بەڕێوەبەر، بۆ سەرۆکایەتی لیژنەکە پێشنیاری دەدا، کەماڵ وەک ئاوری ژێر کا، بەرپەرچی دەداوە. هەڵبەت ئەوانی‌تریش بۆ لادانی رکابەرەکان زیاتر هانیان دەدا. لە ئاکامدا نۆرە گەیشتە پیرەپیاوی وەتەبێژ. کەماڵ دژەبەرایەتی ئەویشی کرد بەڵام پیرەپیاو لە کەماڵ ناجسن‌تر بوو و نەیدەویست وا بە سووک و ئاسانی لە سەرۆکایەتی لیژنە واز بێنێت.

کەماڵ هەرچی بەڵگە و شێروڕێوی دێناوە کە لە بەرژەوەندیماندا نییە بەڕێزیان بۆ سەرۆکی لیژنە هەڵبژێردرێ، پیرەپیاو لاقی چەقاندبوون و وڵامی دەدایەوە:

«من ئامادەم سەرۆکایەتی لیژنە وەئەستۆ گرم!»

کەماڵیش هەروا کۆڵی نەدەدا:

«بەڕێزیان ئەرک و ئیشیان زۆرە. ئەگەر ئەم کارەش وەرگرن، ئەوە لەخۆبردوویی‌یەکی زۆر دەنوێنن».

پیرەپیاوی وتەبێژ نەڕاندی:

- بەڵێ بەڕێز، ئامادەم گیانفیدایی بکەم، تۆ دەڵێی چی؟!

پیرەپیاوە لەوەدا بوو بەتەواوی سەرۆکایەتی بۆ خۆی مسۆگەر کات، بەڵام کەماڵ بێ ئەمەی ورە بەردات، درێژەی بە قسەکانی دا:

- بەڕێزم ئەگەر جەنابت دەتەهەوێ ئەم لەخۆبردووییە بکەی، ئێمە نامانهەوێ. چوون بۆ تەندروستیت باش نییە.

پیرەپیاوی وتەبێژ بەوپەڕی تووڕەییەوە هاواری کرد:

- کاکە گیان ئەم بابەتە چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە؟!

کەماڵ لەسەرەخۆ وڵامی دایەوە:

- هەر باسیشی مەکە بەڕێزم. تەندروستی تۆ پەیوەندی هەیە بە هەموو هاونیشتمانیان. ئەگەر جەنابت بایەخ نادەی بەم بابەتە، بە پێچەوانەوە وڵاتەکەمان گرینگییەکی زۆر دەدات بە کەسانی وەک تۆ. ئێوەی بەڕێز کۆڵەکەی سەرەکی پاپۆڕی وڵاتن. ئێوە سامانێکی بنەڕەتی نیشتمانن. ئێمە مافی ئەوەمان نییە ئەم سامانە نەتەوەییە بە فیڕۆ بدەین.

پیرەپیاوی وتەبێژ بە خەمبارییەوە، سەری لەقاند و گوتی:

- جا قەت ئەوە قسەیە! لەگەڵ کێ پێوە بووین! کاکە گیان بۆ لە چوارشەممە سوورتری؟! کاتێ بۆخۆم ئامادەم، ئیتر ئەم بەرهەڵستییەی پێ ناوێ.

یەکێ لە میوانەکان ڕووی کردە کەماڵ و گوتی:

- جگە لە تۆ و برادەرەکەت، کەس نەماوە ببێتە سەرۆک!

کەسێکیتر بە گاڵتەجاڕی هەڵیدا و گوتی:

- وێدەچێ مەبەستیان ئەمە بێ، گشتمان لادەن و خۆیان ببنە سەرۆک.

کەماڵ گورج قسەی پێ بڕین و گوتی:

- بەڕێزان ئێمە هەرگیز خوازیاری سەرۆکایەتی نەبووین و نیین. شوێنێک پیاوماقووڵی وەک ئێوەی لێبێ ئێمە چ گوو خۆرێکین. تەمەنی ئێمە بۆ سەرۆکایەتی ناگونجێ.

جۆرێک لە هەڵپەساردن باڵی بە سەر کۆڕەکەدا کێشا. هەموو پرسیاریان دەکرد:

- ئەدی تەگبیر چییە؟ چ بکەین؟

یەکێک هەڵیدایە و گوتی:

- کاتێکی زۆرمان بە فیڕۆ دا. واباشترە درێژەی بابەتەکە هەڵگرین بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو. جارێ فەرموون با بچین شتێک بخۆین. میوانەکان کە تا ئەو کات، بە حاڵەحاڵ لە سەر کورسییەکانیان دەجووڵان، هەر بە بیستنی ئەم هەواڵە وەک گەنجێک، گورجوگۆڵ راست بوونەوە و بەرەو شوێنی خواردن وەڕێ کەوتن. لە ڕێگادا پیرەپیاوی وتەبێژ لە کەماڵی پرسی:

- ئەرێ کوڕینە ئێوە کێن؟

کەماڵ وڵامی داوە:

- کەس نیین.

- چۆن کەس نیین؟! لێرە چ دەکەن؟!

هەموو لێمان کۆ بوونەوە و وازیان هێنا لە خواردن.

کەماڵ لە سەرەخۆ گوتی:

- ئێمە هاووڵاتین.

یەکێ‌تر پرسی:

- چ کارەن؟

- ئیشێکی وامان نییە.

ئەم وڵامە وەک ناپاڵمێک لە ساڵۆنەکەدا تەقییەوە. هەموو لێکڕا دەنگیان هەڵبڕی و کردیانە هەراوهوریا.

- کێ ئێوەی بانگهێشت کردووە؟

- کێ ئیزنی داوە بێن بۆ ئێرە؟

- بۆ چی ئاژاوە دەنێنەوە؟

زۆر پرسیاری‌تریش...

کەماڵ هەر دەیویست بۆیان ڕوون کاتەوە و پەیتاپەیتا دەیگوت:

- بەڕێزان ئیزنم بدەن پێتان دەڵێم. دەنگی لە ناو ژاوەژاوی جەماوەرەکە، نەدەبیسترا. هەر بۆیە چووە سەر کورسییەک و دەنگی هەڵێنا:

- ساتێک گوێ بگرن تا وڵامتان دەمەوە.

دەسبەجێ هەموو کپ بوون. ئەم جارە کەماڵ گوتی:

«مـن و ئەم بـرادەرەم لە ئـیش دەگەڕایـن. سـەرمان بـە زۆر شـوێندا کـرد. دەرگـای ئێـرە کرابـووەوە. پرسیارمان کرد، ئێرە کوێیە؟ گوتیان لێرە ئیش و کار دەدەن بە خەڵکی بێکـار. هـاتووین بەدوا ئـیش و کار. کاتێ ناویشتان نووسین، پێمان وابوو، دەتانهەوێ ئیشمان بدەنێ».

ئامادەبووان کە لەم تەوس و توانجانەی کەماڵ، کەفیان دەپڕژاند، لە ناکاو هێرشیان کردە سەرمان.

- دەرکەون هەی ئاژاوەچی.

- لاچن لە بەر چاومان هەی خوێڕی.

- هەی غەیانی دووڕوو.

- خێرا ئاسایش ئاگادار کەنەوە.

پێش ئەوەی دەستبەکار بن و تەلەفۆن بۆ پـۆلیس بـکەن، ئێمـە وەک بریسـکە دەرپەڕینـە دەرەوە و بۆی هەڵاتین. لە پلیکانەکان شۆڕبووینەوە و خۆمان گەیاندە سەر شەقام.

شەو باڵی کێشابوو و ئاسمان تاریک ببوو. لە ناو تررووسکایی چراکان وەستاین و ئاوی چاومان سـڕی کە لەبەر فشە و گاڵتە و پێکەنین خۆشخۆش دەهاتە خوار.

بە کەماڵم گوت:

- بۆ وا بێتامت کرد؟ هێشتبات یەکیان بۆ سەرۆک هەڵبژاردبا. ئێمەش ئاهی زگمان دەشکاند.

کەماڵ بە پێکەنینەوە گوتی:

- لاوە باوە. خواردنی نان و خوانی ئەوانە گوڵاوە!

گوتم:

- زگی برسی پاک و پیسی ناناسێ.

کەماڵ بەردەوام دەتریقاوە.

- ئەم هەموو گاڵتەمان کرد، قەیدێ چی ئەکا، با شەوێک بە برسێتی سەر بنێینەوە.

سەرێکم بۆ لەقاند و گوتم:

- وایە، هەر بەڕاست کاری هێندێ لەم پیاوماقوڵانە، گاڵتەجاڕێکی تەواوە.

لە برسان ئەژنۆم شل و شەکەت بوون و سۆمای چاوم لێ بڕابوو. جیهان لەبەر چاوم گەورە و گەورەتـر دەبوو و ئەم ڕستەیە لە بنەبانی مێشکمدا هەوێنی دەبەست کە:

«جیهانی برسییەکان گەلێک فشوفۆڵ و گەورە و گرانە!!!»

٤

## کالان بێ چەقۆ نابێ

پیاوێکی پیر کە نەمدەناسی بە خۆی و بە قاقەزێکی درێژەوە کە هەموو خەڵکی گەڕەک واژۆیان کردبوو، هاتە لام.

پرسیم:

- فەرموو، خێرە؟

گوتی:

- دەبێ بمبووری، من نوێنەری خەڵکی گەڕەکم. ڕەنگە بیستبێتت کە سەرۆکی ئاسایش، ئەم قەدەرەی گۆڕاوە؟

لەمەوبەر ئەم دەنگۆیەم لە چەند کەسێک بیستبوو. دەیانگوت ئەم سەرۆکی نوێی ئاسایشە، تا بڵێی تووڕە و تۆسن و زمان پیسە. بە گژ هەموو کەسدا دێت. خەڵکی گەڕەک لێی ناقایل بوون. خۆم لێ گێل کرد کە ئاگادار نیم و گوتم:

- نا، نەمبیستوە.

پیرەپیاوەکە هەناسێکی هەڵکێشا و پشوویەکی بە گەروویدا و گوتی:

«بەڕێزم، سەرۆکی نوێی ئاسایش، پیاوێکی بەدفەڕ و خەراپە. هەموو لە دەستانی وەزاڵە هاتوون. پێ بخاتە هەر جێیەک، دادێتە خەڵک و دایاندەپەڵۆسێ. تا ئێستاکە هەژدە جار سکاڵامان لە دژی تۆمار کردووە. جێبەجێ نەکراوە. ئەمە سکاڵای نۆزدەهەمە، هێناومەتە خزمەتتان».

لە دڵی خۆمدا گوتم، ڕەنگە کاکم وابزانێ من سەرۆکی شارەوانیم. بۆیە سکاڵای سەرۆکی ئاسایشی هێناوەتە لای من.

ویستم شتێک بڵێم، بەڵام پیرەپیاوەکە هەناسێکی هاتەوە بەرخۆی و درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی:

«خەڵکی گەڕەک داواکارن بەڕێزیشتان واژۆی بکەن. پەنجەمۆری ئێوە بە قاقەزەوە بێت، بێ گومان ئاوڕێکمان لێدەدەنەوە».

من زۆر ڕقم لەو جۆرە کارانەیە. کاتێ کەسێک ناناسم و لە لایەوە قازانج و زیانێک بەر من نەکەوتووە، پێویست ناکات سکاڵا لە دژی تۆمار بکەم یاخود چەپڵەی بۆ لێدەم. بۆچ لە خۆڕا سەرۆکی ئاسایش بکەمە نەیاری خۆم؟ لە لایەکیشەوە نەدەکرا دژایەتی لەگەڵ ڕای خەڵکی گەڕەک بکەم. بە ناعیلاجی واژۆیەکی خێچ و خوارم لە ژێر قاقەزەوە بۆ کرد. واژۆیەکە نە هی من بوو نە هی من نەبوو.

ئەگەر سەرۆکیان گۆڕی، ئەوە منیش لە کۆڵان و گەڕەک سەربەرزانە وا خۆدەنوێنم کە لە بەر واژۆی مـن کابرایان ڕاگوێستووە. دەنا بۆچی تا ئێستا ئەو هەموو سـکاڵایەتان نووسـیوە و هـیچ نەگـۆڕاوە و ئیشـەکە جێبەجـێ نەبـووە؟ ئەگەریـش کـابرا ئاشـنا و ڕۆشـنا و پاڵپشـتی مل‌ئەسـتووری بـوو، لـە جیـاتی ئەوەی بیگۆڕن، بەربینـگ بـە واژۆکەران بگـرن، ئەوە حاشـای لێـدەکەم و دەڵـێم نەبـووە و نەکـراوە و قەت ئەمە واژۆی من نییە و نەبووە.

دوو سـێ ڕۆژ لە نـاردنی سـکاڵاکە تێنەپەڕیبـوو، فڕان‌فـڕان و بگرەوبـبڕە دەسـتی پێکـرد. هەر وەک لێکمدابووەوە جەناب سەرهەنگ پارتی و پاڵپشـتی مل‌ئەسـتووری بـوو. چـاک بـوو واژۆیەکـی سـاختەم لێـدا، بەڵام هەرواش دڵەڕاوکەم بـوو خەڵکـی گەڕەک راپـۆرتم لێـدەن. بـۆیەش بـێ هەسـت و خوسـت دەهاتم و دەچووم، نەکا داوم لە داوی ئاسایش بکەوێت.

شــەوێک لەگەڵ مــاڵ و منــداڵ، شـێومان دەخــوارد. زیــڕەی ئافرەتێــک لە کــۆڵان بەرز بــووەوە و داوای یارمەتی دەکرد.

ویستم وەسەرخۆم نەهێنم. بەڵام خێزانم یەکی بە کەلەکە داکێشام و گوتی:

- ئەرێ پیاوەکە بۆ دانیشتووی؟ هەستە بڕۆ بزانە ئەو ژنە داماوە دەڵێ چی و تووشی چ فەرتەنەیەک بووە.

وڵامم داوە:

- ئەرێ ئافرەت چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟ نانەکەت بخۆ. چما ئێمە پاسەوانی شارین؟

ژنەکەم بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە گوتی:

- دەترسی تێتهەڵدەن؟

ئەو قسەی خێزانم ڕێک لە پۆز و دەمارم درا. یەک و دوو دەرپەڕیم و بازم دایە ناو کۆڵان.

بینیم دوو لاتی مل‌ئەستوور پێشیان بە کچێکـی گەنـج گرتـووە و بە کەڵەگـایەتی و بە زۆر و زۆرداری دەیـانهەوێ سـواری سـەیارەی کەن. هەر بـە ڕاسـتی دەبـێ زۆر بـێ چـاوڕوو و لـە خۆڕادیـو بـی تـا بەم ئێوارەیە لە ناوقەدی شار، وەها کەتنێک وەنێی.

هەستێکی سەیرم هەبوو. وەک دەڵێن خوێن بەری چاوانی گرتبـووم و ببـوومە شـێرێک لەو دەشـتە. بێ ئەوەی بیر لە دەرئەنجامی ئیشەکە بکەمەوە کە چ دەبـێ، هێرشـم بـۆ بـردن. یەکـێ لە لاتەکـان هەر کە منی دیت، بۆی دەرچوو. مەچەکی دەستی دووهەمیانم گرت و نەمهێشت هەڵێت.

ژنەکە دەگریا و دەیناڵاند:

«ئەی باوکەڕۆ بریندارم. یارمەتیم دەن».

لە بەر ڕووناکی چرای سەیارەکان، چەقۆیەکم بە دەست کابرایەوە دیت. بەسەرمدا گوڕاند:

«دەتبەمە ئاسایش، تا لەوێ تاموچێژی چەقۆ هەڵکێشانت نیشان دەن».

کابرا چی نەگوت، بەڵام هەر زوو لە گوتەی خۆم پەژیوان بوومەوە. چونکە ئەو جۆرەی دەیانگوت سەرۆکی ئاسایش سکاڵاکەر و تۆمەتبار لێک هەڵناوێرێت و هەر کەس پێ بخاتە ناو ئاسایش بنەچینێک دارکاری دەکرێ. تا هەموو سەردان کەرانیش دانەپڵۆسێت، ناحەسێتەوە.

ئەگەر دەیناسیمەوە و تێدەگەیی قاقەزی سکاڵام لە سەر واژۆ کردووە، ئیتر بێ سێ و دوو، دامدەهات. دڕدۆنگ و چاولەدووی دەرفەتێک بووم کە ژنەکەم لە پەنجەرەوە هەرای کردم:

«بۆ دەستەوستانی؟! ئەو ژنە داماوە لەخۆچوو. خێرا بیانفڕێنە و ڕادەستی ئاسایشیان بکە. بەشکم بە بەهانایەوە بێن».

چارم نەما، بەرەو ئاسایش شۆڕبوومەوە. بە ترس و تاوتینەوە چوومە ژووری سەرۆکی ئاسایش. هەر کە چاوم بە قەڵافەت و بەژن و باڵای سەرۆکی ئاسایش کەوت، ئەژنۆم شکان و نێوکم کەوت. هێندەی نەمابوو جەڵتەم لێدات. سەروسەکوتی سەرۆکی ئاسایش لە سەری کەرگەدەن دەچوو. فیلەتەنێک بوو. کاتێ قسەی دەکرد، دەتگوت مایکی قووت داوە.

هەر بە سەر پێوە، ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە. سەرۆکی ئاسایش لە کوڕەی پرسی:

- باسەکە چییە؟

تاوانبار زۆر لە سەرەخۆ گوتی:

- جەنابی سەرۆک بە کۆڵاندا تێدەپەڕیم کە ئەم پیاوە ڕەپێچی دام و هێنامیە ئێرە.

بەم قسەیە وا هەڵبەزیمەوە کە سەرۆکی ئاسایشیش تێگەیشت. سەرهەنگ بە تاوانباری گوت:

- چەقەچەقێ زۆر مەکە. چەقۆکەت دەربێنە بزانم؟

- چەقۆی چی؟ جەنابی سەرۆک من چەقۆم پێ نییە. قەت ئەوە قسەیە. لەوەتی هەم قەت چەقۆم پێ نەبووە.

بە ئاماژەی سەرۆکی ئاسایش، فەرمانبەرەکان هەموو لەشی تاوانباریان پشکنی. چەقۆیان نەدیتەوە. بەڵام کالانی چەقۆکە بە قایشی شاڵوارەکەیەوە بوو.

کالانی چەقۆکەیان لێکردەوە و دایانە دەست سەرۆک. جەناب سەرهەنگیش کالانی چەقۆکەی بەرەوڕووی هەتیوەکە ڕاداشت و گوتی:

- ئەی ئەمە چییە؟

تاوانبار لە سەرەخۆ گوتی:

- کالانی چەقۆیە.

- دەی هەر تۆ نەبووی دەتگوت قەت چەقۆ لەگەڵ خۆت هەڵناگرم؟!

- بەڵێ وامگوت. بەس کالانی چەقۆ لەگەڵ چەقۆ جیاوازە.

سەرۆکی ئاسایش کە بەرەو هەڵچوون دەچووو، نەڕاندی:

- هەی والێکراو، کالان بێ چەقۆ دەبێ؟

- بەڵێ گەورەم. هێندێک کەس چەقۆیان پێیە، بەڵام من بەس کالانەکەی هەڵدەگرم.

ڕوخساری سەرۆکی ئاسایش سوور هەڵگەڕا. دەماری ملی دەتگوت گوریسە لە ژێر پێستییەوە خەریکە دەرپەڕێتە دەرەوە. دیاربوو هەوڵی زۆر دەدا بە سەرخۆیدا زاڵ بێت و لە خشتە دەرنەچێت. گوتی:

- کوڕی خۆم لەمە زیاتر دەهریم مەکە. ڕاستییەکەی بڵێ ئەگینا هەرچی بە سەرت هات، سووچی خۆتە هاااا.

کابرای نێرەکەر هەرمێشیشی میوان نەبوو. دەتگوت لەگەڵ ئەویان نییە. زۆر پشوو درێژ و بەکاوەخۆ قسەی دەکرد. بەپێچەوانەوە، من بەڕاستی زراوم چووبوو.

جەناب سەرهەنگ بەرامبەری تاوانبار وەستا. لەگەڵ ئەوەی کە کوڕەش زۆر بەخۆوە و ملئەستوور بوو، بەڵام بەم حالەش سەری نەدەگەیشتە شانی سەرۆک.

لە دڵی خۆم دا گوتم:

«ئێستاکە چەپەخانەیەکی وای تێدەسرەوێنێت نان و دۆی باوکی ناخواتەوە. لەخۆڕا و بێتاوان دەبمە هاوبەشی کوژرانی ئەو هەتیوە». لەوەی کە ئەو مەلخوولەم هێنابووە ئاسایش، وەک سەگ، پەژیوان بووم.

سەرۆکی ئاسایش گوتی:

- بۆ دوایین جار لێتدەپرسم، ئەمە چییە؟

ئەو زلحۆلە دیسان لەسەرەخۆ وڵامی داوە:

- گەورەم ناوی کالانە چەقۆیە. ئەگەر بڕواتان بە من نییە، لەوانیتر بپرسن.

- چەقۆیەکەی کوا؟

- چەقۆی لەگەڵ نەبوو.

- ئاخر هەتیوە کێ کالانی بێ چەقۆ لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ؟

- من هەڵیدەگرم. بە خەڵکی چی؟ خۆ یاساغ نییە؟

دەستی سەرۆک وەلەرزەلەرز کەوت. بەڵام هەروا خۆی دەپاراست. گوتی:

- کوڕە شێت و هارم مەکە. کالان بێ چەقۆ نابێ. پێم بڵێ چەقۆیەکەت چ لێکردووە؟

- من وا ڕاهاتووم کالان بە بێ چەقۆ هەڵگرم.

سەرۆکی ئاسایش مستێکی توندی لە سەر مێزەکە راکێشا و گوتی:

- کەس کالانی بێ چەقۆ نافرۆشێت. تۆ کالانی بێ چەقۆت لە کوێ کڕیوە؟!

تاوانبار لەسەرەخۆ وڵامی داوە:

- نەمکڕیوە.

- ئەگەر وابێ دزیوتە؟

- نەشمدزیوە.

تووکی سەری سەرۆک ئاسایش لە ڕق و تووڕەییان قرژ ببوو. نەڕاندی:

- راستییەکەی بڵێ، دەنا خەراپت بە سەر دێ هاااا.

- گەورەم، برادەرێکم خەڵاتی کردووم.

- برادەرەکەت کێیە؟

تاوانبار ئاماژەی بە من کرد و گوتی:

- حەسەنی ناوە.

ئەوەندە تۆقام دەنگێکی سەیروسەمەرەم لە دەمەوە هات. هێندەی نەمابوو لەخۆ میزم و پانتۆڵەکەم تەڕ کەم.

سەرۆک ئاسایش پاسەوانەکانی دەنگ دا و گوتی:

- ئەو هیچ و پووچ و خوێڕییە داکەنە کونێ تا ئاقڵی دێتەوە بەر. برادەرەکەشی وەبینن و دەستبەسەری کەن و بیهێننە ئێرە.

پاسەوانەکان تاوانباریان پێش خۆ دا. من لە ژێر کاریگەری هەستی دەروونی جۆراوجۆر دا بووم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

«لەبەر چی خەڵک پشتەملەی ئەم سەرۆکە پیاوە قسەی پڕوپووچ دەکەن. پیاوی ئاوا لە سەرەخۆ و هێمن لە کوێ هەیە. ئەگەر بەرد بووایە دەقەڵشی. بەڵام ئەم بەڕێزە هەر دەستی بەرز نەکردەوە، مستێکی لێدات».

سەرۆکی ئاسایش لە پشت مێزەکەی دانیشت و بە منیشی گوت:

- دانیشە.

لە تەنیشت مێزی جەناب سەرهەنگ دانیشتم. دەستمان بە قسە کرد. سەرۆکی ئاسایش گوتی:

- بەڕێزت بینیت ئەم کوڕە نێرەکەرە چۆن بە دڵنیایی و بوێرانە درۆی دەکرد؟ پیاو ئەم کەسە گەوج و گەمژانە، بەر شەق و پێلاقە نەدات چ بکات؟ توو سەری باوکت پێمبڵێ دەبێ من چ بکەم. ئافرەتێکی

بەر چەقۆ داوە. کالانەکە هێشتا بە قەدییەوەیە. بەو حاڵەش حاشا دەکات. ئاخر من چۆن ئەمانە بنێرمە دادگا؟ ئەگەریش بە زەبری لێدان و تێهەڵدان، دان بە راستییەکەدا بنێت، ئەمجار نەیارەکان دەچن، لە دژی من سکاڵا تۆمار دەکەن. تا ئێستا هەژدە جار سکاڵایان کردووە. سپاس بۆ یەزدانی مەزن، پەرێز و پێشینەم پاک و بێگەردە. من ڕاهێنانی پۆلیسیم لە ئەمریکا تێپەڕاندووە و تا ئێستا سپاسنامەی زۆرم لە وڵاتە گرینگەکانی جیهان وەرگرتووە.

هەر کەس لە جیاتی من با، بەم هەموو سکاڵایە ڕوحی باوکیان دەهێنا بەر چاو. بەڵام ئاگاداری منن و لێیان ڕوونە سکاڵاکان دوورن لە ڕاستی. شارەوانی گشتی بەر گوێیان هەڵێناوم کە مافی ئەوەم نییە هەر پتەش لە کەس بدەم. ئەگینا لە ماوەی یەک خولەکدا هەر چی هەبوو و نەبوو پێم دەدرکاند. ترسی ئەوەم هەیە لە ئیشەکەم دەرمکەن و هەڵمپەسێرن و ماڵ و منداڵم بێ نان و ئاو بن.

لەم کاتەدا پاسەوانێک هاتە ژوورەکە و ڕایگەیاند برادەری تاوانبارەکە لە کەناری دەریا دەستبەسەر کراوە و هێناویانە بۆ ئاسایش. سەرۆکی ئاسایش فەرمانیدا و تاوانبار و برادەرەکەی جیاجیا هاتنە ژوورەکە و پشت لە یەک و ڕوو بە دیوار ڕاوەستان. لە برادەری تاوانبارەکەی پرسی:

- تۆ شتێکت بە دیاری داوەتە برادەرەکەت؟!

پێش ئەوەی وڵام داتەوە، تاوانبار بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- بەڵێ، دیاری پێشکەش کردووم.

سەرۆکی ئاسایش نەڕاندی:

- تۆ دەمت داخە.

بە حەسەنی گوت:

- وڵام دەوە بەڵێ یا نەخێر؟

حەسەن گوتی:

- ڕەنگە دیاریم دابێ. بیرم نییە.

تاوانبار دیسان بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- کوڕە چما کالانی چەقۆت نەدا بە من؟

سەرۆکی ئاسایش دیسان نەڕاندی:

- پێمگوتی دەمت داخە.

سەرۆک، کالانەچەقۆی نیشانی حەسەن دا و لێی پرسی:

- تۆ ئەمەت بە دیاری داوەتە برادەرەکەت؟

- نەخێر گەورەم، من نەمداوە.

رومەتی هەر دووک برادەرەکە گرژ بوو.

تاوانبار گوتی:

- حەسەن بۆ درۆ دەکەی؟ چما تۆ ئەم کالانەت بە دیاری نەدا بە من؟

- نەخێر من نەمداوە.

- ڕەنگە هۆشت نەبێ. پیاو نابێ ئاوا زوو شتی لە بیر بچێتەوە.

- کوڕە من کەی دیاریم داوە بە تۆ؟!!!

ئەم جارە سەرۆکی ئاسایش خۆی تاوانباری بردە ژێرخان و فەرمانی دایە پاسەوانان کە تاوانبار لە فەلاقە دەن. پاسەوانەکان تاوانباریان لە سەر عەرز ڕاکێشا و لاقیان بە داری فەلاقەوە بەست.

سەرۆکی ئاسایش لە سەر ئەژنۆ دانیشت و دەستی بە پاڕانەوە کرد:

- کوڕی چاک وەرە پیاوەتی بکە و ڕاستییەکە بڵێ. چەقۆیەکە لە کوێیە؟ لە کوێت فڕێداوە؟ من تەڵاقم خواردووە بۆ سەرۆکی شارەوانی گشتی لە کەس نەدەم. دەبیڵێ ڕۆڵە گیان. چۆن دڵت دێ سوێندم لێ بکەوێت؟

تاوانبار دیسان هەر ئەو قسەکەی دووپات کردەوە:

- من بەس کالانی بێ چەقۆ هەڵدەگرم. تەواو. قسەیەکی‌ترم نییە.

- کوڕی باش با سوێندم لێ نەکەوێت.

- گەورەم هەر چی دەکەی بیکە. قسەی من هەر ئەوەیە کە گوتم.

سەرۆکی ئاسایش فەرمانی بە پاسەوانەکانی کرد کە بیکوتن. قامچی کە پێکهاتبوو لە تەلی گەورە و گران، دەچووە سەرەوە و بەتین و تاو دەهاتە خوارەوە. هەر کام لەم قامچیانە دەیتوانی جوانەگایەک بخاتە سەر عەرز و بە چۆکی دابێنێت. بەڵام ئەم هەتیوە زۆر خۆڕاگرانە هەر دەنگی لێنەهات.

سەرۆکی ئاسایش جەرگی بۆ سووتا و دیسان لە بەرامبەری چۆکی دادا و گوتی:

- کاکی خۆم بۆ وا لاسار و کەللەڕەقی؟ چاوت لە حاڵ و باڵی خۆت نییە چت بە سەر هاتووە؟

بەڵام تاوانبار بە هیچ شێوازێک نەیدەویست ڕاستییەکە بدرکێنێ. جەرگم بۆ هەر دووکیان ژانی دەکرد. دەستم کرد بە پاڕانەوە. بابە گیان من چەقۆیەکەم بە دەست تۆوە دیت. ئەگەریش ئێستا دان بەتاوانی خۆتا نەنێی، ئەوە من لە دادگا شایەتی دەدەم. واچاکترە خۆت ڕاستییەکە بدرکێنی و خۆت لەم چەرمەسەرییە ڕزگار بکەی.

- قسەیەکم نییە. چەقۆم پێ نەبووە. بەس کالانە بەتاڵەکە هی منە.

به فەرمانی سەرۆک دیسان تیر و پڕ و خەست و خۆڵ تێیانهەڵدا. ئەگەر ئەم قامچیانە لە بیست سی کەسیتر درابا، هەموو لە پێ دەکەوتن. بەڵام ئەم کەرەپیاوە، «وەی» بە زارا نەهات.

بە هەر شێوەیەک سەرۆک ئاسایش لێی دەپاڕایەوە و منیش ئامۆژگاریم دەکرد، هەر قسەی خۆی دەبیست.

سەرۆکی ئاسایش پێی گوت:

«کوڕی باش. ئەگەر بەزەییت بە خۆت دانایات، بەزەییت بە ژن و منداڵی من دابێت. سوور دەزانم تۆ بە چەقۆ لەو ژنەت داوە، وەرە پیاوانە دانی پێدابنێ. بە غەوس لە ئاسایشم ڕادەگوێزن و لەبەر تۆ لە سەرۆکایەتیم دەخەن و مووچەکەشم دوادەخرێت».

فرمێسک لە چاوی سەرۆکی ئاسایش قەتیس ما و کوڵەگریان بەر ئەوکی گرت. تاوانبارەکە ماوەیەک بێ هەست و خوست لە ڕوخساری سەرۆکی ئاسایشی ڕوانی. لەناکاو بە شێوازێکی پتەو گوتی:

- ئەگەر لە ژێر ئەشکەنجەشدا منت کوشتبا، قەت نەمدەدرکاند. بەڵام بەزەییم بە ژن و منداڵت دادێ. ئێستا دانی پێدادەنێم، کالان، بێ چەقۆ نابێ. منیش چەقۆم پێ بوو و لە کاتی دەستبەسەر کرانم، لە کۆڵان فڕێمدا.

دوو پاسەوان چوون و چەقۆیان دۆزییەوە و لەگەڵ خۆیان هێنا. بەجۆرێک بەر پێی تاوانباریان بە قامچی کۆڵەوار کردبوو کە نەیدەتوانی بەڕێدا بڕوات. لە سووچێکی دیواری ژوورەکە هەڵکورمابوو. گوتی:

«بنووسن هەر کەس پیاو بێ، بێ چەقۆ نابێ. کالانی بێ چەقۆش بە تەنیا نافرۆشن و هەموو کالانێک چەقۆیەکی هەیە».

## ٥

# شێتە هەڵاتووەکە

بە نیاز بووم لە «ئەمین ئۆنوو»وەوە بچمە «کاراکێو». کە گەیشتمە سەرپردەکە، دەنگی هاوارێک بەرز بووەوە:

«بیگرن. مەهێڵن هەڵێت».

پاسەوانەکان غاریاندا و کردیانە هەڵاتهەڵات و فیکەفیک. ئاڵۆزی کەوتە ناو خەڵک. هەموو لە یەکتریان دەپرسی:

- چی ڕوویداوە؟

- چ قەوماوە؟

- شێتێک لەدەست پاسەوانەکان ڕای کردووە.

- پاسەوانەکانیش بە هەوای خۆیان کار دەکەن. جاری وایە هەمووان پەلبەست دەکەن. جاری واشە دەیانڕەتێنن.

پیاوێک لە تەنیشت منەوە گوتی:

«توو سەری باوکت چاو لەم ئاقڵانە کە. پەرژینێکی قایم بێ، ئابڕووی شێتەکانیشیان بردووە. چاو چۆن بەسەر و گوێلاکی یەکتر هەڵدەڕووسکێن!»

چاوێکم لێکرد. نەمدەزانی چی وڵام دەمەوە. بەس بزەیەکم کرد.

پیاوێک کە بە لادا تێدەپەڕی، گوتی:

«وەک دەڵێن کابرا شێتە زۆر مەترسیدارە. تا ئێستاکە چوار کەسی کوشتووە».

لەگەڵ ئەو پیاوەی کە لەمەوبەر قسەی دەکرد، کەوتمە ڕێ. زۆری قسە و بەسەرهاتی خۆش و بەتامی شێت و پێتەکانی بۆ گێڕامەوە. هەم دەراوی زاری گەرم و گوڕ بوو، هەم زۆر قسەزان بوو. بەتایبەت پێش گێڕانەوەی نوکتەیەک، بۆ خۆی چینێک پێدەکەنی و گوێگرەکەشی وەجۆش دێنا. یەکێ لە نوکتەکانی ئەوە بوو، دەیگوت:

«ڕەنگە بیستبێتت ئاقڵێک لە شێتێک دەپرسێ: لەم ژوورە چەند شێت هەیە. شێتەکەش خێرا وڵام دەداتەوە: بەڕێزت بفەرموون لە دەرەوە چەند ئاقڵ هەیە؟»

دوای گێڕانەوەی ئەم نەزیلەیە ئاماژەی بە کەسێک کرد و گوتی:

- بۆ وێنە ئەم پیاوەش لە ئاقڵەکانە.

ڕووم وەرگێڕا بۆ لای ئەو کەسەی دەستی بۆ ڕاداشتبوو. کابرا هیچ وەک ئاقڵ و ماقووڵێک نەدەچـوو. هەڵسووکەوتی زۆر سەیروسەمەرە بوو.

هاوڕێیەکەم گوتی:

- ئێمە چووزانین ئەمە هەر ئەو پیاوە شێتە هەڵاتووە نییە؟!

چاکی بۆچووبوو. کـابرا بە دەم ڕێگـاوە لەگەڵ خـۆی هەر مشـتومڕی بـوو. بە سـەر و دەسـت و شـان هەڵتەکاندن، سەما و بەزم و ڕەزمی بوو.

جارجارە لە سەرەخۆ دەدوا و جاری واشبوو بە دەنگی بەرز جنێوی دەدا. سـەر شـێتانە دەسـتی بەرز دەکردەوە و هەڕەشە و گوڕەشەی دەکرد. دژ بە دوژمنی نادیار، تانەوتەشەری دەپژاند.

وڵامم داوە:

- دەڵێی بۆ خۆیەتی!

- دەڵێی چی، سەتاسەد هەوە کاکە.

گوتم:

- پاسەوانەکان ئاگادار کەین.

هاوڕێیەکەم بە پێکەنینەوە گوتی:

- هەر ئەو یەکە نییە. ئا ئەمەش چاو لێ کە. ئەویش تەواو نییە.

روانیمە ئەو پیاوەی کە ئاماژەی پێـدابوو. ئەمەیـان خێـرا خێـرا دەڕۆیشـت و قاقـا پێـدەکەنی. لـێمان روون نەبوو بە چی پێدەکەنێت. لەناکاو رادەوەستا و بە قامکەکانی وەردەبووە هەژماردن و لێکدانەوە.

گوتم:

- بەڵێ. ئەمەش شێتە. ڕەنگە ئەمە شێتە هەڵاتووەکە بێت. دەبێ پاسەوانەکان ئاگادار کەین.

برادەرەکەم بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

- ئەگەر بڕیار وابێ شێتەکان قۆڵبەست کەن، کەس لە شەقام نـامێنێتەوە. دەڵێـی وانیـیە؟ گـوێ لە قسەی ئا ئەم دو کەسەی لە پێشمانەوە دەڕۆن ڕاگرە. گوێ ڕادێرە، بزانە دەڵێن چی!

لــێم ڕوانــین. یەکیــان زۆر قەڵەو و ئەویتریــان تــا بڵێــی ڕیــوەڵە بــوو. بە باشــی قســەکانم دەبیستن. خووڵە بە کزەی دەگوت:

«سووچی خۆمانە کاکە. لەحانـد داگیـرکەران کەمتەرخەمـین. بـۆ دەبـێ ئیزنـی ئەوە بـدەین تـا هەر کوێیەک بۆیان دەلوێت، کولاومان لە سەر نێن و گیرفانمان هەڵتەکێنن.»

لەبەر دەم بارگەوبنەی پرتەقاڵ فرۆشێک تێدەپەڕین. خوولەپنە ئاماژەی بە پرتەقاڵ فرۆش کرد و گوتی:

«بۆ وێنە لەمە پرسیار بکە، پرتەقاڵ دەنکی بە چەندە؟ ئەگەر گوتی دەنکی بە پەنجا قروشە، نابێ دەستاودەستی لێ بکەی. دەبێ رۆبێیە لینگانی، هەڵیگری و لە سەر ئەم پردە سەرەونخوون هەڵیدێرییە خوارەوە.

دواتر بچییە لای سەوزیفرۆش. پرسیار بکە: سەوزی دەسکی بە چەندەیە؟ هەر کە زاری هەڵپچڕێت و بڵێت، دە... دە... دە قروش. ئیتر نابێ ئەمانی بدەی و دەبێ لینگانی بگری و ئەمیش لە سەر پردەکە فڕێ دەیە تەنیشت ئەویتر. ئەگەر سێ چوارێکان داپڵۆسین، دەزانن پووت چەند کیلۆیە و وازدێنن».

کزەکە هاوکات کە سەری بۆ قسەکانی هاوڕێیەکەی دەلەقاند، گوتی:

«کشتوکاڵ کاکە گیان. کشتوکاڵ زۆر گرینگە. لە پێشدا کشتوکاڵ جا دواتر ئازادی. حوکمەت دەبێ هەموو زەوییەکان بکێڵێت و دایانچێنێت. من بۆ خۆم لە ئینجانەی ئاساییدا پیواز و پەتاتە و لوبیام چاندووە. ئەگەر هەموو خەڵک ئەم ئیشە بکەن و لە ئینجانەدا باینجان و بیبەری سەوز و ئەم جۆرە شتانە بەرهەم بێنن، ئیتر قەیرانی خواردەمەنی بەرەوروومان نابێتەوە. کاتێک لە وڵات پیواز و هاروێ نەبێ، ئەمین بە ئازادیشمان نابێت».

خوولەپنە بێ ئەوەی گوێ بۆ قسەکانی برادەرەکەی ڕادێرێت گوتی:

«قامچی دەرمانی دەردی ئەمانەیە. بەس قامچی. ئەم گەلە بێ قامچی نابێتە بەشەر. لە خۆڕا پێشینیان نەیانگوتوە: «شەق لە بەهەشتەوە هاتووە».

هەروا هەردووک بەیەکەوە دەدوان و درێژەیان بە قسەکانیان دەدا:

«بەر لە یاسای بنەڕەتی، لوبیای سەوز و هاروێ، ئەو خەڵکە بە زمانی خۆش تێناگەن. لینگیان بگرە و فڕێیدە خوارەوە. دەبێ هەمووومان لە ئینجانەدا کەوەر داچێنین و توور بەرهەم بێنین».

لە هاوڕێیەکەم پرسی:

- دوو شێت ڕایانکردووە یان یەکدانە؟

شانی هەڵتەکاند و گوتی:

- نازانم، مەبەستت چییە؟

- ئەم دوانە هەردوکیان شێتن. دەبێ ئاسایش ئاگادار کەینەوە.

برادەرەکەم پێکەنی و گوتی:

- ناکا بۆ خۆشت ... !!! ئەریٚ؟! تۆ یا زۆر بیٚ ئیش و کاری یا بەزمت پیٚخۆشە. سەریٚک نەهیٚشیٚت پریٚسکەی لیٚ نابەستن.

تیٚگەیشتم و زانیم قسەی هاورِیٚیەکەمە. منیش پیٚکەنیم. لە پلیکانەکان شۆرِ بوومەوە تا بلیٚت بکرِم و لە لەنگەرگا، سواری پاپۆریٚک بم. ژنیٚکی گەنج و جوان، لە پلیکانەکان دەهاتە سەر. جلی ئافرەتەکە زۆر کورت و تەسک بوو. برادەرەکەم گوتی:

- چاک چاو لیٚکە. ئەمەش بۆ خۆی جۆریٚکە لە شیٚتی.

دوو گەنجی گەللۆر دوای ئافرەتەکە کەوتبوون و لیٚکدا لیٚکدا قسەی پیس و ناشیرینیان پیٚدەگوت. هەر کە گەیشتنە لای ئیٚمە، ئافرەتەکە بە جانتاکەی دەستی تا هیٚزی تیٚدابوو بە سەر یەکیٚ لە گەنجەکانی داکیٚشا و قیژاندی:

«لاچۆ لەبەر چاوم هەی شیٚت و شوور!»

گوتم:

- ئەوانە شیٚتەکانن.

برادەرەکەم بە توندی باسکی گرتم و رِایکیٚشام:

- وەرە با برِۆین لە خۆت گەرِیٚ خۆت پیٚوە دەکەی ها.

لە لەنگەرگا ژن و میٚردیٚک شەرِیان بوو و

برادەرەکەم بە گالتەوە گوتی:

- شیٚتە رِاستەقینەکان ئەم دوانەن. دەلیٚی نەیاندەتوانی لە مالە کلیٚسەکەی خۆیان تیٚکبەربن. هاتوونە ئیٚرە لە پیٚش چاوی خەلک تیٚک هەلدەپرِژیٚن.

میٚردەکە دەیگوت:

«بە خولای لە چنگانت سەری خۆم هەلدەگرم و دەرِۆم، مل بە شاخ و کیٚوانەوە دەنیٚم. بە جۆریٚک خۆم بزر دەکەم قەت نەمبینییەوە».

خیٚزانی ولامی دەداوە:

«جا کیٚ بەری پیٚگرتووی؟! دەک بەغدا نیوەرِیٚت بیٚ. پیٚتوایە قات و قرِییە؟ میٚرد بۆ من وەک خیز و خۆل رِژاوە».

پیاوەکە بە هەموو تینی خۆی، زللەیەکی لە بناگویٚی ژنەکە دا. ژنەکە قیژاندی و دەستی کرد بە قسە و جنیٚوی ناحەز. جوان شتی و لەویٚی دانا.

برادەرەکەم پیلی گرتم و رِایکیٚشام:

- هەڵێ با بڕۆین. دەنا وەک ئاگاداری ڕووداوەکە قۆڵبەستمان دەکەن.

بە پەلە وەڕێ کەوتین تا لە گۆڕەپانی ئەم ژانەسەرە دەرباز بین. بەرەو لەنگەرگا هەڵدەهاتین کە لەناکاو دوو پاسەوان لە پشتەوە، توند قۆڵی هاوڕێیەکەمیان گرت. یەکێ لە پاسەوانەکان خێرا بە پشتێندەکەی دەست و پەلی برادەرەکەمی بەست و دووهەمینیش لێکدا لێکدا هەڕەشەی دەکرد:

«پێتوایە وا بە ئاسانی بۆی دەردەچی؟ ها؟ وەرە پێشمان کەوە».

من گێژ و وڕ بووم. ئەمە ئیتر چ فەرتەنەیەکە؟!!!

هاوڕێیەکەم بە پێکەنینەوە گوتی:

- من ئیتر بەجێت دێڵم، ماڵاوا.

ویستم بەدوایدا بچم. هەر چی بێت، پیاو دەتوانێ لە شێتخانە باشتر بژیت نەک لە دەرەوە. بەڵام کەوتمە بیری خاووخێزانم. ئەوان چ لێ بکەم؟ لە چوونەکەم پاشگەز بوومەوە و گوتم:

«بڕۆ سەر چاوم. هەوڵدە جارێکیتر هەڵنێیەی، دەنا پەژیوان دەبییەوە هاااا!!»

## ٦

## بارگین کە دەڵێن، ئەمەیە؟

عەبە چەرچـی بە چـاپۆک وەرگەڕابـووە سەروسـەکوتی خـۆی و بـە داروبەردی جـوێن ئەدا. ئیـتر نەیـدەتوانی بچێـتەوە نـاو گونـد. لە بەر خەڵکـی ئـاوایی لە ڕووی نەدەهـات. بەتـایبەت لە بەر خێزانـی، زۆری پێ شوورەیی بوو. بەڵام چاری نەبوو. ئەم برینە بەو کارە سارێژ نەدەبوو.

«تفوووو هەی، لەم چارەڕەشییە. کۆستم کەوت».

لە پەنا جۆگەلە ئاوێک دانیشت. باسکی بەر چەنەگەی دا و نووقمی خەیاڵ بوو.

«یار و نەیار پێم دەڵێن عەبە چەرچی سوارچاک. بەردەوام باشترین بارگینی دنیا هی من بـووە. هەر کات بیسـتم بـارگینێکی ڕەسـەن لەوپەڕی دنیـا هەیە، خێـرا ڕێوشـوێنم هەڵگرتـووە و بـۆی چـووم و هەر چۆنێک بووە، بێ چاوچنۆکی کڕیومە و بوومە خاوەنی. بەڵام ئێستا دەور و زەمـان گـۆڕاوە. وای لێهـاتووە هیچوپووچێک هـاتووە و بـارگینەکەمی دزیـوە. ئەم بێئابڕوویـە دەبـێ کـێ بـێ؟! چـۆن زاتـی کـردووە، ئەسـپی عەبە چەرچـی بڕفێنـێ؟! سـەگبابێک نیـیە پـێم بڵێـت، عەبـە حـۆل، هەر چـی چەرچیـیە چاوبەرەژێرت کردووە و ناوی چەرچییەکانت سووکوچرووک کردووە».

چی دەیهێنا و دەیبرد بۆی نەدەچووە سەریەک. تـاقە ڕێگـایەکی بەدی دەکـرد، ئەویـش خۆکوشـتن بوو. بڕیاری دا خۆی هەڵدێرێتە ناو خڕودۆڵێک. ئاوا هەر کەسێ بیستبای دەیگوت:

«عەبە چەنـدە جـوانمێر و مێرخـاس بـووە. ویسـتوویەتی بە چـوار نـاڵی لەم زەندۆڵـە بـاز بـدات، هەڵدێراوەتە خوارەوە».

بەڵام وازی لەم بڕیارە هێنا و خۆی بە خۆی گوت:

«بە مردنی من چ ئیشێک جێبەجێ نابێت. خۆشـم لەنـاو بـبەم، دەی بـارگین چـی بە سـەر دێـت؟! ڕۆژێـک هەر دێ برادەرەکـانم ئەسـپەکەم لە ژێـر ڕکێفـی یەکێـتر ببیـنن و گووکـاریەکەم دەرکەوێـت و پەتەم بێتە سەر ئاو. نا ئاوا نابێ. دەبێ زیاتر لێی ورد ببمەوە».

دیسان نوقمی خەیاڵ بوو. «دەبێ لە حەولی یەکیتر دابم و بارگینێکی باشتر لە هی خۆم بـدۆزمەوە و جاڕ بدەم بارگینە کوێتم بە یەکی گەلێک باشتر و خورتتر گۆڕیوەتەوە».

لە دوورەوە دەنگی ڕمبوکوتی ناڵی ئەسپێک هـاتە بەر گـوێی کـە بە تـاو بەرەو ئەو دەهـات. عەبـە بە خێرایی ڕاکشا و خـۆی لـە خەو نـا. دەنگـی نـاڵی ئەسـپەکە هەر نزیـکتر دەبـووەوە. سـوارەکە لە قەراخ جۆگە ئاوەکە وەستا. عەبە چەرچی لە ژێرەوە ئەسپەکەی هەڵسەنگاند.

«لەو خەسارە! لەغاو و جلک و ئاوزەنگی وەها شاز لەم قۆترە شکاوە نراوە! کەرە خوێرییەک لەم ئەسپە گورجوگۆڵتر. ڕەنگە خەڵک بزانن سەودام لەگەڵ ئەم گۆڵە بارگینە کردووە، لە سەر گازی پشت بکەون. نا واناکەم. هەر کەس لە سەر سەبرانە، لە سەر خێرانە. خۆ مت دەکەم، تا یەکیتر بێت.»

خۆی لە خەو نا. وڵامی ماندوو نەبوونی سوارەکەشی نەداوە. کابرا ئاوی خواردەوە و ئەسپی ئاودا و چوو. دوای ئەو، سێ چوار کەسیتر بە وڵاخە بەرزەوە هاتن و ئاویاندا و ڕۆیشتن. بە هۆی ئەمەی هیچ کامیان بە دڵی عەبە نەبوون، بێ هەستوخوست هەروا ڕاکشا.

لە بەر خۆیەوە دەیگوت:

«ئەی هاوار چارەنووس».

لەم کاتەدا دەنگی ناڵی ئەسپێک هاتە بەرگوێی کە تەزووی خستە جەستەی عەبەوە. ئاهەنگی نەرمەلۆقەی ناڵی ئەسپەکە وایدەنواند زۆر جوانوویەکی خورت و خێرا و ئازا بێت. تا ئەو کاتە، دەنگێکی وەها ڕیتمیکی لە لۆقەی ئەسپێک نەبیستبوو. کاتێ ئەسپەکە حیلاندی، دڵی عەبە چەرچی لە حەز و تاسە کەوتە خورپە و ترپە.

سوارەکە هاتە نزیک و لە پاڵ جۆگەکە وەستا. عەبە بە دزی و لە ژێرەوە، چاوی لە بەژن و باڵای ئەسپەکە کرد. بارگینەکە بە سمکۆڵان عەرزی هەڵدەدڕی و دەیحیلاند. عەبە وەک کەسێکی خەواڵوو کە بە دەنگی حیلەی ئەسپێک لە خەو هەستابێ، هەستا سەرپێ. سوارەکە سڵاوی لە عەبە کرد:

- سڵاوت لێ بێ.

عەبە چەرچی وای نواند گوێی لە سڵاوی کابرا نەبووە. چاوەکانی هەڵگلۆفین. هاوکات کە لە بارگینەکەی دەڕوانی، کەمێک ئەملا و ئەولای کرد و گوتی:

- تەححححح ئەی باوکەڕۆ ئەمە ئیتر چییە؟!!! ناکا لە خەو دا بم؟!

سوارەکە پێکەنی. تا ئەو کاتە پیاوێکی وەها ساویلکەی نەبینیبوو. بە تەوسەوە گوتی:

- چ بووە؟ بۆوا حەپەساوی؟

عەبە چەرچی سڵەمییەوە و گوتی:

- چۆن ناحەپەسێم، تۆ چۆن سواری بوونەوەرێکی وەها زەبەلاح دەبی؟!!!

سوارەکە کە تاسابوو گوتی:

- کام بوونەوەری زەبەلاح؟! بۆ تا ئێستا بارگینت نەبینیوە؟!

- چی؟ ئەمە بارگینە؟! بارگین کە دەڵێن ئەمەیە؟

- ئەرێ بە سەرت. بارگین ئەمەیە. چما تا ئێستا لە ژیانتدا بارگینت نەدیتووە؟!

عەبە چەرچی لە کاتێکدا کە دوعا و نزای دەخوێند و فووی بە خۆیدا دەکرد، وڵامی داوە:

- نەمبینیوە کاکە. لۆمەم مەکە!

- لە گوندی ئێوە بارگینی لێ نییە؟

- نا. بارگینی لێ نییە. بەڵام تا حەز بکەی لە گوندی ئێمە کەری لێیە.

- نەچوویە هیچ شوێنێکیتر بارگین ببینی؟

- نا یەکەم جارە لە گوندەکەمان دەرکەوتووم.

سوارەکە سەرێکی لەقاند و گوتی:

- بەڕاستی زۆر سەیرە. کەسێک بەم تەمەنەوە بارگینی نەدیتبێت!

عەبە پرسی:

- ئاوێ ناخواتەوە؟!

- چما نابینی؟ خەریکی ئاو خواردنەوەیە ئیتر.

- دەبینم. دەبەرت مرم خوایە. چ بوونەوەرێکت هەن. کەوابوو ئەمە ئەو بارگینەیە کە دەڵێن!

- بەڵێ. چاکی چاو لێکە. ئەمە بارگینە!

عەبە پرسی:

- ئەم بارگینە بە کەڵکی چ دێت؟

سوارەکە کە بە گەمژەیی عەبە، لە خۆ ببووەوە کەیفی ساز ببوو، وڵامی داوە:

- سواری دەبین.

عەبە بە حەپەساوی بە خۆی دادا و گوتی:

- بەڕاستی؟ ئەمەش هەر وەک گوێدرێژ دەڕوات؟!

- ڕۆیشتنی چی؟! هەڵدەفڕێت. ڕێگایەک کە بە سواری گوێدرێژ پێنچ کاتژمێر دەخایەنێت، ئەم بارگینە بە نیوکاتژمێر دەیبڕێت!

- پیاوی چاک بە! چۆن بە سەر ئەم بارگینەوە خۆ دەگری و بەرنابییەوە؟!!!

سوارەکە جڵەوی بارگینەکەی ڕاکێشا و گوتی:

- وەرە سواربە و بە تاقی بکەوە.

- من سوار بم؟ لاچۆ باوە. دەتهەوێ بە کوشتم دەی؟!

سواره‌که کەفەزگ ببوو و پێی ڕادەبـوارد. دەیویسـت ئەم پیـاوە سـاویلکەیە سـواری بـارگین کـات تـا کاتێک بارگینەکە فڕێیدەداتە خوارەوە، چاو لێکات و پێیڕابوێرێت. هەر بۆیە پێداگر بوو کە سوار بێت:

- وەرە. مەترسە. ئاگام لێی.

- پیاوی چاک بە و لێمگەڕێ. ناتوانم سواری ئەم بوونەوەرە زەبەلاحە بم.

- تۆ وەرە سوار بە. مەترسێ. هیچ ناقەومێ.

عەبە چەرچی لە کاتێکدا وەک مێژۆکە دەلەرزی، هاتە لای بارگینەکە. بە هوشیارییەوە دەسـتی بـرد و یاڵ و ملی بارگینەکەی لاواندەوە. لەناکاو پاشەوپاش گەڕایەوە دواوە.

سوارە گوتی:

- لاقت بخە ناو ئاوزەنگەکە.

- چی؟ ئاوزەنگ چییە؟

سوارەکە ئاوزەنگەکەی بۆ ڕاگرت و گوتی:

- بەمە دەڵێن ئاوزەنگ. مەترسە لاقت بخە ناوی و سواربە.

- ئەگەر بەربوومەوە چ بکەم؟

- مەترسە من دەتگرم.

عەبە چەرچی لاقی خستە ناو ئاوزەنگ و دیسان گەڕایەوە و گوتی:

-کاکە ئەمە کاری من نییە.

- سواربە. ئەوسارەکەی توند بگرە. چ ناقەومێ.

- ئەوسار؟ ئەوسار چییە ئیتر؟

سوارەکە ئەوساری نیشان دا و گوتی:

- ئەبەمەی دەڵێن ئەوسار. خۆ هەڵدە سەر زین و ئەوسارەکە بە قەو بگرە.

- حەییەحەی، زین چییە ئیتر؟

سوارەکە ئەمجار زینی نیشاندا:

- ئەبەمەش دەڵێن زین.

- دەی بڵێ کورتان. بۆ ناوەکەت گۆڕیوە؟

- دەی باشە. سواربە چیتر ڕامەوەستە.

عەبە چەرچی وەک ئەکتەرێکی بە ئەزموون دەوری پیاوێکی ترسەنۆکی بە باشی دەگێڕا، گوتی:

- دەبەر بابت مرم توند بیگرە. ئەی باوکەڕۆ ئەم بارگینە چەند زەلامە. بە قەد کێوێک دەبێ!

عەبە سوار بارگین بوو بەڵام لە ترسان زۆر دەلەرزی. بە پاڕانەوە و لاڵانەوە گوتی:

- دەبەرت مرم مێرخاس. دەستی لێ بەر نەدەی. توند ڕایگرە. سوارەکە کە لە بەر پێکەنین چاوی پڕ لە ئاو ببوون، گوتی:

- مەترسە باوە. بە لاق توند لە بەر زگی بارگینەکە بدە.

عەبە هاواری کرد:

- بەرم نەدەی. ملی توند بگرە. با دابەزم. خاوەن بارگین ئەوساری بەردا و یەکێکی لە پاشەڵێ بارگینەکە دا. کابرا لەبەر خۆیەوە وای لێکدابووەوە کە بارگێنەکە پیاوە ساویلکەکە، بەردەداتەوە و ئەویش تاوێکی باش پێی پێدەکەنێت. بەڵام ئیشەکە پێچەوانە بوو. بارگێنەکە سەری بەرز کردەوە و حیلاندی. هەستی کرد سوار چاکێکی کارامە و ئازای لە سەرە، وەک هەورە تریشقە دەرپەڕی و باڵی گرت. خاوەن بارگین کە لەبەر پێکەنین کەفەزگ ببوو، دەستی بە زگییەوە بوو، بێوچان دادەهاتەوە و ڕاست دەبووەوە. لەناکاو سەری هەڵێنا، کزەی لە جەرگی هات. جگە لە تەپوتۆزی چوارناڵی بارگینەکە، چی نەبینی. بۆی دەرکەوت کە پیاوە ساویلکەکە شۆڕەسوار و سوارچاک بوو و شایی و بەزمی لێ بوو بە گابۆڕ و شین.

٧

## چما لە تاقیکاریی سەگە سەرنەکەوتم

ماوەی شەش مانگ بوو لە نەخۆشخانە بۆی کەوتبووم. لەگەڵ ئەمەی بە ڕواڵەت حەساوە بووم و دەبوو کێشی لەشم بەرز بێتەوە، بەڵام بەهۆی خواردەمەنی بێتام و کێشە و گرێوگۆڵی دەروونی، ڕۆژ لە دوا ڕۆژ کێشم دادەبەزی. ئەو ڕۆژەی لە گرتووخانە بەردرام، بە جلکەوە، کێشم چلوسێ کیلۆ بوو. هەر بەم هۆیە ئەو کاتەی بە دوای ئیش دەگەڕام و سەرم بە هەر کەلێن و قوژبنێکا دەکرد، دەحەپەسان و بە قسەی فشە و گاڵتە لە کۆڵ خۆیان دەکردمەوە. دوایین کەس کە تووشی بووم، بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

- چ ئیشێک دەتوانی ڕاپەڕێنی؟

وڵامم داوە:

- گەورەم هەر ئیشێ هەبێ دەیکەم.

تاوێکی باش لە بەژن و باڵای هەڵڕوانیم و بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە گوتی:

- بەو حاڵ و باڵ و کز و لەڕیەتەوە؟

زۆر شێلگیرانە گوتم:

- بەڵێ بەڵێ. هەر کەس لە جیات من بێ و وەک منی بە سەر هاتبێ هەر ئیشێ هەبێ دەیکات.

وێدەچوو قسەکەمی پێ خۆش بووبێ. گوتی:

- دانیشە بزانم.

لە سەر ئەو کورسییە کە خۆی بە سەر ئاماژەی پێ کردبوو، دانیشتم.

دوای ئەوەی کەمێک تێمڕاما، گوتی:

- چاک گوێ بگرە.

- گوێ‌قوڵاغم گەورەم.

کورتەی قسەکانی ئەمە بوو: «یەکێ لە پیاوماقووڵانی شار کە ناوم زۆر بیستبوو، پێویستی بە فەرمانبەرێکی جێ‌متمان و چاو و دڵ پاکە. ئەم ژن و پیاوە وەجاخ‌کوێرن و منداڵیان نابێ. سەگێکی گەورەیان هەیە کە وەک منداڵی خۆیان خۆشیان دەوێت و ئاگایان لێیە. ئەم سەگە لە هەموو کەس و لە هەموو شتێک، لە لایان خۆشەویستترە. بە پێی ڕاهێنانی تایبەت، زۆر زیت و وریایە و مرۆڤی باش و مرۆڤی ناجسن لە یەکەمین چاوپێکەوتندا لێک هەڵداوێرێت. هەر بۆیە ئەم پیاوە ساماندارە بەم سەگە مرۆڤەکان تاقی دەکاتەوە. کاتێ کەسێک دەچێتە ماڵەکەی، ئەگەر سەگەکە کلکەسووتەی بۆ کرد،

دەردەکەوێت لایەنەکەی پیاوێکی چاک و پاکە. ئەگەریش کابرا ناجسن و درۆزن و فێڵباز بێت، ئەوە سەگەکە ناهێڵێت تاوێک لەوێ بمێنێتەوە و ئەنجن ئەنجنی دەکات. پیاوە دەوڵەمەندەکە تا ئێستا چەند جارێک ئەم تاقیکارییەی لە سەر مرۆڤەکان کردووە و هەموویان ڕاست و دروست دەرچوون. بە منیشی سپارد: دەبێ وابکەی سەگەکە خۆشی لێت بێ. ئەگەر لەم تاقیکارییە سەرکەوی تا هەتاهەتایە نانت لە ڕۆن دەکەوێ و پاڵدەدەیەوە».

بڕیار درا ڕۆژی یەکشەممە بچمە ماڵیان تا سەگەکە تاقیم کاتەوە. هەر چەندە ڕۆژی شەممە چم نەخواردبوو، بەڵام بەیانی رۆژی یەکشەممە بە سێ لیرە پارەی کە پێم بوو، هێندێک نانەبەستە و دوو سێ کلۆقەند و چەند دانە چاکلێت و کەمێکیش کاڵباسم کڕی تا سەگی کابرا دەوڵەمەندەکەی پێ دەستەمۆ کەم. بەرەو ماڵیان وەڕێ کەوتم. زگم لە برسان بە پشتمەوە نووسابوو و هەر قۆڕەقۆڕی بوو. بەڵام خۆم ڕاگرت و دەمم بۆ خواردەمەنییەکان نەبرد. بەو هیوایە کە لە تاقیکاریی سەگانە دەرچم.

بە پێی ناوونیشانێک کە پێم بووم، ماڵی پیاوە دەوڵەمەندەکەم لە گەڕەکی «قووماشە سوور» دۆزیەوە. ئەو پیاوەی کە ناوونیشانەکەی پێ دابووم گوتبووی: «ئەو ئافرەتەی کە دەرگات لێ دەکاتەوە پیێ خۆش نییە کەس لەوێ دامەزرێت. هەر بۆیە نابێ بهێڵی تێبگات چ ئیشێکت بە خاوەن ماڵ هەیە».

زەنگی دەرگام لێدا و بەو ئافرەتەی کە دەرگای لێکردمەوە گوتم: «جەنابی سەرۆک لە دووی ناردووم و هەواڵی ناردووە بێمە ئێرە».

فێڵەکەم گرتی و ژنە خزمەتکارەکە هەڵخەڵەتا. لە بەردەرگا لاچوو و گوتی: «فەرموون لەم ژوورە چاوەڕوان بن تا بەڕێزیان ئاگادار دەکەمەوە».

هۆڵێکی پان و بەرین بوو. وەک کۆشکی پاشایان هەموو شوێنێکی بە مافوورە و کورسی بەنرخ، وەها ڕازابووەوە کە چاوی مرۆڤ بە مۆلەق دەوەستا.

لە تەنیشت پەنجەرەیەک کە بەرەو دەریای دەڕوانی، دانیشتم. هەموو بیر و هزرم لای سەگەکە بوو. دڵە کوتەیەکی زۆرم بوو. نەمدەزانی ئاکامی ئەم ئیشە چ دەبێ. لە کەسێک دەچووم کە خرابێتە ناو قەفەسی شێرەوە. چاوەڕوان بووم سەگی کابرا دەوڵەمەندەکە بێتە ژوور و پڕم داتێ. دەستم لە ناو گیرفان و لە سەر نانەبەستە و چاکلێتەکان بوو. ساز بووم هەر سەگەکە هاتە ژوور، زوو بەرتیلی بدەمێ.

دەرکەی دیوەکە بە ئەسپایی کرایەوە. سەرێکی گەورە و تووکن دەرکەوت. بەڵام قەت لە سەگ نەدەچوو. دەتگوت پیرێژنێکە چرچاوی داچۆڕاوە و پزووی دەرکێشراوە. لە لایەکەوە لە مرۆڤ نەدەچوو، لە لایەکیترەوە شاخی نەبوو تا بڵێین گایە!

«ئەی باوکەڕۆ ئەمە چ سەرێکە؟ دەکرێ هەر ئەو سەگە بێ کە چاوەڕوانی دەکەم؟!»

باڵای کەمێک لە دەسگیرەی دەرکەکە بەرزتر بوو. بێ ئەوەی ببزوێت بە چاوە زەق و سوورەکانی لە سەرورووم ڕامابوو. هەر وەک کەسێکی هیپنۆتیزم کراو لە بەرامبەری وەستابووم و هیچ جووڵەیەکم بۆ

نەدەکرا و زمانم شـکابوو. ڕەنگـە ئەگەر ماسـوولکەکانم ئیشـی ئاسـایی خۆیـان کردبـا، دەمێـک بـوو لـە ترسـان، شـڵپەم لە عەرز هێنابـا. تاوێـک لـە یەکـتر ڕامـاین. لە ناکـاو بیـرم لەمـە کـردەوە «ناکـا ئەم سەروسەکوتە تووکنە، هەر ئەو کابرا دەوڵەمەنـدە بـێ کـە بـۆی نەکـراوە ڕدێنـی بتاشـێ و قـژی دابێنـێ. ئەگەر هەوبێ، دەبێ سڵاو بکەم».

سەرم بە ئەسپایی داخست و بە دەنگێکی لەرزۆک سڵاوم کرد. لە ڕووی وڵامەکەوە، زوو زانـیم هەڵەم کردووە، بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو. سەگی کابرا دەوڵەمەندەکە مڕاندی و هێرشی بۆ هێنام.

«قـورِم بە سـەری ئیـتر ئەمە چ سـەگێکە؟! ئـاخۆ سـەگی وا زەلامـیش هەیـە! هەر دەڵێـی لە تۆرەمەی وشتر و گایە!»

دەرگای بە پاشوان گاڵەدا و هاتە پێش. هەر دووکمان وەک پاڵەوانی مێژوویی، بەرامبەر بە یەکتر ڕاساین. سەگە خوێڕی ددانە زلەکانی دەرخستن. چی نەمابوو زراوم بچێت. لە مڕەمڕەکەیەوە زانـیم کـە منـی بـە دڵ نییە. هیوام بڕا و تێگەیشتم ئیتر دانامەزرێم! لە بیری ئەمەدا بووم چۆن خۆم لەم تاڵووکەیە دەرباز بکەم.

هەنگاوێکیتر هاتە پێش. مڕڕڕڕڕ.

ئۆخەی ڕاوەستا. دیار بوو سەگێکی بە ویژدانە. بێ هوومێد، لە چوار دەور و پشتم ڕوانی. دەرگای لای ڕاستی دیوەکە کەمێک ئاوەڵا بوو. بەڵام ترسی ئەوەم هەبوو هەر لە جێگای خۆم ببزووم، پەلامارم دات و هەپروون بە هەپرووونم کات. بیستبووم کە سەگ پەلاماری پیاوی ڕووت نادات. لە دڵی خۆمدا گوتم:

«وا باشە خۆم ڕووت و قووت کەمەوە و بۆی دەرچم».

بەڵام هەر کە بە حاڵ خۆم جووڵاند، دەنگی مڕەمڕی سەگەکە بەرز بووەوە.

«ئەی هاوار لەم ماڵە گەورەیەدا کەسێک نییە بێـت و ڕزگـارم کـات؟» جگـە لـە هـاوار کـردن و داوای یـارمەتی، چـم بـە دەسـتەوە نەمـابوو. بەڵام هەر کـە زارم هەڵپچـڕی و هێشـتا پیتـی «ی»ـێی یـارمەتیم نەگوتبوو، سەگەکە دەنگی هەڵبڕی و مڕاندی. هەنگاوێکیتری بەرەوڕووم هەڵێنا. لەناکـاو بیـرم کەوتەوە بـڕێکم خـواردەمەنی بـۆ سـەگەکە کڕیبـوو. بە ئەسـپایی دەسـتم بـۆ گیرفـانم بـرد و نانەبەسـتەیەکم بـۆ هاویشت. بەڵام ئەمجارە نەیمڕاند. هەر بۆیە چاکلێت و کلۆقەند و کاڵباسەکەشم بۆ هاویشت.

بـۆنی بـە هەمـووانەوە کـرد. هەر وەک مرۆڤێـک کە دڵـی تێکچـووبێ و هێڵنجـی هـاتبێ، ڕووی وەرگێڕا و لووتی بەرز کردەوە.

پەندێکی پێشینیان هەیە دەڵێ «چوارپێ بە بۆن، دەستەمۆ دەبێ و مرۆڤیش بە قسەکردن». دەڵـێن سەگ، ئاژەڵێکی ژیرە، هەر بۆیە ویستم لەگەڵی بدوێم، بەڵکوو بە قسەکردن دەستەمۆ بێ.

بە دەنگێکی شیرین گوتم:

«پخە پخە وەرە لام. چەند ژیکەڵەی سوورە گوڵم. وەرە ببینە هاوڕێ».

له وڵامدا ددانی له چیرەوه بردن و دیسان مراندی.

به قەد دەنکه جۆیەک چووومە پێش و ویستم دەستی بۆ درێژ کەم، بەڵام ئەم نارەسەنە دیسان دەستی کردەوە بە مرەمر. دوو هەنگاو گەرامەوە پشتەوە و گوتم:

- دا پێم بڵێ بزانم ناوت چییه؟!

- مرررررر

- پەکوو دەنگت چ خۆشه! وەرە لام یارە ژیکەڵانەکەم وەرە.

- مرررررر

- وەرە لای کاکی خۆت. وەرە خۆشەویستەکەم.

- مرررررر

نەخێر، گەماڵباوک مل نادا و دەستەمۆ نابێ. له بەر خۆمەوە گوتم:

«خۆ ئەو ئەم کاڵباس و نانەبەستانە هەر ناخوات. با بۆ خۆم بیانخۆم بەشکم زگم تێر بێت».

به ئەسپایی داهاتمەوە نانەبەستە و شتەکانیتر هەڵگرمەوە، بوو بە رۆژی حەشر و قەوما. بە چەشنی فیلمی کارتۆن، من و سەگەکە لە چاوترووکانێکدا تێکەوە گلاین. وام هەست کرد وەک باڵندەیەک بە حەواوە هەڵدەفرم. چەند جارێک بە دەر و دیواری ژوورەکە دادرام. لە دواییدا لە دەرکەی لای راست، خۆم هاویشتە دەرەوە. سەگەکە دەلینگی پانتۆڵەکەمی بە کەڵپەکانی توند گرتبوو و بەری نەدەدا.

خاتوونێکی گەلێک خان و مان و تووله نەمام بە جلەخەوێکی سووری کاڵەوە له پلیکانەکانەوە بەرەورووم دەهاتە خوارەوە. لە ترسان خۆم لە باوەشی خاتوونەکە هاویشت.

هەر سێکمان لە پلیکانەکانەوە غللۆر بووینە خوارەوە. خاتونەکە کەوتبووە ژێرەوە و من لە سەر ئەو و سەگەکەش لە سەر من. سەیر ئەوە بوو سەگەکە دەلینگی بەر دابووم و کلکەسووتەی دەکرد و دموچاوی دەلێستمەوە. هەمووومان هەستاینەوە سەر پێ. خاتوونەکە پرسی:

- تۆ کێی؟

ئەوەندە ترسابووم، تف لە زارمدا وشک بوو و نەمتوانی وڵامی دەمەوە.

خاتوونە رۆیشت و من و سەگە بە تەنیا ماینەوە. دەستێکم بە سەری سەگەکە داهێنا و دەلینگی پانتۆڵەکەم لە سەر زەوی هەڵگرتەوە. «دەک داماو کرمەرێز بی. ئەوەندە پانتۆڵەشت پێ رەوا نەدیم؟!»

بە دوای دەرزی و دەزوو دەگەرام، دەلینگی پانتۆڵەکەم بدروومەوە. سەگەکەش دوام دەکەوت و بەردەوام کلکەسووتەی دەکرد و دموچاوی دەلێستمەوە. پێی خۆشبوو لەگەڵیا یاری بکەم. کاتێ

دانیشتم پانتۆڵەکەم بدرووممەوە، سواری شـانم بـوو و لە عەرزی دام. دەتگـوت قەت ئەو سـەگەی چەنـد خولەک لە مەوبەر نەبووە کە سوور بوو و دەیویست هەنجن هەنجنم کات.

لە سەر مافوورەکان لوولی دەدەدام و نەیدەهێشـت هەسـتمەوە. لـە لایەکەوە برسـیاتی و لە لایەکی‌تـرەوە تـرس لەوەی کـە دیسـان ئاکـار و ڕەوشـتی سـەگەکە بگـۆڕدرێ و ببێـتەوە سـەگی تاوێـک لەمەوبەر و دابێتـە سەرڕووم، کەیفم نەبوو قوماری لەگەڵ بـکەم. بەڵام بە هیـوای ئەوە کـە خـاوەنەکەی بێـت و بمبینـێ کـایە و قومار لەگەڵ سەگەکەی دەکەم، هەر بە خۆمەوە دەگوشی و لە سەر سەری دەگەڕام.

باشی بۆ چووبووم. کاتێ کابرای خاوەن سـەگ هـاتە ژوورەوە و دیتـی بەیەکەوە کایـە دەکەیـن، هەر فیکەی سمێڵی بوو. بە زەردە خەنەیەکەوە گوتی:

- وا دیارە کە پیاوێکی زۆر چاکی کە سەگەکە خووی پێ‌گرتووی.

بە پێکەنینەوە وڵامم داوە:

- لە چاکەی سەگی جەنابتانەوەیە.

کابرا بە فیزەوە گوتی:

- سەگی چاکە. لەگەڵ هەموو کەس دانووی ناکوڵێت. بەس مرۆڤی باشی خۆش دەوێت.

سەگەکە نەیدەهێشت لەگەڵ کابرا بدوێم.

کابرا گوتی:

- وەک مرۆڤەکان لە قسە و باس تێدەگات.

بە پەژارەوە ئاخێکم هەڵکێشا و گوتم:

- بریا سەت بریا مرۆڤەکانیش ئاوا بان.

کابرا فەرمانیدا بە سەگەکە بچێتە دەرەوە. سەگەکە کلکـی بەردایەوە و لە دەرگـا چـووە دەرێ. کـابرا بە پێکەنینەوە گوتی:

- پانتۆڵەکەت چی بووە؟

لە بەرژەوەندیمدا نەبوو بڵێم سەگی جەنابت پانتۆڵەکەمی دادڕیوە. هەر بۆیە گوتم:

- کاتێ دەمویست دەرگا بکەمەوە و بێمە ژوورەوە، وای لێهات. قەیناکا گەورەم.

کابرا گوتی:

- ئیشت بە من چ بوو؟

- فڵانە کەس منی ناردووەتە خزمەتتان ئیشم پێ بدەن.

کابرا سەرێکی لەقاند و گوتی:

- خاتوون ئیزنی نەدا تۆ دامەزرێنین.

ساڵانێکی زۆرە ئەمە لە سەر دڵم بۆتە گرێ ئاخۆ ئەو سەگە بۆ چی سەر لە هەوەڵەوە ئاوا ڕق ئەستوور و هار بوو، بەڵام لەناکاو ئاکاری بەرامبەر بە من گۆڕا؟!

لە ئاکامدا دوای بەدواداچوونێکی زۆر گرێپووچکەی ئەم مەتەڵەم بۆ کرایەوە.

ئەو سەگەیان وا ڕاهێنابوو کە ئەگەر کەسێ ویستبای بە گژ خاتوون و مێردەکەیدا بچێت و لە عەرزیان بدات، سەگەکە لەت و پەتیان کات. کاتێ من و خاتوون لە پلیکانەکانەوە غللۆر بووینەوە، لەبەر ئەوەی من بە خێرایی لە سەر خاتوون لاچووم و هەستام، ئاکار و ڕەوشتی سەگەکە بەرامبەر بە من گۆڕدرا و دڵنەرم بوو.

تا بەو تەمەنە گەییشتبووم، مرۆڤی قورمساغم زۆر بینیبوو، بەڵام سەگی قورمساغم نەدیبوو. ئێستا ئێوەش بۆتان دەرکەوت مرۆڤ، ئاژەڵەکان بۆ چ ئیشگەلێک دنە دەدەن و ڕادێنن!

٨

## کوێخا دەبێ بگۆڕدرێت

لەبەیانییەوە چووبوومە دەشتودەر و کێو دار بێنم. ئێوارە کە گەیشتمەوە ماڵ، ئەوەنــدە مانــدوو بــووم ئاخ و ئۆخم لێبڕابوو. هەر وڵات تاریک بوو، شــێوم خــوارد و ســەرم بە بەرمــاڵ دادا و بــۆی نووســتم. وەک ئەوەی بە ســەر خەودا کەوتــبم، جیــنگڵم نەدا و خەوم لــێکەوت. ئەگەر تۆپیــان لە بــن گــوێ تەقانــدبام بەخەبەر نەدەهاتم. سەروحەدی نیوەشەو بوو، بە دەنگــی تەقەی دەرگــای حەوشــە، لە خەو ڕاپەڕیــم. بە ترس و خۆفەوە بە خێزانم گوت:

- بەم نیوەشەوە دەبێ کێ بێ؟

خێزانم کە لە من زیاتر ترسابوو وڵامی داوە:

- نــازانم بەڵام هەر کەســێکە، لە ســەر ئــاو و ئــاورە. نیــو کــاتژمێر دەبــێ لە دەرگــا دەدات. هەرچــی تێمدەکوتای وەخەبەر نەدەهاتی. هەستە بزانە کێیە.

شلووڵ و گێژی خەو بووم لە جێ هاتمەدەر و لە پەنجەرەوە هەرام کرد:

- کێیە؟

دەنگی سەیدی تەنەکەساز بەرز بووەوە:

- بیکەوە برالە، ئێمەین.

کــاتێ دەرگــام کــردەوە، هەشــت نــۆ کەس لە پیاومــاقووڵانی نــاو گونــد لەبەر دەمــی دەرگــا وەستابوون. زۆر ترسام. لە دڵی خۆمدا گوتم:

«بێگومــان دەبــێ بــابەتێکی گرینــگ لــە ئــارادا بــێ کە ئەمــانە بەم نیوەشــەوە هــاتوونە لای مــن». هەرچۆنێک بێ خۆم ڕاگرت و گوتم:

- کوڕینە بەوشەوە چ بووە؟! خێرە؟! فەرموون هەڵکشن.

سەیدی تەنەکەساز وڵامی داوە:

- نا کاکە کــاتی ژوورەوە نییــە. ئیشــمان زۆرە دەبــێ بــڕۆین. هــاتووین پێــت ڕاگەیەنــین ئــێمە لەگەڵ هەڵبژادنی ئەمەر ئاغا نین. ڕای تۆ چییە و چ نییە؟

- ئاخەر من چ لە ئێوە بکەم، خوا غەزەبتان لێ‌گرێت. نیوە عەمرتان کردم. دوێنێ لە ســەر ئەم بابەتــە ئێمە دوو کاتژمێر قسەمان کرد. قەرار و مەدارمان دانــاوە و ســوێندنامەمان واژۆ کــردووە و گیــان لە ســەر

دەست، دژی ئەمەراغا دەوەستین و بەرەنگاری دەبینەوە و ناهێڵین دیسان ببێتەوە کوێخا. لە جیاتی ئەو، دەنگ دەدەین بە عوسە کەوڵەکۆن. ئیتر بۆچی بەو نیوەشەوە هاتوونە ئێرە؟!

سەیدی تەنەکەساز گوتی:

- ڕاستە کە دوێنێ قسەوباسمان بڕاندووەتەوە و بڕیارمان داوە. بەڵام بیستوومانە ئەمەراغا چۆتە ناوەندی گشتی و ئیشەکەی ڕاپەڕاندووە و سبەی دەگەڕێتەوە گوند تا چالاکییەکانی بۆ دەنگدان دەست پێبکات.

گوتم:

- سەید گیان نەدەکرا ئەم دەنگۆیەم سبەی پێبڵێی؟

- ترسم هەبوو لایەنگرانی ئەمەراغا زووتر بێنە لات و هەڵتخەڵەتێنن.

بە پێکەنینەوە گوتم:

- چما لە ناو هەموو گونددا کەسێ هەیە لایەنگری ئەمەراغا بێ؟

- ڕاستە، بەڵام نابێ فێڵ و فووتی ئەم ڕەشەوڵاخە جووتە وەشێنە لەبیر کرێت و دەبێ هەر دەم ئاگادار بین!

گوتم:

- دڵنیا بن کەس ناتوانێ من لە خشتە بەرێت. ئێستاش فەرموون با بچینە ژوورەوە.

وڵامیان داوە:

- دەبێ ماڵەکانیتریش بە سەرکەینەوە. لەسەر ئیزنت دەڕۆین.

برادەران ڕۆیشتن. دەرگای ماڵم پێوەدا و چووم بنوومەوە، بەڵام خەوم لێنەکەوت و کەوتبوومە بیری ڕابردووی دوور.

ئەو کابرایەی ناوی ئەمەر ئاغایە لە مێژە کوێخای گوندەکەمانە و سەرسامکەری ڕۆژگارە! زۆری لە دەست بە ئازارین.

لە ناو دێ، لە منداڵی حەوت ساڵانەوە تا حەفتا ساڵ تەمەن بڕیارمان داوە، ئەگەر بشمرین، لە دژی ئەمەراغا بوەستین و نەهێڵین ئەمساڵ هەڵبژێردرێ و ببێتەوە کوێخا.

هەموو خەڵکی گوند لە ماڵ و لە چایخانەی بەردەمی مزگەوت و لە خانەقا و بە کورتی و بە کوردی هەر شوێنێک کە بیری لێ بکەیەوە، هەر لە بەیانییەوە تا نیوەشەو لە سەر ئەمەراغا گاڵتە و گەپیانە. خەڵک لێکڕا سوێندیان خواردووە دەنگ بدەن بە عوسە کەوڵەکۆن و بیکەنە کوێخای گوند.

عوسە پیاوێکی بەڕێز و هێژایە. گەلێک خوێندەوار و لێهاتوو و قسەزانە. لەمەوبەر فەرمانبەری دایرەی ناوەندی سەرژمێری بووە. بەدوای کۆچی دوایی باوکی بۆ ئەمەی ماڵ و حاڵ و زەوی و زاری باوکی کوێر نەبێتەوە، گەڕاوەتەوە گوند. لە هەموو دنیادا کوێخای وەک ئەو خوێندەوار و چاک دەست

ناکەوێت. بە چەشنێک وتار دەدات کە وتەبێژی پارتی ناوچەکە هەر تۆزیشی ناشکێنێت. کاک عوسە هەر کات سێ چوار کەسی لە چایخانەی گوند دیتبا کە دانیشتوون، خێرا وەسەر تەپڵەکێک دەکەوت و دەستی بە وتار دەکرد:

«هاووڵاتیانی بەڕێز، گەورەیی خۆتان بنوێنن و شکۆ و شەڕەف و یاسا و ڕێسای خۆتان بە هەڵبژاردنی کوێخایەکی کارامە و زانا و لێزان دەستەبەر بکەن».

لە بەرامبەردا ئەمەراغا کپ و بێدەنگ بوو و لە ئاست ئەم چالاکییانە، دژکردەوەیەکی نەدەنواند. لێمان ڕوون بوو کە ڕاپۆرتی تەواوی هەوڵ و چالاکییەکانی ئێمە دەگاتە بەرگوێی و لەو بابەتەوە زۆر بە پەرۆش بووین کە بۆ چی کاردانەوەی لە سەر نییە و خۆی لە چ مات داوە!

هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە بۆ لادانی ئەمەراغا و سەرکەوتنی کاک عوسە کەوڵەکۆن لە هەوڵدابووین. شەو و ڕۆژ بۆ بەرەوپێش بردنی ئیشەکان کۆدەبووینەوە و پلانمان دادەڕشت.

هەر شەوێک من زوو نووستبام، ئەوان دەهاتنە ماڵی من و شەوێکیش کە ئەوان زوو نووستبان من دەچوومە زگیان. بۆ ئەوەی نەنووین و کار بکەین. هەموو ئیشەکان بە باشی دەچوونە پێش. بەس تاقە بابەتێک کە وەک کێچ چووبووە ناو کەوڵمانەوە و حەجمینی لێ هەڵگرتبووین، بێدەنگی ئەمەراغا بوو.

بەڵام دەتگوت کەسێک بە گوێمدا هەڵدەخوێنێ کە ڕەنج بەخەسار دەبین و ئەم هەموو ماندووبوونەمان بە فیڕۆ دەچێ و دیسان لەم کێبەرکێیەدا ئەمەراغا دەیباتەوە. زگم بە کاک عوسە دەسووتا. پەکوو بۆ ئەو هەموو وتارانەی کە بەڕێوەیان دەبات. ئەم وتارانە لە گوندی ئێمە خەسارن. بێت و هەر جارێ لە جاران کاک عوسە لە ناوەندی وڵات وتارێکی لەم چەشنە پێشکەش بکات، حوکمەت سەروبن دەکات و دەیڕووخێنێت!

هەموو خەڵکی ناو گوند سوێندیان خواردبوو بە هەر شێوەیەک بۆیان هەڵسووڕێت پێش بە هەڵبژاردنی ئەمەراغا بگرن.

دوو ڕۆژ مابوو بۆ کاتی دەنگدان. بوولێڵی ئێوارە لە دەرگای ماڵەوەیان دا. پێم وابوو سەیدی تەنەکەسازە.

لە پەنجەرەوە سەرم شۆڕکردەوە و گوتم:

- لە بیرمە براله. نابێ دەنگ بدەینە ئەو ئەمەراغا خوێڕیە.

بەڵام هەر زوو بۆم دەرکەوت ئەوەی دەرگا دەکوتێ سەیدی تەنەکەساز نییە. چوومە بەردەگا. خوارزای ئەمەراغا بوو! زۆر بەڕێزەوە سڵاوی کرد و گوتی:

- خاڵۆ ئەمەراغا گیانم ڕێز و سڵاوی بۆ ناردووی.

بەسەرمدا گوڕاند:

- هەتیوە لاچۆ یەکێ لە خۆت هەڵدە. خوا لە کۆڵ ئێمەتان کاتەوە بە خۆت و بەم خاڵە نارەسەنەتەوە.

بێ ئەوەی خۆی تێک نێت گوتی:

- خاڵۆ گیان گوتی سەبارەت بەو شەڕ و تێکهەڵچوونەی لەگەڵ مچە گڕوێت بوو، پارێزەرێکی زۆر چاکم بۆ دۆزیویەوە. پارەشی ناوێ.

هەر کە ناوی مچە گڕوێ و پارێزەرێ مفتم بیست، وەک ئاو بە ئاور داکەی، ساردبوومە. ئەو مچە بەدفەڕە زۆری خەراپە لەگەڵ کردووم. زۆر بێئابڕوو و هیچ و پووچە. بەردەوام مانگایەکانی لە مووچە و مەزرا و بەروبێستانی من دەکات و دەیانلەوەڕێنێت. دوو مانگ لەمەوبەریش هەتیوەکەی شەو چووبووە ناو وچخانەی ئێمە و دوو بەڕەی لێ دزین. لەگەڵ ئەوەی چەند شایەتحاڵم هەبوو بەڵام مافم خورا و چم بۆ نەچووە سەر یەک. کابرا پشت ئەستور بوو و منیش بە پێچەوانە دەستم بە هیچ کوێ هەڵنەدەگەیشت. لە گوند هەر کەس ملئەستور و بەهێزە، لەبرەوتر و قسەی زیاتر دەڕوات. تاقە کەسێک بتوانێ لەم ژانەسەرەی مچە گڕوێ ڕزگارم کات و مافم بستێنێ، ئەمەراغایە. بەڵام ئەگەر بچمەماڵی و کەسێک بمبینێ خەڵکی ناو گوند بەر جوێنم دەدەن و تف بارانم دەکەن.

ئەم بیرۆکانە بردبوویانم کە دیسان کوڕەکە گوتی:

- خاڵۆ ئەمەر گوتی سبەی بەیانی زوو لەبەردەم گۆڕستان لە ژێر دارە سەوڵەکە چاوەڕوانم بە تا بەیەکەوە بچینە شار و ئیشەکەت جێبەجێ کەم.

زۆر تەواوە. لەبەردەم گۆڕستان، ئەویش بەیانی زوو، چۆڵ و هۆڵە و بێهەست و خوستە و کەسیش لەم چاوپێکەوتنە ئاگادار نابێ.

پێم گوت:

- سڵاوی من بە ئەمەراغا بگەیەنە و بڵێ دێمە خزمەتی.

خێزانیشم بەم باس و خواسە گەشایەوە و گوتی:

- پێم خۆشە، چاکت کرد. بچۆ لەگەڵ ئەمەراغا قسە بکە و دەنگی پێ بدە. بەس ئەو دەتوانێ تۆڵەی ئەم هەموو زەرەر و زیانەی مچە لێیداوی بۆت بستێنێ.

تا بەیانی خەو لە چاوم نەکەوت. هەر وڵات ڕووناک بوو، وەڕێ کەوتم. لە کۆڵانی ماڵی خۆمان تێدەپەڕیم کە مەڕەسەنە کوێرم دیت. دایکی بە کۆڵەوە بوو و دەڕۆیشت. منی دیت و سڵاوی کرد. گوتم:

- مەڕەسەن بۆ کوێ دەچی؟

بە شەرمەوە سەری داخست و گوتی:

- دەچمە شار.

- بۆ لە شار چ باسە؟

- دایکم دەبەم بۆ لای دکتۆر. ئەدی تۆ دەچی بۆ کوێ؟

- منیش دەچم بەرەو شار.

- تۆ چ دەکەی لە شار؟

لە بەر خۆمەوە گوتم: «هەی خوێڕی، تۆش بوویە مامە خەمەی من لە پرسیارانت گرتووم». وڵامم داوە:

- دەچم پارێزەرێک بدۆزمەوە، سکاڵا لە دژی مچە گڕوێ تۆمار بکەم.

چی وا نەڕۆیشتبووم، لە خەمانە کەڕ هەڵەنگووتم.

خێزانی سواری کەرێک کردبوو و خۆی و کوڕەکەی بە دوا قوونی کەرەوە بوون. گوتم:

- خێرە کاک خەمان، بەو بەیانییە زووە بۆ کوێ دەچی؟

بە ڕووگرژی وڵامی داوە:

- دەچمە شار.

- بۆ چ باسە؟

- دوو ساڵ لەمەوبەر خێزانم بردە لای دکتۆر. حەب و دەرمانی بۆ خێزانم نووسی، بەڵام لەبەر گرانی، بۆم نەکڕدرا. ئێستا دەچین دەیانکڕین.

- ئەو خوشکەی بۆ کوێ دەبەی؟

- ئەویش لەگەڵ حەنیفێ شەڕی بووە، دەچێ سکاڵای لە دژی تۆمار دەکات.

- ئەدی ئەو منداڵەی لە چی دەگێڕی؟

ئەویش سەری کەچەڵ بووە. دەمانهەوێ نیشانی دکتۆری دەین.

دواتر ئەو لە منی پرسی بۆ کوێ دەچم، منیش هەمووو شتێکم پێگوت.

کاتێ گەیشتمە حاندی گۆڕستان، بۆم دەرکەوت هەموو پیاوی ئاوایی بەنیازن بچنە شار و هەر هەموویان لە یەکتر تووڕە و بەگومانن. کە گەیشتمە ژێر دارە سەوڵەکەش دیم گوندەکەمان جووقەواری لێبڕاوە هەموو هاتوونە ژێر دارەکە کۆبوونەوە.

سەیدیش لەوێ بوو. پرسیم:

- کاک سەید دەنگوباس چییە؟

- بەتەمام بچمە شار و دژی شەوکەتە کەچەڵ سکاڵا تۆمار بکەم.

سەرم سووڕمابوو کە بۆ هەرچی نەخۆش و شکایەتکەرە ڕاست ئەمرۆ کە من لە شار ئیشم هەیە، بڕیاریانداوە بچنە شار! کە لە خەڵکەکە ورد بوومەوە، مچە گرۆیم چاو پێکەوت لە قوژبنێکی هەڵترووشکاوە و خۆی مات کردووە.

لە سەید تەنکەم پرسی:

- ئەم خوێڕییە لێرە چ دەکات؟

- دەیهەوێ بچێتە شار و پارێزەرێک راسپێرێ دژی تۆ سکاڵا بکات.

هەموومان بێدەنگ و کپ و مات لە ژێر دارە سەوڵەکە چاوەڕوان بووین ئەوانیتر بڕۆن و سەرمان سووک کەن.

لەم کاتەدا، لە دوورەوە ئەمەراغا دەرکەوت. بەرەوڕووی ئێمە دەهات. لە بەر خۆمەوە گوتم:

«ئەی هاوار و داد و بێداد لە ناو ئەم هەموو حەشیمەتە چۆن لەگەڵ ئەمەراغا قسە بکەم و لەگەڵی بچمە شار. چ بە ئەو هەموو خەڵکە بڵێم؟!»

ئەمەراغا گەیشتە پەنا دارە سەوڵەکە و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- کوڕینە سڵاوتان لێ بێ.

بوو بە سرت و خورت و بەخێرهاتن.

- هەمووتان ئامادەن؟

کەس نووزەی لێ نەهات.

ئەمەراغا چووە سەر بەردێکی گەورە ڕاوەستا. چاوێکی بە جەماوەرەکەدا گێڕا و گوتی:

- لەوە دەچێ تاقمێک هێشتا نەهاتبن. دەبێ چاوەنواڕ بین تا ئەوانیش بێن.

چەند خولەکێک بێدەنگی داکەوت. بینیم عوسە کەوڵەکۆنیش بەرەو ئێمە دێت. گەیشتە حاندی جەماوەرەکە و سەری داخست و بە ئەسپایی سڵاوی کرد.

ئەمەراغا بە دەنگێکی نێر و سەرکەوتوانە گوتی:

- بۆ چی هێندەت پێچوو؟

کاک عوسە وڵامی نەداوە. ئەمەراغا وەک فەرماندەی هێزێک کە فەرمانی هێرش ڕاگەیەنێت، گوتی:

- خێرا وەدووم کەون.

هەموومان دوای ئەمەراغا کەوتین. چل کەسێک دەبووین. خۆم گەیاندە کاک عوسە و گوتم:

- کاکە تۆ بۆ کوێ دەچی؟

- له دایره‌یه‌كی حكوومی ئیشم هه‌یه، ده‌چم بۆ شار.

كـاتێ گه‌یشـتینه نـاو شـار، ئه‌مه‌راغـا كه پێشـه‌نگی وه‌جبه‌كـه بـوو، ئـێمه‌ی بـرده مزگه‌وتێـك لـه سه‌نته‌ری شار و گوتی:

- ئێوه لێره بن تا من كاروباره‌كان ڕێك ده‌خه‌م.

دوای ئه‌مـه ئامـاژه‌ی به مـن و كـاك خه‌مـان كـرد كه شـوێنی كه‌ویـن. له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌راغـا چـووینه نووسینگه‌ی پارێزه‌ری به‌ڕێز چاوباز كه لایه‌نگری حوكمه‌ت بوو. ئه‌مه‌راغا له سه‌ر كورسی ته‌نیشت مێزی جه‌نابی چاوباز دانیشت. من و كاك خه‌مان، ده‌ست له سه‌ر نێوك له سووچێكی ژووره‌كه، وه‌ستابووین.

ئه‌مه‌راغا دوای چاك‌وچۆنی گوتی:

- جه‌نابی چاوباز تۆ نازانی له چنگ دژبه‌رانی حیزب چۆن وه‌زاڵه هاتووین.

كاك چاوباز به زه‌رده‌یه‌كه‌وه وڵامی داوه:

- به‌مزووانه چاره‌ی ده‌ردیان ده‌كه‌ین.

ئه‌مه‌راغا خه‌ست و خۆڵ و لێك‌كێشراو گوتی:

- هیوادارم.

كاك چاوباز پرسی:

- بارودۆخی حیزب له ئاوایی ئێوه چۆنه؟

ئه‌مه‌راغا قاقا پێكه‌نی:

- ئه‌و قسانه چییه؟ له شوێنێك كه جێگه‌ی جه‌وله‌ی منه كێ بۆی هه‌یه به پارتی دژبه‌ر ده‌نگ بدات؟!

جه‌نابی چاوباز به خۆشییه‌وه ده‌ستی لێك خشاند و به پێكه‌نینه‌وه گوتی:

- هه‌ر بژی.

ئه‌مه‌راغا به‌ده‌نگێكی ئه‌رخه‌یانه‌وه گوتی:

- تا من هه‌بم، تۆ خه‌می هیچت نه‌بێ. جه‌نابت ئیشی ئێمه ڕاپه‌ڕێنه، ئیتر كارت نه‌بێ.

من و كاك خه‌مان خه‌ریك بوو وه‌ڕه‌ز ده‌بووین. ئێمه به دوای ئیشی خۆمانه‌وه بووین، كه‌چی جـارێ ئه‌وان له‌سـه‌ر دۆخـی حیـزب و ئیشـی خۆیـان ده‌دوان و درۆیـان بـۆ یه‌كـتر ده‌سـتانده‌وه. ده‌تگـوت كێبه‌ركێی زمانلووسی و پێهه‌ڵگوتن به‌ڕێوه ده‌به‌ن و سكاڵای ئێمه‌یان له بیر كردووه.

له‌م كاته‌دا ئه‌مه‌راغا ڕووی له كاك خه‌مان كرد و گوتی:

- ئەم لێقەوماوە یەکێک لە هەرە هەڵسووڕاوانی حیزبە. نەیارێکی ئێمە تینی بۆ ڕووحی هێناوە. ئێستاش دەیهەوێ سکاڵای لە دژی تۆمار بکات. بەڵام هیچ پارەیەکیش شک نابات.

کاک چاوباز کە لە سەروبنی قسەی تێگەیشت دەستی بە پشتی ئەمەراغا داهێنا و گوتی:

- ئیشت نەبێ. پێویست بە حەقدەستی پارێزەریش ناکات و بەڵێن دەدەم سەگانی تێبەردەم و بابی نەیاری لە گۆڕ بێنمەدەر.

ئەمەراغا رووی لە کاک خەمان کرد و گوتی:

- تەمەن درێژ بی جەنابی چاوباز و خوا بە ئێمەت بێڵێ. تۆ لێرە بمێنەوە با ئیشەکانت ڕاپەڕێنێ. بەڵام لە بیرت بێ دەبێ کاتی دەنگدان تێیهەڵێنییەوە.

هەمووومان پێکەنین. ئەمەراغا لە کاک چاوباز ماڵاوایی کرد و لەوێ هاتینە دەرەوە. لە بن دەرگای دەرێ ئەمەراغا ڕووی تێکردم و گوتی:

- هەڵێ بانگی سەیدی تەنکەساز بکە بێتە ئێرە.

چووم سەیدم هێنا. ئەمجارە چووینە لای پارێزەرێکی‌تر کە دژبەری حوکمەت بوو.

ئەمەراغا سڵاوی کرد و دانیشت. دیسان شانۆی پێشووی دووپات کردەوە:

- جەنابی پارێزەر کەی ئەمە ڕەوایە. ئێوە نازانن ئێمە لە ئاوایی لە چنگ پارتی دژبەر تووشی چ بووین.

جەنابی پارێزەریش گوتی:

- هێندەیان بە بەرەوە نەماوە. سەگی هار هێندە ناژی. بەوزوانە مشووریان دەخۆین.

ئەمەراغا وەک جاری پێشوو بە دەنگێکی قەڵەو و قەبە گوتی:

- هیوادارم.

جەنابی پارێزەر پرسیاری کرد:

- دۆخی پارتەکەی ئێمە لە ئاوایی ئێوە چۆنە؟

ئەمەراغا بە پێکەنینەوە گوتی:

- یانی چی؟ ئەمەر ئاغات نەناسیوە؟ لە مەڵبەندێک من لەوێ بم، چما پیاو هەیە دەنگ بدات بە پارتی دژبەر.

کاکی پارێزەر کە لە خۆشیان فرکەی سمێڵی بوو، گوتی:

- هەر بژی.

لەناکاو وەک ئەوەی ئەمەراغا شتێکی کەوتبێتەوە یاد، ئاماژەی بە سەیدی تەنکەساز کرد و بە پارێزەری گوت:

- ئەم سەیدە بەڕێزە ئەندامێکی هەرە هەڵسووڕاوی حیزبە لە ئاواییەکەمان. چڵپاوخۆرێکی سەر بە پارتی حوکمەت ژانە سەرێکی زۆری بۆ دروست کردووە و مافی خواردووە. دەیهەوێ سکاڵای لە دژی تۆمار بکات. دۆخی ژیانیشی زۆر ئەستەم و دژوارە و هەناسە سارد و لێقەوماوە.

جەنابی پارێزەر کە لە بابەتەکە گەیشت گوتی:

- بێگوومان بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم بەدواداچوونی کێشەکانی بکەم.

- سەید داماو و لێقەوماوە و هیچ پوڵ و پارەیەک شک نابات.

- ڕێزت هەیە. ئەم قسانە چییە؟ کێ باسی پارەی کردووە؟

ئەمەراغا بە سەیدی گوت:

- خەمت نەبێ ئیشەکەت جێبەجێ بوو. پارێزەر ڕاوەستاو بێ. دەبێ بەڵێن بدەی کاتی دەنگدان، بۆمان قەرەبوو بکەیەوە!

هەموو پێکەنین. ئەمەراغا ئیزنی لە پارێزەر خواست و هاتینە دەرەوە. ئەمەراغا پێی گوتم:

- بچۆ بە مەڕەسەن بڵێ بێتە ئێرە.

چووم و مەڕەسەنم لەگەڵ خۆم هێنا. ئەمجارە چووینە لای دەدانساز. دەدانی مەڕەسەن بە شێوەیەک کیسی کردبوو، نەیدەتوانی زاری هەڵپچڕێت. کاک دکتۆری دەدانسازیش یەکێ لە پاڵێوراوانی هەڵبژاردن بوو کە سەر بە هیچ لایەنێک نەبوو و دەیویست سەربەخۆ لە هەڵبژاردندا بەشداری بکات.

ئەمەراغا لەگەڵ چوونە ژوورەوە، پێداهات بە جوێن و باسی خراپەی حیزبی هەر دووک لا. هەم پارتی خۆی و هەم بەرامبەرەکەی. دوای پێشەکییەک، داوای لە دکتۆر کرد بە خۆڕایی و بێبەرامبەر ددانی مەڕەسەن بکێشێ و بەڵێنی پێدا لە کاتی دەنگدان تیێ هەڵێنێتەوە.

مەڕەسەنمان لە لای دکتۆر جێهێشت و هاتینە دەرەوە. لە ماوەی دوو کاتژمێردا ئەمەراغا ئیشی هەموو جەماوەری چێ کرد. دایکی لاسی بردە لای دکتۆر. دەرمانی خێزانی خەمانە کەڕی بە بەلاش وەرگرت. مچە گرۆیی بردە لای پارێزەرێکیتر و ڕایسپارد ئیشەکانی جێبەجێ کات. دوای هەمووان نۆبەی من هات. منیشی بردە لای پارێزەرێکی بە ناوبانگی شار و دوای تاوتوێ کردن و مەرایی زۆر بە پارێزەری گوت:

- ئەم بەڕێزە یەکێک لە مۆرە سەرەکییەکانی حیزبی ئێمەیە لە ئاوایی. ئەندامێکی پارتی حوکمەت مافی پێشێل کردووە و بەشی خواردووە. داواکارم بۆ ئەوەی لە ئەرکەکانی حیزب دوانەکەوین، هەر چی بۆتان دەکرێ، بۆی بکەن تا لە پێش چاوی پارتی بەرامبەرمان ڕووسوور و سەربەرز بین.

جەنابی پارێزەر بەڵێنیدا تەنانەت پارەی تەمر و هەموو تێچووەکانی دادگەکەی من لە گیرفانی خۆی بدات. نانێکی نیوەڕۆی چەور و چاکیشی دامێ و خواردم. لای ئێوارە خەڵکی گوند دڵخۆش و ئاسوودە گەڕاینەوە ئاوایی.

بەیانی ئەو ڕۆژە، دەنگدان دەستی پێکرد.

هەر ئەوانەی سوێندیان خواردبوو تا دوا هەناسە تێدەکۆشن و ناهێڵن ئەمەراغا سەرکەوێت، لە پێش هەموویاندا دەنگیان پێدابوو.

کاتی ژماردنی دەنگەکان، کاک عوسە کەوڵەکۆن یەک تاقە دەنگی هێنابوو. هەموو پێمانوابوو بۆ خۆی ئەم دەنگەشی دابوو بۆ خۆی. بەڵام کاک عوسە بە سوێندان ڕەش و شین دەبووەوە و پێداگری دەکرد کە بیسەلمێنێ کە ئەمیش دەنگی داوە بە ئەمەراغا.

هەموو خەڵکی ئاوایی لێی ڕاسابوون و بە گژ کاک عوسەدا دەهاتن و بە خەراپە باسیان دەکرد.

ئەمەراغا گوتی:

«تێک بەر مەبن. ئەوەی دەنگی داوە بە کاک عوسە بۆ خۆمم. چما هەموو خەڵکی ئاوایی نەتاندەویست دەنگی خۆتان بدەن بە ئەو؟! دەی ئێستا کە من نوێنەری هەمووتانم، دەنگم داوەتێ».

بەم جۆرە هەموو ئەوانەی دەیانگوت دەنگ نادەین بە ئەمەراغا، دەنگیان دایە. بەس تاقە کەسێ قسەی خۆی بردە سەر ئەمەراغا بوو.

سەرەڕای هەموو شتێک، ئیشی هیچ کام لە ئێمە کە لە بەر ئەو، سوێند و تەڵاقمان ژێر پێ نابوو جێبەجێ نەبوو. تاقە کەسێ کە بە ئاوات گەیی و ئیشەکەی ڕاپەڕی دیسان هەر ئەمەراغا بوو.

٩

# تاپۆی حوکمەتە

بـۆ تورکێـک کـە لە هەندەرانـە، شـتێک لەوە خۆشـتر و بەتـامتر و عەنتیکەتـر نیـیە بە بەژن و بـاڵای وڵاتەکەی هەڵبڵێن. بەتایبەت کە ئەم پێهەڵگوتنە لە زاری خاوەن هونەرمەندی بەناوبانگ و نێونەتەوەیی وەک «ژۆلیوس کاچێن»ـەوە ببیسترێ. بەم شێوەیە بایەخی قسەکە چەند قات بەرز دەبێتەوە.

ئەو کاتەی ژۆلیوس کاچێن بە ڕاوێژی زاری هەنگوینی و چاوی مێخۆشی گوتی:

«من تورکەکانم زۆر خـۆش دەوێـت». حەزم دەکـرد لە جێـی خـۆم هەسـتم و بچـم و زاری مـاچ کەم. مەخابن لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، هەڵخڕاندنی هەست و سۆز بـە شـێوەی لای ئـێمە شـوورەییە. هەر بـۆیە بڕیارم دا ئەو کەسە کە ئێمەی تا ئەم ئاستە لاخۆشەویستە، بانگهێشـتی ئەسـتەمبوڵی بـکەم. دڵنیـاش نەبووم بانگهێشتەکەم وەردەگرێت یاخود نا. سکرتێرەکەی گوتی:

«لەگەڵ چەنـد کۆمپانیـایەک گرێبەسـتی گەورەی هەیـە کە دەبـێ شریتیـان بـۆ تۆمـار کـات. زۆر سەرقاڵە. بۆ خۆشت پرسیاری لێ بکە بەشکم ملیدا».

کاتێ بابەتەکەم بە ژۆلیوس کاچێن ڕاگەیاند، بە ڕوویەکی گەش و تامەزرۆوە وەریگرت و گوتی:

«لەبەر ئەم سەفەرە هەموو گرێبەستەکان دوا دەخەم».

بڕیار درا لەو ماوەی لە ئەستەمبووڵە، چەند ئاهەنگ و کۆنسێرتێکیش ساز دات.

لـە خۆشـیان لاقـم عەرزی نەدەگـرت. بـۆ ئەوەی کاروبـاری کۆنسـێرتەکە زووتـر جێبەجـێ بێـت، برادەرەکانم داوایـان کـرد بە پەلە، بە فـڕۆکە بگەڕێـمەوە ئەسـتەمبووڵ. هەر کە گەیشـتمە ئەسـتەمبووڵ قۆڵم لێ هەڵماڵی و دەستم بە ئیش کرد.

لە ئەسـتەمبووڵ دوو هـۆڵ هەیـە کـە ڕووی مەجلسـیان هەیـە و بـۆ کۆنسـێرت باشـن. سـەرم لـە هەردووکیـان دا. ڕوون بـووەوە هەردووک هۆڵەکـە لەمەوبەر گیـراون و چەنـد گروپێکیتـر بـە نیـازی کۆنسێرتن. دەستم لە هیچ کوێ گیر نەبوو و بە ناعیلاجی هۆڵێکی گچکەی حکوومیم بەکرێ گـرت کە شیاو و ڕێکوپێکیش نەبوو.

دوای هەڵبژاردنـی هۆڵەکـە، دەسـتم کـرد بـە وەشـان و بڵاوکـردنەوەی ڕێکـلام و ئاگـاداری بـۆ کۆنسێرتەکە. کێشەی هەرە گەورەمان دابینکردنی پیـانۆ بـوو. لە شـاری ئەسـتەمبووڵ تەنیـا یەک پیـانۆ هەبوو. ئەویش هی فێرگەی گشتی مۆسیقا و سامانی حوکمەت بوو. باشترە بڵێم لەسەر حـوکمەت تـاپۆ کرابوو. بەر لە هەموو شتێک بڕیارم دا بچمە لای بەڕێوەبەری فێرگەی مۆسیقا تا یارمەتیمان بدات.

ئەو جۆرەی بیستبووم بەڕێوەبەری فێرگەکە، لەمەوبەر پۆلیسی شارەوانی بوو و دوای خانەنشینی بۆ ئەم پیشەیە دەستنیشان کرابوو. ئیتر پۆلیسی شارەوانی چ پەوەندییەکی بە بەڕێوەبەرایەتی فێرگەی مۆسیقاوە هەیە، ئێمە خۆی تێهەڵناقوتێنین و ئیشی ئێمە نییە. چارەڕەشییەکە ئەمە بوو دەچووم بۆ فێرگەی مۆسیقا دەیانگوت چۆتە شارەوانی. دەچوومە شارەوانی دەیانگوت چۆتە فێرگەی مۆسیقا.

دوای ماوەیەک هاتووچۆ، زانیم کەسێک هاوکات دوو ئیشی هەبێ، هەروا سووک و سانا، دەستمان پێی هەڵناگات. جا ئیتر کەسێ سێ ئیش و چوار ئیشی هەبێ، دۆزینەوەی یەکجار ئەستەمە. دوای شەش ڕۆژ هەڵات هەڵات کە دۆزیمەوە لام وابوو زۆر ناسیاوە. کاتێ مێشکم هەڵگووشی تێگەیشتم کە ئەم کابرایەم لە سەر ڕێگای شارەوانی و فێرگەی مۆسیقا بینیوە.

پاش تاوێک چاک و خۆشی، پێمگوت:

- بەڕێزم ئێوە بێگوومان ژۆلیوس کاچێن دەناسن.

- کێ؟

- ژۆلیوس کاچێن.

- کێیە؟

- چۆن نایناسی؟ یەکێ لە بەناوبانگترین پیانۆژەنەکانی جیهانە.

- دەی دەی، زۆر باشە. ڕەنگە ئەو، من بناسێت.

- فەرموو داواکاریت چییە؟

- بەڕێزیان حەوتووی داهاتوو دێتە ئەستەمبووڵ. بڕیارە کۆنسێرتێک لێرە ساز دات. لەبەر ئەمەی تاقە پیانۆی بەکەڵکیش هی فێرگەی مۆسیقایە، داواکارم بۆ ئەوەی دایکی نیشتمان سووک و چرووک نەبێ و بە بووکمان نەبەن، ئەم پیانۆیە بۆ ماوەی کۆنسێرتەکە بدەن بە ئێمە.

هەموو هەوڵ‌وتەقەلام لە ڕاوێژمدا کۆ کردبووەوە و تێدەکۆشام وشە و ڕستەی سەرنجڕاکێش و دڵخۆشکەر بەکار بێنم تا تێڕوانینی ئەم، بۆ لای خۆم ڕاکێشم.

بە درێژایی ئەو کاتەی کە دەدوام کاکی بەڕێوەبەر چاوی لە شوێنێک بڕیبوو و بە ئەنگوستیش لە سەر مێزەکەی بەر دەستی دمبڵی دمبڵی لێدەدا.

کاتێ قسەکانم تەواو بوو، وەک کەسێک لە خەو هەستابێ، بە دەنگێکی سارد و سۆڵ و خەواڵوو گوتی:

- هەر باسی مەکە. ئەم پیانۆیە خێراتی ڕێکخراوەی «ڕاکەبۆکولێرە»یە کە پێشکەشی حکوومەتی کردووە، بەو مەرجەی تەنیا بۆ کۆنسێرتگەلێک بەکاری بێنین کە داهاتی بۆ ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بێت.

گوتم:

- ئەگەر بزانن لە کۆنسێرتێکی گشتی کەڵکی لێ وەرگیراوە، دەبێ پیانۆکە ڕادەست کەنەوە؟

- بێگوومان نەخێر. بەڵام لەبەر ئەوەی تاپۆی حوکمەتە، دەسەڵاتی ئەوەمان نییە بۆ ئیشی ناحکوومی کەڵکی لێ وەرگرین.

گوتم:

- بەڕێز چارەیەکمان بۆ بکەن و بە هانامانەوە بێن.

- بەداخەوە چم لە دەست نایات. هەر کاتیش ئەم پیانۆیە دەدەینە کۆنسێرتێکی ناو شار دواتر دەبێ شتێک بکرێت.

- دەی ناکرێ ئەم شتەش بۆ ئێمە لەبەر چاو بگرن؟

- ناکرێ. ئێوە دامودەزگایەکی فەرمی نین. لێپرسینەوەمان لێ دەکرێت.

- بەڵام گەورەم قسە لەسەر شەڕەفی وڵاتە. هەر من بە تەنیا لە پێش چاوی بیانییەکان خیت نابمەوە، بەڵکوو تورکیا سووک و سەرشۆڕ دەبێت.

- ببوورە بەداخەوە چم لە دست نایەت.

هەروا دوو سێ ڕۆژێک مابوو بۆ ڕۆژی کۆنسێرتەکە. چوومە لای شارەوان، تکام لێکرد ئاوڕمان لێداتەوە و ڕاسپێرێت تا فێرگەکە پیانۆکەمان بداتێ.

شارەوانیش داوای لە بەڕێوەبەری فێرگە کرد چۆنیان بۆ دەلوێ داواکاری ئێمە ڕاپەڕێنن.

بەڵام بەڕێوەبەری فێرگەی مۆسیقا ملی نەدا و لە وڵامدا گوتی:

- گەورەم ناتوانین. ئێمە وەک بووک ئەم پیانۆیەمان پاراستووە.

پرسیم:

- چۆن چۆنی بووک دەپارێزن؟!

کاکی بەڕێوەبەر وڵامی نەدایەوە و کپ و بێدەنگ بوو.

بە گاڵتەوە گوتم:

- بووکیش دەبێ کەڵکی لێوەرگری. بووک بە کەڵک نەیەت، دەینێرنەوە ماڵێ باوکی.

بەڕێوەبەری فێرگەی مۆسیقا زۆر پێداگر و شێلگیر گوتی:

- ئەم پیانۆیە چوار پێنج ساڵە لە جێگای خۆی جووڵەی نەکردووە و دەرگای لێ نەکراوەتەوە. ئیزن نادەم لێرە بچێتە دەرەوە.

پرسیم:

- بۆ؟

- لە بەر ئەوەی لە کاتی ڕاگواستن و هێنانەوە ڕەنگە وەجێیەک کەوێت و خەتی تێکەوێت و فەنەرەکانی شل‌وشەوێڵ بن.

بە جەنابی شارەوانم گوت:

- من ئامادەم گەرەنتی هەر جۆرە پێشهاتێک بکەم و ئەگەر دوور بێ بچووکترین کێشە بەرەوڕوومان بووەوە، بە سەر و ماڵ تێدام و قەرەبووی دەکەمەوە.

بەڕێوەبەری فێرگەی مۆسیقا سواری قسەی خۆی ببوو و نەدەهاتە خوار. چوومە لای سەرۆکوەزیران و سەرۆکی پارتی و شالیاری ناوخۆیی و بۆ سەرۆککۆماریش نامەم نارد، مەخابن کەس بە پیاوی نەزانیم و ئاوڕی لێ نەدامەوە. ئاخۆ ئابڕووی وڵات لای هیچ کامیان گرینگ نەبوو یاخود بڕشت و دەسەڵاتی بەڕێوەبەری فێرگە لە گشتیان زۆرتر بوو.

هەناسە سارد و لارەمل بۆ پیانۆیەکی ئاسایی کەوتمە جموجۆل و هەموو شارم تەقاندەوە. تاقە ڕۆژێکیش مابوو بۆ وادەی کۆنسێرتەکە.

سەردانی سێ چوار کەسم کرد کە دەیانگوت پیانۆیان هەیە. یەکیان کە لە هەمووان ساختر بوو هێنامانە ناو هۆڵی کۆنسێرت.

کاتێ قامکت دەخستە سەر دووگمەکانی، دەنگێکی وەهای لێ بەرز دەبووەوە، لە مێژووی داهێنانی مۆسیقادا نۆتی وا نەبیسترابوو.

برادەرێکم گوتی:

- ئەم پیانۆیە بە کار نایات و تووشی بەزم دەبین. هەر نەبێ با بیبەینە لای وەستایەک نۆژەنی کەینەوە.

بە قسەی ئەم هاوڕێیەم پێکەنیم و گوتم:

- دروستکردنی ترۆمبێلێک لە نۆژەن کردنەوەی ئەم پیانۆیە ئاسانترە.

هەرواش بە ناعیلاجی چووینە لای سەرۆکی دایرەی هونەر و مۆسیقا و داوامان لێکرد باری خوارمان ڕاست کاتەوە و چاوێک بە پیانۆیەکەدا بخشێنێت.

لە کاکی سەرۆکی دایرەی هونەر و مۆسیقام پرسی:

- گەورەم بەڕێزتان لە کام ئامێرە مۆسیقاییەکاندا شارەزان؟

وڵامی داوە:

- ماوەیەک لە قوتابخانەی سەربازی زوڕناژەن بووم.

بۆم ڕوون بووەوە نۆژەن‌کردنەوەی پیانۆیەکە ئیشی ئەو نییە. بەڵام بەسەرهاتی کۆنسێرتەکە و هاتنی پیانۆژەنی بەناوبانگم بۆ باس کرد و داوام لێکرد بە سەرپێوە بێت و چاوێک لە پیانۆیەکە بکات.

جەنابی سەرۆک وڵامی داوە:

- داواکارییەکەتان بنووسن تا کاری بۆ بکەین.

گوتم:

- گەورەم کات زۆر کەمە. سبەی‌شەو دەبێ ئەم کۆنسێرتە بەڕێوە بچێت. لە هەموو شاردا ڕێکلاممان بۆ کردووە.

جەنابی سەرۆک زۆر شێلگیرانە وڵامی داوە:

- بە من چی ڕێکلامتان کردووە. چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟! گووکاری خۆتان لە سەری من هەڵمەسوون.

- گەورەم ئێمە هەڵەیەکمان کردووە. ئێوە پیاوەتی بکەن و لە بەر ئابڕووی وڵات فریامان کەون.

- باشتر وایە کۆنسێرتەکە هەڵوەشێننەوە.

هێندەی نەمابوو لەبەر تووڕەییان بتەقم. گوتم:

- گەورەم هەموو وڵاتمان تێگەیاندووە. بانگەشە و ڕێکلاممان بۆ کردووە. چۆن دەبێ کۆنسێرتەکە هەڵوەشێنین؟!

- کەیفی خۆتانە.

هەر ئەو ڕۆژە لای ئێوارە ژۆلیوس کاچێن بە فڕۆکە گەیشتە ئەستەمبووڵ. هێشتا بە تەواوی نەحەسابووەوە، بابەتی پیانۆم بە هێمنی پێ‌ڕاگەیاند و تێمگەیاند. زۆر پێکەنی.

سبەینێ بەیانی لەگەڵ کاچێن بۆ تاقی کردنەوەی پیانۆ چووینە هۆڵی سینەما. پیانۆژەنی بە ناوبانگ لە هۆڵی چۆڵی سینەمادا یەکێک لە ئاوازە هەرە ناسراوەکانی ژەند. پاشان بە هەردووک دەست بە سەری خۆیدا کوتا و گوتی:

- ئەمە پیانۆ نییە. هۆڕنی حەمام لەمە باشترە. من بەو پیانۆیە قوڕی کوێ بەسەر خۆمدا بکەم؟

لە شەرمان لەشم وەسەر ئاو گەڕابوو. نەمدەزانی چی وڵام دەمەوە. وەک هەتیوان ملم خێس کرد و لەسەرەخۆ گوتم:

- لەبەرت مرم، حەیامان نەچێ!

پیانۆژەنەکە وڵامی داوە:

- ئابڕووچوونەکە بۆ منە. تۆ هەر ڕازی بی، ئیتر قەیناکا.

له بەر ئەوەی تـا درەنگـانی شـەو لە هـۆڵی سـینەما فیلمیـان نمـایش دەکـرد، کـات نەبـوو گروپـی مۆسیقا، ئامێرەمۆسیقاییەکەیان بەیەکەوە ڕێکخەن.

لەگەڵ دەسپێکی کۆنسێرت، بینیم غەرغەرەی پەردەی هۆڵەکە تێکچـووە و ئـیش ناکـات. هەر بۆیـە چووم بە دەست پەردەم لادا.

ژۆلیوس کاچێن دەستی پێکرد و دوو سێ قسەی کرد و گوتی:

«داوا لە بەشـداربووان و ئامـادەبووان دەکەم لـێمان خـۆش بـن کە نەمـانتوانیوە پیـانۆیەکی گەورە و بەکەڵک دابین بکەین، هەر بەم پیانۆ وردیلەیە کۆنسێرتەکە بەڕێوە دەبەین».

دواتـر لە پشـت پیـانۆ ڕۆنیشـت و دەسـتی کـرد بـە ژەنینـی ئـاوازێکی بەناوبانـگ. بەڵام هەر دەنگـی زرینگە زرینگ لە سیمەکان دەهاتە دەر. جارجارەش دەتگوت ئاسن لە شووشە دەخشێنن.

ئـارەق لە سـەر و پرچـی هونەرمەندەکـە دەتکـا. ڕەگـی ملـی دەرپەڕیبـوو و چرچـاوی لە تووڕەییـان وەک دنـــدووکی کەو ســـوور هەڵگەڕابـــوو. بەڵام هەرواش بێوچـــان درێـــژەی بـــە کـــارەکەی دەدا. لەبەر ئەوەی دوگمەکانی پیانۆ لە ژێر زەختێکی زۆردا بوون، لەناکاو فەنەری پیانۆیەکە لە ژێرەوە خرم بەربوونەوە خوارەوە.

کاچێن لە پشت پیانۆیەکە هەستا و هاتە پێش. ئیتر گرژ و ئاڵۆزی تاوێک لەمەوبەری پێوە دیار نەبوو.

چەند جارێک کڕنۆشی بۆ بەشداربووان کرد و گوتی:

«خوشکان و برایانی بەڕێز، لە تەواوی تەمەنمدا هێندەی ئەمشەو ئازارم نەبینیوە. گەلێک سـپاس بـۆ میوانداریتان. تکاتان لێدەکەم هەر وەک چۆن لە هەموو جیهان بۆ پارێزگـاری لە ئاژەڵەکـان، کۆمەڵـە و دامەزراوە پێکدێنن، ئێوەش بۆ پاڵپشتی و پشتیوانی لە هونەرمەندەکانتان ڕێکخراوەیەک سازدەن».

لە دواییدا بە بێ ماڵاوایی لە هۆڵەکە ڕۆیشت. بە ناچاری، پارەی بلێتی بەشداربووانم گەڕاندەوە.

ئامادەبووان گەلێک زەرەر و زیانیان بە کورسی و دەرکە و دیوارەکان گەیاندبوو. پارەی ئەویشمان هاتە سەر.

لە هەمووی خۆشتر ئەمە بوو کە فەرمـانبەری شـارەوانی و دایـرەی دارایـی بـۆ وەرگرتنـی ماڵیـات لـە داهاتی کۆنسێرتەکە هاتبوون و لاقیان چەقاندبوو کە بە بەتاڵی ناگەڕێینەوە!

بە لایانەوە هیچ گرینگ نەبوو کە کۆنسـێرتەکە بەڕێـوە نەچـووە و پـارەی جەماوەرەکەمـان داوەتەوە. ئەوان بەس ڕاسپێردراوی وەرگرتنی ماڵیات بوون. لە کۆتاییشدا لە جیاتی پارە، منیان پەلبەسـت کـرد و تا بەیانی لە شارەوانی دایان کردم!

ئەم قۆلبەست کردنە قـازانجێکی بـۆ مـن هەبـوو. ئەویـش ئەمە بـوو کـە لە ڕێوڕەسـمی بەڕێ‌کـردن و ماڵاوایی لە کاچێن بەشدار نەبووم و چاوم لە چاوی نەئاڵقا.

١٠

# ئەو پیاوەی هۆگری شیعر بوو

لە تەمەنێکدا بـووم کە گیـرۆدەی شـیعر و شـاعیری بـووم. وەک زۆربەی ئەو گەنجـانەی لە خەیـاڵ و پـڵاودا نـوقم بـوون، شـیعرگەلێکم دەهـۆنییەوە. وڵاتـم سـەنگ و سـووژن دەدا تـا کەسـێک بـدۆزمەوە و شیعری بۆ بخوێنمەوە. ئاخروئۆخری مانگ بوو. هەوڵـم دەدا دوو لیـرە و نیـوێکی کە لە گیرفانمـدا شـک دەبرد، بە وریایی و وردبینـیـیەوە خەرجـی کەم. لە ئیـدارە هـاتمە دەرەوە و یەکسـەر شـۆڕ بـوومەوە بەرەو ماڵ بۆ لای ژنە جوان و کابانەکەم. هەر منی دیت، گوتی:

-حەسەن گیان زۆر کاری چاکت کرد کە وا زوو هاتیەوە بۆ ماڵ. ئەمشەو چێشتێکی خۆش و بەتامم بۆ لێناوی.

وڵامم داوە:

- سپاست دەکەم ئازیزەکەم کە هەموو کات و سات لە بیری من دای.

چاک بوو خێزانم لە سەروسەکوتمی نەڕوانی دەنا دەیزانـی چەنـدە دامـاوم کە نەمتوانیـوە لەبەر بـێ پارەیی بچمە لای هاوڕێیەکانم.

لەو سەردەمەدا چایخانەی «سەرە وشتر» قۆمرغانە و مەکۆی خاوەن هـونەر و هونەرمەنـدان بـوو. هەر کەس لە بەشێکی هونەری شارەزا با، دەبـوو شـەو بـێ سـێودوو سـەرێک لە چایخـانەی «سـەرە وشـتر» هەڵێنێت. لـە سـەرەتای شـەودا هونەرمەنـدەکان لەوێ کـۆ دەبـوونەوە و مشـتومڕ و دەمەقاڵەیـان بـوو. سـواری سـەری یەک دەبـوون. دەنـگ لێـدابڕان و ئاشـت بـوونەوەیەکی زۆر لـە ئـارادابوو کـە هەوێنــی چاپەمەنییەکان بوو.

نووســـەرە هەرەنـــاسراو و شـــاعیر و هونەرمەنـــدەکانی ئەمڕۆکـــە بیرەوەریگەلێکـــی دڵـــڕفێن و سەرنجڕاکێشیان لە چایخانەی سەرە وشتر هەیە.

لــە مــاڵێ وەک مەڕەگێــژە ســەرم لــێ ئەســتوور ببــوو. حەجمیــنم لــێ هەڵگیرابــوو. دەمویســت شــیعرە نــوێیەکەم بــۆ کەســێک بخــوێنمەوە. ئەم ئاواتــە دەســتی لــە بیــنم نــابوو و خەریــک بــوو دەیخنکاندم. لە بەر خۆمەوە گوتم:

«بێ پارەیی گولییە گولی».

لەوە دەچـوو خێـزانم گـوێی لـێ بـووبێ. یـا لـە ڕەنـگ و ڕووخسـار و هەڵسـوکەوتم تێگەیشـتبێ، بە نەرم و نیانی گوتی:

-حەسەن گیان ئەگەر پێت خۆشە و حەز دەکەی بچۆ سەرێک لە هاوڕێیانت هەڵێنە با سوکناییت بێتەوە.

لە دڵی خۆمدا گوتم:

«ئەگەر پارەم هەبا دەچووم».

بەڵام دانم بە جەرگمدا گرت و بە خەمبارییەوە بە خێزانم گوت:

- پێت خۆش نییە لە ماڵێ بم؟

ژنەکەم وەڕووی خۆی هەڵنەهێنا و هیچی نەگوت. لەگەڵ ئەوەی لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەگوت، وەک باڵندەی تیژباڵ لەمبەر بۆ ئەوبەر دەفڕی و خەریکی نان و خوان بوو.

لە دڵی خۆمدا دەپاڕامەوە بەڵکوو یەکێ لە هاوڕێیانم بێت و لەگەڵ خۆی بمباتە چایخانە بۆ لای ئەوانیتر. بەڵام برادەرەکانم زۆر فێڵبازن. هەر کات پارەم پێوە شک دەبەن کلکەسووتەم بۆ دەکەن و داوێنم بەر نادەن. بەڵام هەر کە زانیان گیرفانم سەوزەڵێ دەڵێت، خۆ دەدزنەوە و بۆی دەردەچن.

خێزانم چێشتە خۆشەکەی نایە سەر کەوڵی نان. بۆن و بەرامەی خواردنەکە منی لەگەڵ خۆی برد و برادەر و چایخانە و شیعر و میعری لە بیر بردمەوە و قاپە چێشتم هێنا پێش خۆم. هێشتا دوو سێ پارووم نەخواردبوو تەقەی دەرگا هات. گەشامەوە. گوتم:

- دەبێ کێ بێ؟

خێزانم کە چووبوو دەرگا بکاتەوە هەر لە بن دەرگاوە هەرای کرد:

- کاک کەماڵە.

- «وەی گیان. کەماڵ حەیدەر، هاوڕێی هەرە باش و کەڵەشاعیری سەردەم. بێگوومان هەر کە منی لە چایخانە نەدیوە، پەرۆشی منی بووە و هاتووە لە حاڵ و باڵم بپرسێت».

دوو دوو و سێ سێ لە پلیکانەکان بازم دا بەرەو خوار. بە تاسەوە هەر وەک دەمێک بێ یەکمان نەبینیبێ دەستمان لە ملی یەک کرد و ملمان لە ماچ و مووچ نا. پێم‌گوت:

- کەماڵ گیان، دەی وەرە ژوورەوە.

کەماڵ حەیدەر شانێکی لێ هەڵتەکاندم و گوتی:

- کەی ئێستا کاتی ژوورەوەیە. چ دەکەی لە ماڵێ؟ وەرە بچین سەرێک لە چایخانە بدەین.

بە ئەسپایی گوتم:

- هێواش قسە بکە کوڕە، نەکا خێزانم گوێی لێ‌بێ. ئەمشەو لەبەر ئەوەی دەستم نەدەڕۆیی بێمە چایخانە بە ناعیلاجی شێوم لەگەڵ خێزانم خوارد. هەر دەڵێی تۆ لە ئاسمانەوە بۆ من هاتووی.

- هەیهوو، منیش لە بەر بێ پارەی هاتوومە لای تۆ.

- جوان دیارە پارەت هەبا منت هەر لە بیر نەدەبوو!

کەماڵ حەیدەر کە زانی تیری نێچیری نەپێکاوە گوتی:

- دەی کە وای لێهات بچۆ لەگەڵ خێزانت شێو بخۆ. منیش دەچمە چایخانە کەسێک هەر دەبینمەوە.

هەر کە ویستی بڕوات دەستم گرت و گوتم:

- ڕاوەستە. داناوەشێی من بەجێدێڵی و دەڕۆی؟!

- جا چ بکەم! دوو کەسی بێپارە خۆ ناتوانن بچنە چایخانە.

لەو سەردەمەدا بە دوو لیرە، پیاو دەیتوانی ملۆمۆیەک بکات. پەنجا قڕووش لە پارەکەم بۆ بەر چایی سبەینێ وەلا نا و بە کەماڵم گوت:

- دوو لیرەم هەیە. تەواوە؟

کەماڵ بەخۆشییەکەوە گوتی:

- ئەرێ ئەرێ ماڵتە تەواوە.

- جا ئێستا بە چ فێڵێک لە ماڵەوە دەرباز بم؟ تۆ بە خێزانم بڵێ برادەرێکمان لە حاڵی خۆی دایە و دەبێ بچین سەردانی بکەین.

کەماڵ کە لە شانۆگەری و فرتوفێڵدا لێزان و کارامە بوو گوتی:

- بە منی بسپێرە. تۆ کارت نەبێ.

لە پلیکانەکان چووینە سەرەوە. خێزانم گوتی:

- کاک کەماڵ سفرە ڕاخراوە. فەرموون.

کەماڵ حەیدەرە لێوبەبار و خەمبار وەک کەسێکی لێقەوما گوتی:

- کاک نیازی قەلەندەر و بەستەزمان لە حاڵی خۆی دایە. لە هۆش چووە. بەو حاڵەش هەر دەبزرکێنێ و بەردەوام ناوی تۆی لەسەر زارە. هاتووم بەیەکەوە بچین سەردانی بکەین.

- با شێو بخۆین، جا دەچین.

- کاکی خۆم کابرا ئەوە بە گیانەڵاوەیە، تۆ لە بیری شێو خواردنی؟!

- کە وابێ حاڵی زۆر شڕە؟

- پێموانییە تا بەیانی بژیت. ئەگەر تۆ نایەی من بە تەنیا دەچم.

چاوێکم لە خێزانم کرد. خێزانم گوتی:

- چاریناچار لەگەڵی بچۆ، بەڵام زوو وەرەوە. لە سەرت ڕادەوەستم.

- نا ئازیزەکەم، چاوەڕوانی مـن مەبە و شـێوەکەت بخـۆ. ڕەنگـە درەنـگ بـێمەوە. ئەوەنییـە دەڵێـت بە حاڵ ماوە و هەر بینا مرد!

پاڵتۆکەم لە بەر کرد و گورج لە مـاڵەوە بـۆی دەرکەوتـین. کـاتێ گەیشـتینە چایخـانەی سـەرە وشـتر دەرزیـت هاڵاویشـتبا نەدەگەیشـتە عەرز. هەر جـمەی دەهـات. هونەرمەنـد، جـووچکە هونەرمەنـد، زڕە هونەرمەنـد و ئەوانەی هەر لە زگـی دایکیـانەوە هونەرمەنـد بـوون، لە سـەر کورسـی و لە پشـت مێـز دانیشتبوون و شیعریان دەخوێندنەوە و باس و دەمەقاڵەیان بوو. سەرم بە هەموو مێزەکاندا کـرد. جێگـا و شوێنێکی بەتاڵم نەدۆزییەوە دانیشم و شیعرێکیان بۆ بخوێنمەوە.

بە نـاعیلاجی دەبـوو شـیعرەکەم بـۆ کەمـاڵی بـرادەرم بخـوێنمەوە. لە چرِوچـاوی کەمـاڵیش وا دەردەکەوت ئەمـیش لەبەر ئەوەی نەیـدەتوانی شـیعرەکەی بـۆ کەسـێک جگـە لـە مـن بخـوێنێتەوە، داهێزابوو. هەر چۆنێک بێ لە تەنیشت بارِەکە بە پاڵەجیقە جێگای خۆمان کردەوە. دوو لیوان شـەڕاب و تۆزێک مەزەم کرِی و گوتم:

- کەماڵ پێخۆری پێ بکە با زۆر بخایەنێت.

کەماڵ حەیدەر ئاماژەی بە کەسێک کرد کە بە تەنیا لە پشت ئێمەوە دانیشتبوو و شەڕابی هەڵدەدا و گوتی:

- ئەم کابرایە دەناسی؟

ئەم کابرایەی نیشانی دام لەمەوبەر مشتەری چایخانە نەبوو. قەڵافەتی وایدەنوانـد دەوڵەمەنـد بـێ و مشتەری چایخانە و بارِە شازەکانی سەرەوەی شار بێ.

گوتم:

- ناینا سم، لەبەر چی دەپرسی؟

- سێ شەوە ئەمە جێگایەتی و بە تەنیا لە قوژبنێک هەڵدەنیشێ و نان و چێشت و شەڕابی خۆی دەخوات.

- دەیجا چییە. خۆ بەشی ئێمە ناخوات!

- هەروا. چاوێک لە پەرێزی بکە، چەندی شت لە پێشە.

چاوم لە مێزەکەی کرد. هەرچی بتهەوێ لێی بوو.

کەماڵ حەیدەر گوتی:

- ناکا سیخورِی حوکمەت بێ؟

- بۆچی وا بیر دەکەیەوە؟

- بۆچی ناوێت. کەسی ئاسایی وای لێ ڕاناکێشێت.

گوتم:

- هەر کەسە بە ئێمە چی!

هەردووک بێدەنگ بووین و لە دەرفەتێک دەگەڕاین شیعرەکانمان بخوێنینەوە. کەماڵ حەیدەر لە من ئازاتر بوو. هەر وەک جاران پێشکەوت و شیعری خۆی خوێندەوە. لە کوتاییشدا پرسی:

- شێعرەکەمت پێ چۆن بوو؟

لەبەر ئەوی دەبوو دوای چەند خولەکێک منیش شیعری خۆم بخوێنمەوە و بیر و ڕای وەرگرم، گوتم:

- شتی وا هەر قەت نەبووە، لە ڕادەبەدەر خۆش بوو!

- گەر وایە گوێ شل کە بۆ دووهەمی.

پێش ئەوەی دەنگ هەڵبڕم و بڵێم سەرەی منە، دەستی کرد بە خوێندنەوەی شیعری دووهەم و هەر چۆنێک بێ دانم بە جەرگی خۆم داگرت و چم نەگووت. خواردن و خواردنەوەی ئێمە تەواو ببوو. کەماڵ حەیدەر هەروا شیعری دەخوێندەوە. کاتێ شیعرەکانی تەواو بوو، گوتم:

- چاو بێپارەیی چی بەسەر هێناوین؟ بۆ لەم وڵاتەی ئێمە شاعیر و نووسەر هێندە بێبەش و چارەڕەشن؟ تەنانەت ناتوانین لە باڕ و چایخانەکان زگمان تێر کەین!

کەماڵ حەیدەر هەناسێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

- شیعرەکەت بخوێنەوە. برسیەتیمان لە بیر دەچێتەوە.

- بێ خواردن و خواردنەوە شیعر ناخوێندرێتەوە. گوێ بدەیە کەماڵ، من پەنجا قرووشم بۆ بەرچایی سبەینێ هەڵگرتووە، ئەگەر چاک گوێ بگری بۆ شیعرەکەم، ئامادەم دوو لیوان شەڕاب بکڕم.

کەماڵ زەردەیەکی هاتێ و گوتی:

- بە سەر چاو، چاک گوێت لێ دەگرم!

مەیگێڕەکە دوو لیوانی لە پێش دانایین. ملم نا لە شیعر خوێندنەوە. کەماڵ هەر هیچ بە شیعرەکەمی هەڵنەدەگوت. بە تەواوی هۆشی هەر لە لیوانە شەڕابەکە بوو.

پرسیارم لێ کرد:

- پێت چۆن بوو؟

- خراپ نییە. کەمێک پێداچوونەوەی دەوێت تا شتێکی لێ دەرچێت!

لەم قسەیەی زۆر بە خۆمدا شکامەوە. ئەم هەتیوە چەندە بێچاووڕوویە؟! هەموو کات ئەم چەقەچەقەی دەکات. سووچی خۆمە هێندەم شاخ و باڵ لە شیعرەکەی نا. چەند خولەکێک بە لالووتی باسی ئەم و ئەومان کرد. درەنگ ببوو. دەبوو تاماڵەکەمان بە پێ بڕۆینەوە، هەر بۆیە گوتم:

- کەماڵ هەستە با بڕۆین. تا دەگەینەوە دەبێتە نیوەشەو.

کەماڵ حەیدەر بە تووڕەییەوە تفی کردە عەرز و گوتی:

- جا قەت ئەوە قسەیە. لە وڵاتی ئێمە نرخی هونەرمەند بۆ هێندە کەمە. دەمانهەوێ بگەڕێینەوە بۆ ماڵ، پارەی پاسێکمان نییە، دەبێ بە پێ بڕۆینەوە.

هەستاین بەرو دەرگای دەرەوە ڕۆیشتین. ئەو پیاوە کە خواردن و خواردنەوەی زۆری لە سەر مێزەکە بوو سەر ڕێی پێگرتین و گوتی:

- بەڕێزان داوای لێبووردن دەکەم، ئیزن دەدەن لە خزمەتتان دابم؟!

وڵامم داوە:

- ڕێزتان هەیە گەورەم.

من زۆرم پێخۆش بوو، چاوێکم لە کەماڵیش کرد بزانم ئەو دەڵێ چی. کەماڵ بە سرتە گوتی:

- ئەم کابرایە سیخووڕی حوکمەتە. دەیهەوێ قسەمان لێ دەرهێنێ.

کابرایەکە داوایەکەی دووپات کردەوە:

- تکا دەکەم گەورەم کەن.

خزمەتکارەکان بە پەلە دوو کورسییان هێنا و لە پشت مێز دانیشتین. کەماڵ هێشتاش لە سەر قسەی خۆی سوور بوو و متمانەی پێنەبوو و بە سیلەی چاو لە کابرای دەڕوانی.

کابرا خۆی ناساند:

- چووکەتان حەمە داسکوڕ، پەیمانکاری ڕێگاوبانم.

کەماڵ حەیدەر هەر بەو نێوچاوان تاڵییەوە پرسیاری کرد:

- گەر وایە تۆ، ئێمە دەناسی؟

- بەداخەوە تا ئێستا شانازی ناسینی ئێوەم نەبووە.

کەماڵ زۆر تێکچوو.

- جا چۆن من ناناسی؟ ناوم کەماڵ حەیدەرە شاعیری بەناوبانگ.

سەربەرزم بە ناسینتان. کتێبی ئێوەم تا ئێستا نەبینیوە.

- هێشتا بڵاونەکراوەتەوە. بەمزووانە کتێبەکەم بڵاودەبێتەوە. جارێ شیعرەکانم لە گۆڤارەکاندا چاپ دەبێت.

کەماڵ حەیدەر لێی ڕوون بۆوە کابرا سیخوڕ نییە. هەر بۆیە پرسی:

- باشە برای بەڕێز ئێمە ناناسی، بۆ چی پێشت پێگرتین و بانگهێشتت کردین؟

پەیمانکارەکە بە پێکەنینەوە گوتی:

- بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشەکانم چەند ڕۆژێکە هاتوومە ئەنقەرە. زۆر هۆگری شیعرم. لێرولەوێ پرسیارم کرد و زانیم ئەم چایخانەیە مەکۆی ڕووناکبیر و هونەرمەندانە. هەر بۆیە شەوانە دێمە ئێرە. بە گەنجی منیش شیعرم دەگوت. بەداخەوە دواتر چوومە ناو کۆمەڵگا و کوێرەوەری ژیان بەرۆکی گرتم و لە شیعر و پەخشان دابڕام. ئەمشەو کە گوێم لە قسە و باسی ئێوە بوو کەوتمەوە یادی لاوەتی خۆم و بیرەوەری لە دەست چووم دیسان بووژانەوە، یادی بەخێر. گەنجییەتی چ کات و ساتێکی خۆشە.

کابرا لەوە دەچوو گلەیی و گازندەی ئێمەی لە بێپارەیی بیستبێ و زانیبووی کە پەنجا قرووش پارەمان پێ‌نییە خواردنێک بخۆین، زگی پێ‌سووتاوین و بانگهێشتی کردبووین. کابرا پەیمانکارەکە بەردەوام قسەی دەکرد:

- ویستم لە نزیکەوە ئەم دوو شاعیرە لاوە بناسم و لە قسەکانتان چێژ وەرگرم.

کەماڵ حەیدەر بە شێوەیەکی ناشیرین گوتی:

- گەر وایە چاک چاو لێکە، تا باش بمانناسی!

کابرا پەیمانکارەکە هەر وەسەرخۆی نەهێنا و گەلێک زیرەکانە لە قاقای پێکەنینی دا. بەڵام کەماڵ کۆڵی نەدا و بە تووڕەییەوە گوتی:

- دەوڵەمەندی وەک تۆ کاتی لاوی تەنیا دوو دێڕ شیعری لە بەر کردووە، ئێستا چۆن مافی ئەوە دەدەی بە خۆت، خۆت بێنییە ڕیزی شاعیران؟!

کابرا پەیمانکارەکە بە بزەیەکی گاڵتەجاڕانەوە گوتی:

- ڕاستە، قسەی تۆیە.

ئەگەر کەماڵ لە تەنیشتم دانیشتبا، لە ژێر مێزەکەوە لەقەیەکی مزرم لێدەدا تا ئەوەندە چەقەچەق نەکات، بەڵام بەداخەوە لێم دوور بوو.

پەیمانکارەکە پرسی:

- حەزتان لە چییە بۆتان بێنێت؟

کەماڵ گوتی:

- ئێمە نمەکی کەسێک ناکەین سووکایەتی بە شاعیران بکات.

پەیمانکارەکە بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

- من کەی زاتی ئەوەم بووە؟ لە ناخی دڵەوە ڕێزم بۆ شاعیران هەیە.

- کـاتێ یەکێکـی وەک تـۆ دەڵێـت شـیعرم هۆنیـوەتەوە، خـۆی لـە خۆیـدا سـووکایەتی بـە ئەدەبیات و شیعر و پەخشانە.

کابرا هێشتا هەر پێیوابوو گاڵتەیە. بە پێکەنینەوە گوتی:

- ڕاست دەفەرمووی، قسەی تۆیە.

کورسییەکەم گۆڕی و چوومە تەنیشت کەماڵ حەیدەر دانیشتم.

پەیمانکارەکە هەرای خزمەتکارێکی کرد و لە ئێمەی پرسی:

- حەزتان لە چییە؟ تکا دەکەم چیتان پێخۆشە بفەرموون تا بیهێنێ.

من بە شێوەیەکی نەرم و نیان وڵامم دایەوە:

- ڕێزتان هەیە گەورەم. هەموو شتێک لەسەر مێزەکە هەیە، بە زیاد بێ.

بەڵام کەماڵ بە لاسارییەوە گوتی:

- خواردنی قرژاڵ و کەمێک گۆشتی زڕەکەو و بڕێک خواردنی قەرقاوڵ و هێندێکیش هێلکەی بەران!

پەیمانکارەکە گوتی:

- بەران خۆ هێلکە ناکات!

کەماڵ لە وڵامدا گوتی:

- بۆ دەوڵەمەندێکی وەک تۆ هەموو شتێک جێبەجێ دەبێ.

بە ئەسپایی بە گوێی کەماڵدا چرپاندم:

- هەتیوە تۆ بۆ ئەوەندە نارەسەن و لاساری. بۆ دانامەزرێی؟

کەماڵ بەسرتەوە وڵامی داوە:

- لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە کە دەیانهەوێ شیعر و ئەدەبیاتیش بە پارە بکڕن، هەر دەبێ وەها بدوێی.

وا دیار بوو کابرا گوێی لە قسەکانمان بـوو. ڕەنگێکـی هێنـاوبرد. ڕەش و شـین بـووەوە، بەڵام هیچـی نەگوت. خزمەتکارەکان هەرچی داوامان کردبوو بۆیان هێناین و لە پێشیان داناین.

پەیمانکارەکـە هەروا باسـی هـۆگری خـۆی بـۆ شـیعر و ئەدەبیـات دەکـرد و بە پەرۆش بـوو کە چەرمەسەرییەکانی ژیان ناهێڵن بپرژێتە سەر کتێب و کتێب خوێندنەوە.

لەناکاو کەماڵ قسەی پێبڕی و گوتی:

- لێوەبڕە کاکە، ئێمە نەهاتووینە ئێرە گوێ لە قسەی پڕوپووچی جەنابت بگرین.

دواتر رووی لە من کرد و درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی:

- شیعرێکی بخوێنەوە تا کاکم بۆی روون بێتەوە شیعری باش یانی چی؟

من لە جۆری هەڵسوکەوتی کەماڵ زۆر بە خۆمدا شکامەوە. ئاکار و رەوشتی کەماڵ لە دەستمدا بوو. هەر کە دو سێ لیوانی هەڵدەدا، ئاگای لە دنیا نەدەما و دەستی دەکرد بە هەڵیتوپڵیت، بەتایبەت ئەمشەو هەر زۆری خواردبووەوە.

هەر بۆیە ڕووم لە کابرا کرد و گوتم:

- ئەم هاوڕێیەم زۆر گاڵتەچییە. گوێ مەدەیە و زیز مەبە.

کابرا پەیمانکارەکە بە ڕێزەوە گوتی:

- تکایە شیعرەکەت بخوێنەوە، زۆر حەزم لێیەتی.

یەکێ لە باشترین شیعرەکانم خوێندەوە. دواتر کەماڵ حەیدەریش شیعرێکی خۆی خوێندەوە. کابرا بەردەوام پێیهەڵدەگوتین و هانی دەداین. ئێمەش بەبێ گوێدان بە قسەکانی پەیتاپەیتا دەمانخوارد و دەمانخواردەوە.

کەمێک بێدەنگی داکەوت. کەماڵ بەبێ هیچ پێشەکییەک لە پەیمانکارەکەی پرسی:

- تۆ ئاڕاگۆن دەناسی؟

- کێ؟

- ئاڕاگۆن.

- ئاڕاگۆن کێیە؟

کەماڵ بە گاڵتەوە سەرێکی لەقاند و پرسی:

- ئەی ڕامبۆ دەناسی؟

- نا بەداخەوە.

- ئەی وەرلەین؟

- کێ؟

- ئەی دۆستۆیۆفسکی؟ کتێبەکانت خوێندووەتەوە؟

- هێشتا نەمدیوە.

- ئەی کتێبەکانی ڕەسڵ؟

- نا.

- لەوە دەچێ شیعرەکانی لێرمۆنتۆڤیشت نەخوێندبێتەوە؟

- نەخێر.

کەماڵ پاروویەک کە بە دەستییەوە بوو لەسەر مێزەکەی دانا و گوتی:

- ئاخە پیاوی چاک، کەسێ کە ئاراگۆن نەناسێ و ناوی وەرلەینی نەبیستووە و کتێبەکانی دۆستۆیۆفسکی نەخوێندووەتەوە و لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ڕەسڵ تێکەڵاویی نەبووە و شیعری لێرمۆنتۆڤی بەرگوێ نەکەوتووە، چۆن مافی ئەوەی هەیە بێتە ئێرە و ئێمە بانگهێشتی سەر مێزەکەی بکات؟!

لەش‌ولاری کابرا پەیمانکارەکە وەک شەپۆلی بەتەوژمی زەریا ورووژا. کەماڵ حەیدەر هەروا قسەی دەکرد:

- کاکە، تۆ کە کتێبەکانی ستاینبێکت نەخوێندووەتەوە، ویتمەنیش ناناسی، نووسینەکانی تۆماس مانت نەبینیوە، بۆت نییە لەسەر ئەدەبیات قسە بکەی. گەمژەی وەک تۆ لە بەر ئەمەی خاوەن پارەیە پێی وایە ئاگاداری هەموو شتێکە؟!

کابرا پەیمانکارەکە کە کەفی دەپرژاند، یەخەی کەماڵی گرت و وەک پووشکەیەک لە سەر کورسییەکەی بەرزی کردەوە و دوو سێ میتر ئەولاتر فڕێیدا.

چایخانەکە شێوا. کابرا وەک شێت دەینەڕاند و دەیویست هێرش بەرێ بۆ کەماڵ. چەند خزمەتکارێک گرتبوویان و چەند شاعیرێکیش بە هانای کەماڵەوە چووبوون بیبەنە دەرەوە. قسە و قسەڵۆک و جنێو بڕەوی بوو. هەردووک قسەی سووک و چرووکیان پێشکەشی یەکتر دەکرد. پەیمانکارەکە دەیگوڕاند:

- بڕۆ ملی خۆت بشکێنە هەی نەفامی لووت‌بەرز. قرووشێکت لە گیرفاندا نییە و تڕت بەقەد دنیا زلە. بەزەییم پێداهاتی و بە پیاوم زانی تا چەند خولەکێک خوش بین و خەم بەباکەین. ئەرێ کارێکی خەراپم کردووە؟ هێشتا لە سەر کورسی دانەنیشتبوون دەستیان کرد بە تانەوتەشەر.

کەماڵ حەیدەریش لەو بەرەوە بۆی دەستاندەوە:

- لێوەبڕە، مفتە خۆری هیچ نەزان! تۆ کە تەنانەت ناوی یەکێ لە نووسەر و شاعیرە مەزنەکان نازانی، چۆن خۆت دێنییە ڕێزی ئێمەوە. بڕۆ دەرەوە. ئێرە جێگای تو نییە گەمژە.

کابرا پەیمانکارەکە کە خەریک بوو ئەهوەن دەبووەوە، هەر کە ئەم جوێنانەی گوێ لێبوو دیسان پەلاماری کەماڵی دا.

- هەی باوک‌مردوو، چەند شیعرێکت نووسیوە پێت وایە ئەندولوست گرتووە؟ چاک بوو دەستم لە شاعیری هەڵگرت دەنا وەک تۆ لە برسان زگم بە پشتەوە دەنووسا.

ئەگەر کەماڵ بێدەنگ بووبا، پەیمانکارەکە هیچی نەدەگوت، بەڵام کەماڵ کۆڵی نەدەدا و قسەی ناحەز و ناشیرینی دەگوت. پەیمانکارەکە چووە سەر مێزەکە و لەوێوە خۆی بە کەماڵ حەیدەر دادا و بەر شەق و مست و پێلاقەی دا.

مشتەری و خزمەتکارەکانی چایخانەکە هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کەماڵ لە ژێر چنگی پەیمانکارەکە ڕزگار بکەن بەڵام نەیاندەتوانی. کەماڵ لەگەڵ هەر مست و شەقێک کە وێیدەکەوت، جوێنێکی بە پەیمانکارەکە دەدا و ئەویش لەگەڵ هەر مستێک دەیگوت:

«ئەوە بۆ ئاراگۆن، ئەمەش بۆ وەرلەین، ئەوەش بۆ دۆستۆیۆفسکی، ئەمە و ئەمە و ...».

هەر چۆنێک بوو مشتەرییەکان پەیمانکارەکەیان گرت و کەماڵیان ڕزگار کرد. سەروچاوی کەماڵ شەلاڵی خوێن بوو، بەڵام هەرواش کۆڵی نەدەدا و بێدەنگ نەدەبوو:

- گەواد، کەسێک پووشکینی نەناسێ مافی ئەوەی نییە باسی شیعر بکات.

بە پاڵەپەستۆ کەماڵم لە چایخانە بردە دەرەوە و گەیاندمەوە ماڵەکەی.

ساڵانێکی زۆر بە سەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی. شەوێک لە چایخانەیەک لەگەڵ هاوڕێیەکم شێوم دەخوارد. کەسێک هاتە لام و گوتی:

- دەمناسی؟

لە قەڵافەتم هەڵڕوانی. لەبەر چاوم ناسیاو نەبوو، بۆیە وڵامم داوە:

- نا بەداخەوە ناتناسم.

- کاتێ بەزمەکەی ئەو شەوەی گێڕایەوە و بۆم دەرکەوت کابرا پەیمانکارەکەیە، بە سەرشۆڕییەوە گوتم:

- گەنجی و هەزار کەرییەتی!

پرسیاری کرد:

- نێوت چ بوو؟ لە بیرم چووەتەوە.

- حەسەن.

ناوی هاوڕێیەکەت کە ئەو شەوە ئەم بەزم و هەرایەی نایەوە چ بوو؟

- کەماڵ حەیدەر.

کابرا پەیمانکارەکە بە بزەیەکی تایبەتەوە گوتی:

- دەزانی ئەوشەوە قسەی هاوڕێیەکەت بوو. من بێویژدان بووم.

له مەبەستی تێنەگەیشتم و نەمزانی دەیهەوێ چ بسەلمێنێت، بۆیە بێدەنگ بووم و چـاوەڕوان بـووم کابرا قسەکانی بکات. دوا ئەوەی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا گوتی:

- بەڵێ، قسەی ئێوە بوو. ئەمڕۆ من کەسێکی دەوڵەمەندم. و هەموو شتێکم هەیـە و کەموکـووڕیم لـە ژیاندا نییە. دیسانیش ئامادەم هەرچی هەمە و نیمە بیدەم و جێگای خۆم لەگەڵ هـاوڕێ شـاعیرەکەت بگۆڕمەوە. بەڵام کوا شتی وا جێبەجێ دەبێ؟!

دیسان بێدەنگ بوو. دواتر گوتی:

- ئێستا کاک کەماڵ حەیدەر خەریک بە چییە؟

- لە وەزارەتخانەی ڕێگاوبان دامەزراوە.

- کتێبەکانی بڵاوبوونەوە؟

- ئەو کات کتێبێکی بچووکی بڵاوکردەوە. بەس ماوەیەکە هیچ هەواڵێکم لێی نییە.

- تۆ خەریک بە چی؟

- مـن دەفەرمـووی؟ ئیش‌گەلێکـی جۆراوجـۆرم کـردووە، بەڵام هیچکامیـان کەڵکیـان نەبـوو. ئێسـتا ماوەیەکە سکرتێری پەیمانکارێکم.

- سەیرە!

بە بزەیەکی تاڵەوە گوتی:

- بە لاوی منیش ماوەیەک شاعیر و نووسەر بووم.

١١

# مەنجەڵی بەکلۆک

ڕۆژی دوای ژن هێنانم خێزانم پەڵپی مەنجەڵی بەکلۆکی پێگرتبووم. لە ڕووم نەدەهات هەروا زوو بە خێزانم بڵێم وەها پارەیەک شک نابەم. هەر بۆیە بە کەوشەوە وەناو قسەکانی دەکەوتم بەڵکوو لە بیری کات. بەڵام خێزانم کۆڵی نەدەدا. شەو و ڕۆژ باسی مەنجەڵی بەکلۆکی هەڵدایساند و بەو داهێنانە گرینگەی هەڵادەگوت:

«ئەگەر مەنجەڵی بەکلۆک بکڕین، کاتمان بە فیڕۆ ناچێ». «بۆ لێنانی چێشت پێویست ناکات چەند کاتژمێر لە چێشتخانە دەستاودەست بکەین و بەسەریەوە هەڵوەستین».

منیش هەموو کات لە وڵامیدا دەمگوت:

«ئازیزەکەم فەرمایشتت ڕاست و ڕەوایە».

خێزانم بە بێ سەرنج دان بە وڵامی من، هەروا حەولی دەدا باشییەکانی مەنجەڵی بەکلۆک ڕیز کات:

- بە کڕینی مەنجەڵی بەکلۆک دەست بە پارەوە دەگرین چونکە ئیتر حەوێجەمان بە غاز نامێنێ.

- قسەی تۆیە ئازیزەکەم.

- خێر و بێرێکی‌تریشی هەیە. لە کاتی کوڵینی چێشتدا ماددە خۆراکییەکانی بە فیڕۆ ناچن و بەتام‌تریش دەبێ.

- خۆشەویستەکەم قسەی تۆیە. ڕاستە.

نازانم خێزانم بۆچی لەو هەموو لە سەرەخۆیی و شان داخستنەی من تووڕە نەدەبوو؟ بۆ چی دوای ئەم هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بێ‌دەستکەوتە هەروا دیسان حەولی دەدا بە من بسەلمێنێ.

کاتێ لە ڕیزکردنی چاکییەکانی مەنجەڵی بەکلۆک شل و کول بوو، تاکتیک و شێوازەکەی گۆڕی. ئەو جار وێڕای پێهەڵگوتنی بە مەنجەڵی بەکلۆکی دەروجیران دەگوت:

«جگە لە ئێمە هەموو کەس مەنجەڵی بەکلۆکی هەیە. ئیتر من لە ڕووم نایە چاو لە چاوی خزم و کەس و کارم بکەم.

منیش هەروەکوو جاران لە سەرەخۆ وڵامم دەداوە:

«خۆشەویستەکەم قسەت بە جێیە».

خێزانم ماوەیەکیش ئەم قسانەی دووپات دەکردەوە. بەڵام لەبەر ئەمەی دیسان نەگەیشتە ئامانج، پلان و دەراوی زاری گۆڕی:

«خۆ من ماشین و دۆڵاب و تەلەویزیۆنم لێ ناوێی! مەنجەڵی بەکڵۆک شیاوی ئەوە نییە هێندە خـۆت تەنگەتاو کەی ماڵتە!»

زۆرم پێخۆشبوو پێی بڵێم:

«ئازیزەکەم زۆر حەز دەکەم بۆت بکڕم، بەڵام ڕووی دەست کـورتی ڕەش بـێ». بەڵام لـە دڵـی خۆمـدا ڕامدەگرت و چم نەدەدرکاند. دەشمزانی پیاو بمرێ باشترە تاکوو بە خێزانێ بڵێ پارەم نییە.

شەوێک لە کاتی شێوخواردندا دیسان بەزمی مەنجەڵی داگریساندەوە.

خێزانم گوتی:

- کرێکاری شارەوانی گەڕەکمان هەر ئەمڕۆ مەنجەڵی بەکڵۆکی بۆ خێزانی کڕی.

ئەم هەواڵە وەک گۆپاڵ وەسـەرم کەوت و وڕووکـاس بـوم. بەڵام چـار چییـە و هـیچم بـۆ نەدەگـوترا. شەوێکی‌تر خێزانم بە پێکەنینەوە گوتی:

- ئەرێ دەزانی؟

- چی؟ چ دەزانم؟

- سبەی حەوتەمین ساڵڕۆژی هاوسەرگیریمانە.

- بەڕاستی! سەیرە! هەر لە بیرم نەبوو. بەختیاری و کامەرانی بەوەی دەڵێن!

هەر بە خۆشمان نەزانی حەوت ساڵ ژیانی پڕ لە خۆشی ئێمە چۆن تێپەڕی.

خێزانم گوتی:

- ئەرێ بە سەری تۆ، بەڵێ وایە ڕاست دەکەی، جا لە ماڵێکدا مەنجەڵێ بەکڵۆکی تێدا نەبێ تەمەن بە خێرایی و بە خۆڕایی تێدەپەڕێ! بۆ کوڵاندنی ماشە سپی، لە دەفری ئاسـاییدا، ژنـی بەسـتەزمان دەبـێ چوار کاتژمێر بەسەر پێوە هەڵوەستێ. بەڵام ئەگەر ئەم مەنجەڵەت هەبێ بە نیو کاتژمێر کۆتایی دێت.

وەک پێشوو وڵامم داوە:

- ڕاست دەکەی خاتوونی من.

ئەمجارە ئیتر خێزانم دەرهەڵبوو کوڵەگریانی لە گەروو دابوو گوتی:

- ئاخ لە بەر تۆ، مرۆڤ لە چنگی تۆ شێت دەبێ.

- بۆ ئازیزەکەم؟

- خـاتوون وڵامـی نەداوە. بـۆ ئەوەی بیخـافڵێنم و وەک جـاران لە بیـری بـبەمەوە، بابەتێـک کـە تـازە نووسیبووم و لە ڕۆژنامەدا بڵاوکرابووەوە دامە دەستی و گوتم:

- ئازیزم ئەمەی بخوێنەوە بزانە پێت چۆنە؟

خێزانم بە ناقایلییەکەوە وڵامی داوە:

- خۆ هەرچی تۆ دەینووسی ڕاست نییە!

ئەوە یەکەمین قسەی تاڵی خێزانم بوو کە لە ماوی پێکەوە ژیانماندا دەهاتە سەر زاری. لێم پرسی:

- بۆ چی؟

- بۆی ناوێ! نووسەر بەر لە هەموو شت، دەبێ لە باس و خواسی شارستانییەت ئاگادار بێت.

بە خەمباری وڵامم داوە:

- تێدەگەی کە سووکایەتیم پێدەکەی؟!

- سووکایەتی نییە، وایە ئیتر. مرۆڤی پێشکەوتوو دەبێ لە گشت سازکراوەکانی پیشەسازی کەڵک وەرگرێت. بەڵام ئەوە تۆ کە لە سەدەی بیستەمدا دەژی، پێت خۆشە بە کەرەسە و کەلەپووری سەدەی نۆزدەهەم بژی. ڕێک وەک ئەوە دەچێ نووسەرێک قەڵەم و پێنووسی نوێ تووڕ دات و بە قامیش بنووسێ!

یەکەم جار بوو کێشە و تەنگ و چەڵەمەی ژیان لەگەڵ ئافرەتێکی ڕووناکبیر هەست پێبکەم.

ڕۆژی دوایی مەنجەڵی بەکلۆکم کڕی و هێنامەوە ماڵ. بە خێزانم گوت:

«خۆشەویستەکەم بەو مەنجەڵە پێ دەنێینە جیهانی شارستانییەتەوە. هیوادارم خێری پێوە بێ. ئێستا تێدەگەم ئافرەتێک کە لە مەنجەڵی بەکلۆک کەڵک وەردەگرێ بیروڕاکانیشی هەستیارتر دەبێ».

ڕاست و بێدرۆ بڕوام هێنابوو ئافرەتێک کە مەنجەڵی بەکلۆکی هەبێ لەگەڵ ئافرەتێک کە لە بەیانییەوە فوو لە ئاوری ژێر مەنجەڵی ڕەش دەکات، زۆر جیاوازە.

ڕۆژ و مانگ تێپەڕین. خێزانم بەکلۆکی وەبەر دەس نەدەخست و چێشتی تێدا لێنەنا. چەند جارێک لۆمەم کرد و توانجم تێدەگرت و باسەکەم بن گوێ هەڵدێنا، بەڵام بێ ئاکام بووم.

ڕۆژێک لە خێزانم پرسی:

- خاتوونەکەم بۆچی لە مەنجەڵە بەکلۆکەکە کەڵک وەرناگری؟

خێزانم وڵامی داوە:

- بە سەرچاو کەڵکی لێوەردەگرم.

دیسان ماوەیەک بەسەر چوو و دیسان مەنجەڵ هەر دیاری نەبوو.

دیسان گوتم:

- ئازیزەکەم لە بەر چی بە مەنجەڵەکە چێشت لێنانێی؟

- بە سەرچاو لێدەنێم.

خێزانم هەر دەیویست بیباتە لایەکی‌تر، بەڵام من پێداگرانە گوتم:

- ماڵێ باوکم مەنجەڵمان بۆ جوانی نەکڕیوە. ئەگەر نەماندەویست چێشتی تێدا ساز کەین، دەچووین لە پشت شووشەی دووکانەکانەوە سەیرمان دەکرد. لە کەل و پەلی شارستانییەت دەبێ کەڵک وەرگرین!

لە ژێر زەخت و زۆری من، خێزانم گوتی:

- جارێ لەم مەنجەڵە فافۆنانەی کە هەمانن کەڵک وەردەگرین.

- ئەی بۆچی هێندەت تین هێنابوو و کوندە سەرت کردبووم کە «مەنجەڵی بەکڵۆک» بکڕم؟! ئازیزەکەم دەترسم کۆن و زایە بێت.

وام هەست دەکرد قسەکانی خێزانم بیانوون و وەبەر دەست نەخستنی مەنجەڵە بۆر هۆیەکی تری هەیە. ئەوەشمدەزانی هەموو خەڵک بە تایبەتی ئافرەتەکان کەل و پەلی نوێ کە دەکڕن حەز دەکەن نیشانی دۆست و ئاشنای دەن.

یەکێ لە برادەرکانم سەر لە هەوەڵەوە کە تەلەفۆنی کڕیبوو یەک ڕیز تەلەفۆنی بۆ ئەم و ئەو دەکرد بەڵکوو هەموو بزانن ئەویش بۆتە خاوەنی تەلەفۆن.

بەڵام خێزانم لە بەر چی مەنجەڵی لە یەغدان ناوە، لێم دیار نەبوو!

لەو ڕۆژەوە وازم هێنا و هەوڵمدا قسەیەک سەبارەت بە مەنجەڵ نەکەم. بەڵام ڕۆژێک لەناکاو گوتم:

- دەبەر باوکت مرم تاقە جارێک چێشتی تێدا لێنێ بزانین چی لێ دەردەچێ.

خێزانم زۆر شێلگیرانە وڵامی داوە:

- ئەوەی ڕاستی بێ دەترسم چێشتی تێدا لێنێم.

- لە چی دەترسی؟

- دەترسم بتەقێت و سەر و ماڵمان تێدا بچێت.

واق مابووم چی وڵام دەمەوە. پاش ماوەیەک کە میوانێکی زۆرمان هەبوو، خاتوون بڕیاری دا مەنجەڵە گۆرین بەردەست خات. من لە هۆدەی میوانان بووم و دمەتەقە و ئاڵوگۆڕی بیروڕامان بوو. کوڕە گچکەکەم هاتە ژوور و گوتی:

- دایکم داوا دەکات چەند خولەکێک بچیە مەتبەخ.

کاتێ چوومە مەتبەخ بینیم خێزانم ئارەقی ڕەش و شینی دەر کردبوو و جوان خووسابوو. پرسیم:

- چ بووە؟

- هەر چی دەکەم سەری مەنجەڵە بەکڵۆکی قوڕبەسەر هەڵناگیرێ. وەرە بزانە هەڵیناگری؟

هەنگڵی ئەملاولام گرتن و بۆ سەر و بۆ خوار و ڕاست و چەپم بادا، بەڵام هەڵنەگیرا هەرچی تێنووسام و خەریکی بووم، چم بۆ نەکرا! خیزانم گوتی:

- قوڕێ کوێ وەسەر خۆ کەم؟ چ بکەین؟

- نازانم!

- لە میوانەکان بۆ نەپرسین؟!

- ئابڕووچوونە! دەڵێن هێندە گێل و نەزانن تەنانەت ناتوانن سەری مەنجەڵی بەکڵۆکیش هەڵگرن.

- بۆچی ئابڕووچوونە؟

هەنگڵی مەنجەڵ بە دەستەوە چووینە لای میوانەکان. خێزانم لە ژنەکانی پرسی:

- ئێوە دەزانن سەری ئەم مەنجەڵە چۆن هەڵدەگیرێ؟

یەکێ لە ئافرەتەکان گوتی:

- ئەوەی من هەمە مۆدێل و جۆرێکیترە!

یەکێتر گوتی:

- وەک مەنجەڵی منە بیهێنە هەڵیگرم.

بەڵام نە بۆ خۆی و نە هاوسەرەکەی نەیانتوانی سەری مەنجەڵ هەڵگرن.

یەکێ لە پیاوەکان گوتی:

- قاقەزی بە کارهێنانی لەگەڵ نییە؟

وڵامم داوە:

- ڕەنگە لە ناو خۆی دابێ.

هەرکام لە میوانەکان شەکرێکیان شکاند. ئێمەش فەرمانی هەموو لایەکمان بەڕێوە برد. بەڵام سەرە مەنجەڵ هەڵنەگیرا.

خێزانم لەو ئافرەتەی کە گوتبووی مەنجەڵەکەیان لە هی مەیە، پرسی:

ئێوە چۆن سەری مەنجەڵەکەتان هەڵگرتووە؟

وڵامی داوە:

- کاتێ کڕیمان سەری کرابووەوە.

من که له وڵامه‌که‌ی پێکه‌نین دایگرتم، گوتم:

- بۆ له دواییدا، له کاتی چێشتلێنان سه‌ره‌که‌تان قه‌پات نه‌کرد؟

ئافره‌ته‌که که چاوه‌ڕوانی ئه‌و پرسیاره‌ی نه‌ده‌کرد گێژ و وڕ بوو و حه‌په‌سا، وڵامی دایه‌وه:

بێگوومان قه‌پاتی ده‌که‌ین. به‌ڵام مه‌نجه‌ڵی ئێمه ئیتر فێرکراوه. بۆخۆی داده‌خرێ و هه‌ڵده‌گیرێ!

له ئاکامدا به هه‌مووان هێندمان هێنا و برد و تێینووساین تا هه‌ڵگیرا.

خێزانم مه‌نجه‌ڵی هه‌ڵگرت و چووه چێشتخانه. پاشان پیشه‌سازیی په‌ککه‌وته و نارِه‌سه‌نی وڵات که‌وته به‌ر باس و لێکۆڵینه‌وه‌ی خه‌ستی میوانه‌کان.

یه‌کێ له میوانه‌کان گوتی:

- مه‌نجه‌ڵی ئه‌ورووپی شتێکی‌تره. هه‌ر بڵێی پخخخ هه‌ڵده‌گیرێ.

یه‌کێ‌تر گوتی:

- به‌رهه‌مه‌کانی وڵاتی خۆمان وه‌ک زۆربه‌ی شته‌کانی‌ترمان، ئیشیان به‌راوه‌ژوو و فیچڵ‌فاچه. له‌و جێیه‌وه ده‌بێ هه‌ڵگیرێ داده‌خرێت. کاتێ ده‌بێ داخرێت، له خۆوه هه‌ڵده‌گیرێ!

خێزانم دیسان به خۆی و مه‌نجه‌ڵه‌که‌وه هاته ژووره‌وه و گوتی:

- ئه‌رێ هۆڕنی هوشیار کردنه‌وی چۆن ئیش ده‌کات؟

ئه‌م جاره قاقه‌زی به‌کارهێنان که له ناو مه‌نجه‌ڵه‌که ده‌رمانهێنابوو، چاومان لێکرد و هه‌ر وه‌ک داوای کردبوو هۆڕنه‌که‌مان بۆ ئه‌ملاولا سووڕاند به‌ڵام نه‌ده‌چووه سه‌ر جێی خۆی.

یه‌کێ له میوانه‌کان گوتی:

- ئه‌گه‌ر چاومان له قاقه‌زه‌که نه‌کردبا، خێراتر جێبه‌جێمان ده‌کرد.

بوو به نیوه‌ڕۆ و ئێمه هێشتا مه‌نجه‌ڵمان له سه‌ر ئاگر دانه‌نابوو. خێزانم گوتی:

- پیاوی چاک بن زوو تێکیهاوێن.

ئافره‌تێکی به ته‌مه‌ن گوتی:

- ڕۆڵه گیان ئێمه‌ش مه‌نجه‌ڵێکمان هه‌یه له ترسی ته‌قینه‌وه‌ی، قایشه‌که‌مان ده‌رهێناوه و هه‌ر وه‌ک مه‌نجه‌ڵی ئاسایی که‌ڵکی لێ وه‌رده‌گرین!

خێزانم پرسی:

- ده‌ی چێشته‌که زوو ده‌کوڵێنێ؟

- کچێ نا نا، زۆر دره‌نگتر له مه‌نجه‌ڵی ئاساییش ده‌کوڵێت! به‌س دڵم خۆشه که ناوی مه‌نجه‌ڵی به‌کڵۆکه!

خێزانم لە ئافرەتێکی لاوی پرسیار کرد:

- ئێوەش مەنجەڵی بەکڵۆکتان هەیە؟

- ئا ئا هەمانە، چۆن نیمانە!

- دەی چۆنی کەڵک لێوەردەگرن؟!

- ئەوەی ڕاستی بێ دوو ساڵە کڕیومانە بەس هێشتا هەڵمان نەپچڕیوە!

ئافرەتێکیتر گوتی:

- ئێمە مەنجەڵەکەمان تەنیا ئاوی تێدەکەین و وەک تەنەکەی ئاو کەڵکی لێوەردەگرین!

کاتژمێرێک لە نیوەڕۆ لایدابوو و ئێمە هێشتا لە سەر مەنجەڵی بەکڵۆک قسە و باسمان بوو. بە خێزانم گوت:

- بچۆ لە هاوسێکان بپرسە. یەکیان هەر دەزانێ و ئەم گێرەوکێشە تەواوی دێت.

خێزانم مەنجەڵی بن هەنگڵ دا و ڕۆیشت. پاش نیو کاتژمێر کە سەری بە هەموو ماڵاندا کردبوو، بە خۆ و بە مەنجەڵەوە، گەڕایەوە! لێم پرسی:

- جێبەجێ بوو؟

خێزانم بە تووڕەییەوە گوتی:

-نا، هیچیان سەرەدەریان لێدەرنەکرد. منیر خانم هەر بێ ئەوەی سەرەکەی قەپات کات، چێشتی تێدا لێدەنێ!

مریەم خاتوونیش لە ترسان تا ئێستا چێشتی تێدا لێنەناوە!

حۆری خانیش جارێک چێشتی تێدا لێناوە و ئیدی سەرەکەی بۆ هەڵنەگیراوەتەوە و ئەمە دوو مانگە چێشتەکەی لەوێ داماوەتەوە!

- ئەی تەگبیر چییە؟

خێزانم وڵامی دایەوە:

- دراوسێی قاتی سەرەوەی ئێمە، خێزانی چووەتە بازاڕ. مێردەکەی کە لە ماڵەوەیە، مەنجەڵەکە بەرە بەڵکوو توانی چاکی کات.

مەنجەڵم هەڵگرت و بۆ لای هاوسێی نهۆمی سەرەوە چووم و گوتم:

- داوای لێبووردنم هەیە، سەر ئێشەت تووش دەکەم. ئەرێ ئێوە مەنجەڵی بەکڵۆکتان هەیە؟

- هەمان بوو.

- چۆنتان کەڵک لێوەردەگرت! دا دەی ئێمەش فێر کەن.

گوتی:

- فەرموون وەرنە مەتبەخ.

بەیەکەوە چووینە مەتبەخ. کابرا دەستێکی لە سەر شانی من دانا و دەستەکەی تری ڕاداشت بۆ میچی چێشتخانە و گوتی:

- چاو لێبکە براله!

میچی مەتبەخەکە بە بۆیاخی ڕەنگاوڕەنگ نەخشابوو. وای بۆ چووم، بۆ جوانی مەتبەخەکە ئاوا نەخشاوە و بۆیاخ کراوە!

گوتم:

- زۆر جوانە.

- کەوابێ بە کەیفتانە؟

- ئادی بە دڵمە.

هاوسێیەکەمان سەرێکی لەقاند و بە پێکەنینێکی تایبەتەوە گوتی:

- ئەم ڕەنگە سوورە کە دەیبینی دۆشاوی تەماتەیە. ئەم زەردە، پەتاتەیە. ئەم بۆرەقنە کە هەڵمساوە، گۆشتە! ئەوەش خێر و بێری مەنجەڵی بەکڵۆکن. من کە مەنجەڵم تووڕداوەتە ناو زبڵدان. بە قسەی من دەکەی تا زوویە و میچی مەتبەخی ئێوەش ئاوا نەنەخشاوە، فریای خۆتان کەون. دەنا دواتر هەزار بریا ناگاتە فریا.

سپاس و ماڵاواییم لە کابرا جیرانەکە کرد و گەڕامە خوارەوە. مەنجەڵم دا دەست خێزانم و گوتم:

- ئەم مەنجەڵە چاک نابێ. جارێ تا لەوەی درەنگتر نەبووە چێشتی نیوەڕۆ ساز بکە. لە دواییدا مشووری دەخۆین.

خێزانم وەک منداڵی باوک مردوو لیچی کردن و بە کوڵەگریانەوە گوتی:

- دوو کاتژمێر لە نیوەڕۆ تێپەڕیوە. ئێستا من چ لێنێم؟

ماڵی ئاوەدان بێ یەکێ لە میوانەکان نێوبژی کرد و نەیهێشت لە سەر مەنجەڵە سەر بە قوڕ، کێشەکە قووڵتر ببێ و لەگەڵ خێزانم لێمان ببێتە شەڕ و بەزم و هەڵا.

لە سەر داوا و پێشنیاری ئەو، کەوڵمان ڕاخست و بە نان و پەنیر و سەوزە و ئاو زگمان هاخنی و تا مڕ بووین خواردمان! هێشتاش پاش ئەم هەموو ساڵە هەر کات خێزانم ماشێنی جل‌شۆر و قاپ شۆر و شتی‌تری دەوێت، وڵام دەدەمەوە:

مەنجەڵی بە کڵۆکیشمان کڕی، تڕحێوووو!!!

## ١٢

## ئەم شڕوشۆڵە، کەی لە نووسەر دەچێ؟

هێندە وەڕەز و ماندوو بووم، بە ناعیلاجی لەماڵەوە دەرکەوتم. کاتێ ئاوا بە جۆرێک هەست بە کەم و بێنرخی خۆم دەکەم هەر دەڵێی قەت نەبووم. تەوژمی هەوا لە سەرەوە و هێزی کێشەری زەوی لە خوارەوە جیقیان دەرهێنابووم. خەریک بووم لە کۆڵانی ماڵی خۆمان تێدەپەڕیم. دوو کەس بەرەوڕووم دەهاتن. کاتێ گەیشتنە لام، یەکیان وەستا و پرسی:

- گەورەم ببوورە، بەڕێزتان کاک حەسەنی نووسەرن؟

- بەڵێ هەوم.

بە حەز و تاسەیەکی زۆر هەردووک دەستی هێنایە پێش و گوتی:

- زۆر گەشامەوە چاوم پێتان کەوت. هەموو ئەندامانی بنەماڵەی ئێمە شەیدای نووسینەکانی ئێوەن. بەڕاستی زۆر باش دەنووسن.

منیش بە حەزەوە تۆقەم لەگەڵ کرد و زەردەم هاتێ.

کابرا هەروا بە نووسراوەکانی منی هەڵدەگوت. منیش بە هەر ڕەستەیەکی گەورە دەبووم و بەژن و باڵای خێچ و خوارم، ڕاست و قەپ دەبوو. وەک کەسێکی شەرمن سپاسم کرد و هەر کام ڕێگای خۆمان گرتە بەر. بە پێچەوانەی چەند خولەکێک لەمەوبەر کە وەک تەگەری کون بە ڕاکێشڕاکێش لەدووم دەدا، ئێستا بە حەز و بزەوە هەنگاوم دەنا. زەوی و ئاسمان و خەڵک لە بەر چاوم جوان و دڵگیر بوو.

کاتێ لە کۆڵان دەرچووم و گەیشتمە شەقام، تووشی ژن و پیاوێک بووم. پیاوەکە بە خێزانی گوت:

- بڕوانە کاک حەسەنی نووسەر کە بە ئاواتی دیتنی بووی، ئەمەیە.

لە ژێرەوە لێم ڕوانین. ژنەکە بە حەز و تاسە و بزەیەکی سێحراوی تێمڕامابوو. لە تەنیشتیانەوە تێپەڕیم. هەردووکیان بە حەزێکی زۆرەوە سڵاویان کرد. لەبەر کوڵوکۆی حەز و تاسە توانای وڵامم نەبوو، بەس سەرێکم بۆ لەقاندن. وام هەست دەکرد بەژنم بەرزتر بووە و کێشم بە ڕادەیەکی بەرچاو چووەتە سەر. هەر کە گەیشتمە وێستگەی پاس، کیژۆڵەیەک هاتە پێش و گوتی:

- ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ئێوە دەبێ کاک حەسەن، نووسەری خۆشەویست بن؟!

بە ئاماژەی سەر وڵامی بەڵێم دایەوە.

کیژۆڵەکە بە حەز و تاسەیەکی زۆرەوە گوتی:

- لە ئاسمان لێتان دەگەڕام، لە سەر زەوی دیمنەوە.

به شەرمەوە وڵامم دایەوە:

- سپاست دەکەم.

کیژۆڵەکە بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- بەڕاستی نووسینەکانتان بە هێز و پێزن. من هەموویان دەخوێنمەوە.

- زۆر سپاس بۆ ئێوە.

لە قسەکانی کیژۆڵەکە بە جۆرێک لە خۆبایی ببووم پێموابوو لە ناو هەوردا پیاسە دەکەم.

کاتێ پاسەکە گەیشتە جێ، چەند کەسێک کە لە ڕیزی پێشەوە بوون و قسەی کیژەکەیان گوێ لێببوو، خۆیان پاش خست و داوایان کرد من لە پێش ئەواندا سوار بم. لە ناو پاسەکەدا گەنجێک کە ئەویش لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوو، هەر کە چاوی بە من کەوت، یەک پێ هەستا و کوڵاوەکەی بە ڕێزەوە داگرت و سڵاوی کرد و جێگاکەی خۆیدا بە من.

بە ڕادەیەک هەستم بە سەربەرزی و گەورە بوون دەکرد کە ژووری پاسەکە لە بەر چاوم تەنگەبەر و گچکە بوو. بەردەوام لە سەر کورسییەکە قوونەجووڵەم بوو. لە بەر خومەوە گوتم:

«بۆ دەبێ میچی ئەو پاسانە بەم جۆرە نەوی دروست کەن؟!»

ئەو گەنجەی کە جێگای خۆی دابوو بە من، گوتی:

- من لە هۆگرانی نووسراوەکانی ئێوەم.

وەک کەسێکی شەرمن وڵامم داوە:- ڕێزت هەیە.

گەنجەکە گوتی:

- هەموو ئەندامانی بنەماڵەی ئێمە، نووسراوەکانی ئێوەیان لەلا خۆشەویستە.

- هەمووتان بەڕێزن.

یەکێتر لە مسافیرەکان گوتی:

- منیش زۆر دەمێکە تامەزرۆی دیتنی ئێوە بووم. چارەنووس وابوو لە پاسێکدا بتانبینم.

هێندەی نەمابوو سەرم لە میچی پاسەکەوە دەرپەڕێت. ویستم بە پاس بچمە «کادی کێو»، بەڵام بڕیارم دا لە یەکێک لە وێستگەکان دابەزم و بە تەکسی درێژە بە ڕێگا بدەم. هەروا لە وێستگەی تەکسی چاوەڕوان بووم کەسێک هاتە لام و گوتی:

- ئەرێ بەڕێزتان نووسەرن؟

- بەڵێ.

- که وابێ به هەڵه نەچووم. به دیتنی ئێوه زۆر گەشامەوه.

ویستم بڵێم «سپاس»، بەڵام به ڕادەیەک هەڵمسابووم زارم نەکرایەوه.

سـواری تەکسـی بـووم بەرەو لەنـگەرگەی کەشـتی. درێـژەی ڕێگـا دەبـوو بـه کەشـتی بـڕۆم. لەنگەرگەکەش زۆر بچووک دەهاته بەر چاوم. بەرەو شوێنی بلێـت کـڕین چـووم. دوو سـێ کەس کـه لـه ڕیزی نۆرەدا بوون، ئاماژەیان به من کرد:

- بڕوانه حەسەن نووسەر هات!

- ڕاسته؟ خۆیەتی؟

- بەڵێ بەڵێ.

هێندەی نەمابوو بتەقم. دەستی ڕاستم لەسەر لێوم دانـا. ویسـتم سـمێڵم بـادەم، مەخـابن سـمێڵم نەبوو. لەخۆڕا ناڵێن «پیاو دەبێ سمێڵی هەبێ». سمێڵ بـۆ کـاتی ئاوایـه. هەر لەوێ بڕیـارمدا لەوە بەدوا سمێڵ بهێڵمەوه. له کاتی وادا سمێل زۆر بەکەڵکه.

کابرا بلێت فرۆشەکه، پارەی لێوەرنەدەگرتم، دەیگوت:

«شایانی ئێوەی نییـه. جەنابـت گەلێـک زیـاتر مافـت به سـەر ئەم وڵاتەوه هەیه». له نـاو ڕیزەکەشـدا هێندێک کەس منیان ناسییەوه و به زۆر بردیانم بۆ ڕیزی پێشەوه. به ڕادەیەک خۆم لێ گۆڕابوو، خەریک بوو بەر له گەیشتنی کەشتی بۆ لەنگەرگـه، خـۆ هەڵـدەمه نـاو کەشـتییەکەوه. کـاتێ سـەر کەوتمـه نـاو کەشتی، هەستم کرد لایەکی کەشتییەکه زیاتر نووقم بوو و تەختەداری بن کەشتییەکه له ژێر قورسایی جەستەمدا وەجیرەجیر کەوت. هەڵبەت ئەمانه هەر من دەمزانین. ئەوانیتر قەت تێنەگەیشتن.

جەماوەرەکـه ئاماژەیـان بـه مـن دەکـرد، وردە وردە لەم نـاو و ناوبانگـه هەسـتێکی نـاخۆش دایگـرتم. هەر چۆنێـک بـێ له سـەر کورسـییەک دانیشـتم. ئەم کورسـییانەش ئەوەنـدە چـووک و تەنگەبەرن، پیاو به زۆری تێیدا دەسرەوێ.

کەشـتییەکە سـەر ڕێ کەوت. هەمـوو مسـافیرەکان چاویـان لـه مـن بڕیبـوو. بـۆ لەم وڵاتەدا چەنـد نووسەری باش و ئاست بەرزی لێیه؟! با چاو لێکەن و کاک حەسەنی نووسەر باشتر بناسن.

دوو سـێ کەس له پشـتەوه ورتەورتیـان بـوو. تێگەیشـتم باسـی مـن دەکەن. به ئەسـپایی سـەرم وەرسووڕاند و چاوم له دواوه کرد. چوار پێنج ژن و پیاو له سەر من مشتومڕیان بوو.

یەکێ له گەنجەکان پرسی:

- کامیان حەسەن نووسەره؟

- کاکه ئەوەتا! ئەوەی له پێش ئێمه دانیشتووه.

- ئەمە؟! ئەم شڕوشۆڵە، کەی لە نووسەر دەچێ؟

- بە گیانی تۆ ئەمەیە.

- قەت شتی وا نابێ.

یەکێ لە ژنەکان بە بزەیەکی گاڵتەجاڕانەوە گوتی:

- فشەی دەکات.

لە بەر خۆمەوە گوتم:

«ئەی لەم هیچ و پووچانە! بۆ من لە نووسەر ناچم؟!»

لە نـاو ئەم کـۆمەڵەدا تەنیـا یەک کەس لایەنگـری مـن بـوو و سـوور بـوو بیسـەلمێنـێ مـن هەر ئەو نووسەرە بەناوبانگەم. ئەوانیتر دژایەتییان دەکرد و بە لاسارییەوە دەیانگوت:

«ئەو شتە قەت ڕێی تێناچێ!»

ئەو فشوبایەی بە پێهەڵگوتنەکانی پێشوو هەڵیمساندبووم، دەستی کرد بە خاوبوونەوە!

گەنجەکە بەردەوام بە سوێند و شێر و ڕێوی هێنانەوە، دەیویست قسەکەی بسەلمێنێت:

- بە گیانی هەموو لایەک بۆخۆیەتی!

دەنگێکی بۆڕ وڵامی دایەوە:

- کاکە ئەم کابرایە ناتوانێ دۆخینەکەی ببەستێ، چۆن دەتوانێ وتاری وا بەتین بنووسێ!؟

بە چەشـــنێک وەســـەر ئـــارەق گەڕابـــووم دەمویســـت بەرۆکـــم دادڕم، هەوڵـــم دەدا زیـــاتر بە کورسییەکەدا ڕۆچم تا لە بەر چاو نەبم.

بە مشەمش گوتم:

«کورسییەکانی ئەم کەشتییەیان بۆ هێندە گەورە ساز کردووە؟!»

ئەو گەنجەی منی دەناسی، بە تین و تەوژمەوە گوتی:

- من ئامادەم گرێو بکەم ئەم بەڕێزە، نووسەرە بەناوبانگەکەیە.

یەکێ لە ژنەکان بە گاڵتەوە گوتی:

- بەم کابرایە مەڵێ «بەڕێز». داشقەچییەکانی مەیدانی حەیوانان لەم کابرایە بەڕێزترن. چـاوی لـێکە چۆن پاڵی داوەتەوە. کابرا هەر نازانێ چۆن دانیشێ، ئیتر کوا دەتوانێ نووسەرێکی بەناوبانگ بێ؟!

- من دڵنیام بۆ خۆیەتی. بڕوا بکە.

- بڕوا ناکەم، داخوا کێ لە جیاتی ئەو دەنووسێت!

هۆڵی کەشتییەکە بە ڕادەیەک فرەوان بوو سەروبنم نەدەدی. ویستم هەستم بچمە شوینێکیتر، بەڵام ترسام بەزمەکە قووڵتر بێتەوە. هەر نازانم ئەم بەڵایە چ بوو بەربینگی پێگرتم و بۆ لە ماڵ هاتمە دەرەوە!

وردە وردە فشوبایەکەم دەنیشتەوە، چی نەمابوو بزر بم. دڵەکوتەم بوو کەشتییەکە زووتر بگاتە شوێنی مەبەست و دابەزم و لەم هەموو چەرمەسەرییە دەرباز بم.

دەنگی گاڵتەوگەپی گەنجەکان وەک تیرێک دەهات و دڵی دەپێکام و تانەوتەشەریان گوێی کەڕوکاس کردبووم.

- ئەم کابرایە بۆ ئەوە نابێ ئاویش لە جەوهەردانی کاک حەسەن نووسەر بکات.

- بڕوا بکەن و نەکەن ئەمە خۆیەتی.

یەکێکیتر لە ژنەکان گوتی:

- ئەم کابرایە دەبێ لەگەڵ لۆتی و چاوەشان بگەڕێت.

جگەرەیەک کە بۆ ڕەواندنی خەم و پەژارە دامگیرساندبوو، لە دەستم کەوتە خوارەوە. ویستم دانەیەکیتر هەڵکەم، دەست و پەلم بە جۆرێک لەرزین شەمچەکەش لە دەستم بەربووەوە.

«ئەی هاوار، باشە ئەم ڕێگایە بۆ تەواوی نەهات؟ کەشتییەکە کەی دەگاتە لەنگەرگە؟!»

گەنجەکەی لایەنگرم لە هاوڕێیەکانی پرسی:

- ئێوە تا ئێستا حەسەن نووسەرتان بینیوە؟

- نا، نەمانبینیوە.

- دەی کە نەتانبینیوە، چۆن دەڵێن ئەمە هەو نییە؟

کابرا دەنگ بۆڕەکە گوتی:

- دەی مێشک بۆ چ دەبێ؟ بڕوانە گەدوگیپاڵی ئەم کابرایە! پیاو پێکەنینی پێدێت. بەم حاڵەش هێشتا تۆ سووری لەسەر ئەمە کە ئێمە بیسەلمێنین ئەم کابرایە حەسەن نووسەرە؟!

- دەی کەوایە بۆ گرێو نەکەین؟!

- لە سەر چی گرێو بکەین؟!

- هەر چی تۆ پێت خۆشە.

- لە سەر پێنج لیرە.

- پێنج لیرە هەر هیچ نییە، دە لیرە چۆنە؟

- با سەد لیرە بێ، باشە؟

- زۆر باشە.

- دەی ئێستا چۆن بزانین هەوە یا نا؟

گەنجەکە گوتی:

- جا ئەوە چییە، دەچین لە خۆی دەپرسین.

- ئەگەر بۆ خۆشی بڵێت من حەسەن نووسەرم هەر بڕوا ناکەم. ڕەنگە بە قەستی بیهەوێ بڵێ هەوم!

- داوای لێدەکەین نووسراوەیەکی خۆی بخوێنێتەوە.

- دەی باش، با بچین.

«ئەی هاوار، ئێستا من قوڕی کوێ بەسەری خۆم کەم؟ ئەگەر بێن و بپرسن تۆ حەسەن نووسەری یا نا، چ وڵام دەمەوە؟ ئەگەر بڵێم هەوم دەبێ ئەم هەموو تانەوتەشەرەش وەئەستۆ گرم، ئەگەریش بڵێم بە هەڵە چوون، تەنیا کەسی لایەنگرم، دەدۆڕێت و زیانی پێدەگات». لە بۆسەیەکی سەیر کەوتبووم. نەمدەزانی چ بکەم. بریا هەر نووسەر نەبام و تووشی ئەم هەموو گێرەوکێشە نەهاتبام.

گەنجەکان هەستان و بەرەوڕووم هاتن.

گوێم لە دەنگی پێیان بوو. لەناکاو هەستام و بەرەو دەرگای چوونەدەری هۆڵەکە ڕامکرد. کەشتییەکە نزیکی بەندەرە ببووەوە و خەریکی لەنگەر گرتن بوو.

بە بێ گوێدان بە ئاپۆڕای خەڵک و هەرای گەنجەکان کە بەدوامەوە بوون و بانگیان دەکردم، هەوڵم دەدا ڕێگایەک بکەمەوە زوو خۆم بگەیەنمە کەنار ئاوەکە.

نێوان کەشتی و وێستگەکە مەودایەکی چوار میتری هەبوو. بازم دا و لە کەشتییەکەوە خۆم خستە سەر لەنگەرگە بەڵام بۆ چارەڕەشی من ڕاست لە بەردەم فەرمانبەری شارەوانی کەوتمە خوار. فەرمانبەرەکە یەخەی گرتم و منی بردە ژووری شارەوانی.

شارەوان گوتی:

- تۆ لە سەر کەشتییەوە بازت داوەتە سەر وێستگەکە و دەبێ بیست لیرە وەک غەرامە بدەی.

خێرا دوو دانە دە لیرەم دانا. بەشکم زوو لە وێ دەرچم. بەڵام فەرمانبەری شارەوانی پێشی پێگرتم و گوتی:

- بە یارمەتیت چەند خولەکێک بێستە تا پسوولەی پارەکەت بدەمێ. ناوت چییە؟

لە سەروچاوی فەرمانبەرم ڕوانی بزانم ئەم گەمژەیە کێیە من ناناسێت.

کابرا پرسیارەکەی دووپات کردەوە:

- ناوت چییە؟

- ناوی من؟

- بەڵێ، ناوی تۆ.

- ناوم عەلییە.

- نازناوت چییە؟

- نازناوم خۆشبڕوایە.

پسوولەم وەرگرت و ملم لە ڕێگا نا. لە پشتەوە گوێم لە دەنگی فەرمانبەری شارەوانی بوو دەیگوت:

- ئەم پیاوە زۆر لە حەسەن نووسەر دەچێ؟

- نا کاکە ئەمە لە کوێ و حەسەن نووسەر لە کوێ؟! کەس نازانێ ئەم خوێڕییە لە کام شێتخانە ڕایکردووە.

لەم کاتەدا بەجۆرێک خۆم بچووک هاتە بەرچاو، هەر دەتگوت قەت نەبووم! تەوژمی هەوا لە سەرەوە و هێزی کێشەری زەوی لە خوارەوە جیقیان دەرهێنابووم.